منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردى - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

دەربارەی

دەروونزانی گشتی

د.ئازاد عەلی

2007

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي

ناوی کتێب : دەروونزانی گشتی
ناوی دانەر : د. ئازاد علی
سەرپەرشتی چاپ : نەهرۆ محمود
تــــــیراژ :   ١٠٠٠ دانە
نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم
ژمارەی سپاردن (١٤٩)

ناوەرۆك

بابەت	لاپەڕە
پێشەکی	٥
دەروونزانی چییە؟	٧
کورتە مێژوویەکی دەروونزانی	١١
قوتابخانەکانی دەروونزانی	١٧
قوتابخانەی بیناکاری	١٨
قوتابخانەی وەزیفی	٢٠
قوتابخانەی پەیوەستکاری	٢١
قوتابخانەی ڕەفتارکاری	٢٣
قوتابخانەی گیشتالت	٢٤
قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی	٢٥
لقەکانی دەروونزانی	٢٩
لقە تیۆریەکان	٢٩
لقە پراکتیکی یەکان	٣٢
شێوازەکانی لێکۆڵینەوە لە دەروونزانی	٣٩
تێبینی کردن	٤٠
تێڕامان	٤٢
تاقی کردنەوە وپێوەرەکان	٤٣
بەدواچوون	٤٥
لێکۆلینەوەکانی تاکە حالەت	٤٦
لێکۆڵینەوە پەیوەستیەکان	٤٧
ئەزموونگەری	٤٩
هەست کردن	٥٢
هەستی بینین	٥٦
هەستی بۆن کردن	٥٧

هەستی تام کردن	٥٨
هەستی بەرکەوتن وهەست کردن بە پاڵەپەستۆ	٥٨
هەست کردن بە ئازار	٥٨
هەست کردن بە گەرمی وساردی	٥٩
هەست کردن بە جووڵە	٦٠
هەست کردن بە هاوسەنگی	٦٠
هەستی بیستن	٦١
ئاگاداری	٦٣
پێناسەی ئاگاداری	٦٣
چەشنەکانی ئاگاداری	٦٣
هۆیەکانی ئاگاداری	٦٥
زانین	٦٧
بنەماکانی زانین	٦٧
ئەو هۆکارانەی کار لە زانین دەکەن	٧٢
بەبیرهاتنەوە ولەبیرچوون	٧٥
بیردۆزەکانی بەبیرهاتنەوە	٧٥
بیردۆزە فسیۆلۆجیەکان	٧٥
بیردۆزە مەعریفیەکان	٧٧
ئەو فاکتەرانەی کار لە بەبیرهاتنەوە دەکەن	٨١
بیردۆزەکانی لەبیرچوون	٨٣
ئەمنێسیا ونیمۆنیسیا	٨٤
پاڵدەر وهەڵچوون	٨٧
پاڵدەر	٨٧
پاڵدەر فسیۆلۆجیەکان	٩١
پاڵدەرە دەروونیە- کۆمەڵایەتیەکان	٩٤
هەڵچوون	٩٦

جۆرەكانی هەڵچوون ٩٧
بیردۆزەكانی هەڵچوون ٩٨
فێربوون ١٠١
هۆكارەكانی فێربوون ١٠٣
بیردۆزەكانی فێربوون ١٠٥
بیردۆزەكانی پەیوەستی ١٠٧
بیردۆزە وەزیفیەكان ١١٠
بیردۆزە مەعریفیەكان ١١٣
زیرەكی ١١٧
پێناسەی زیرەكی ١١٨
سیفەتەكان مرۆڤی زیرەك ١١٩
بیردۆزەكانی زیرەكی ١٢٠
بیردۆزی دوو هۆكار ١٢٠
بیردۆزی هۆكارە هەمەجۆرەكان ١٢٢
بیردۆزی هۆكارە سەرەتاییەكان ١٢٣
بیردۆزی فرە زیرەكی ١٢٥
بیردۆزی سێ لایەنی ١٢٥
زیرەكی لە نێوان ژینگە وبۆماوە ١٢٦
پێوەرەكانی زیرەكی ١٢٨
پەیوەندی زیرەكی بە چەند فاكتەرێك ١٣١
سەرچاوەكان ١٣٥

پێشەکی

هەندێك لە زانایان دەروونزانی بە زانستی سەدەی بیستەم دادەنێن. هەر چەندە ئەو رایە کەمێك زێدەرەوی تێدایە، بەڵام ئاماژە بۆ گرنگی دەروونزانی دەکات لە ژیانی مرۆڤی هاوچەرخ ولە رۆشنبیری گشتی وئەو بوارانەی کە مرۆڤ، کاریان تێدا دەکات. بەڵام سەرەڕای ئەو گرنگییەی دەروونزانی، کتێبخانەی کوردیمان هێشتا هەر هەژارە لەو بوارە وبێجگە لە پێنج شەش کتێبێك هیچی دیکەمان نییە تەنها ئەو وتارانە نەبێت کە ناوە ناوە لە رۆژنامەکانمان بلاودەکرێنەوە وهەرچەندە هەندێکیان جێگای بڕوا پێ کردن و پشت بەستن نین، بەڵام بە هەر حاڵ لە نەبوون باشترن[1].

لەو پێنج شەش کتێبەی کە لە بواری دەروونزانی هەمانە تەنها کتێبێکیان باسی هەندێك لە بابەتەکانی دەروونزانی گشتی دەکات، ئەوانی تر لە بابەتی تایبەتی دەکۆڵنەوە وەك کەسایەتی و نەخۆشییە دەروونییەکان. خۆ ئەگەر ئەو کتێبانەش دەربارەی دەروونزانی گشتی بان ئەوا سوودێکی زیاتریان دەبوو چونکە لە بڵاوکردنەوەی هەر زانستێك دەبێت لە بابەتە گشتی یە کان دەست پێ بکرێت و پاشان بابەتە تایبەتی یەکان. ئەو تەنها کتێبە کە باس لە دەروونزانی گشتی دەکات ناونیشانی "دەروونزانی" یە وەبیوا عمر أمین لە زمانی ئینگلیزیەوە بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە. هەرچەندە ئەو کتێبە چەند بابەتێکی گرنگی دەروونزانی گشتی تێدا نییە وەك بابەتی مێژووی دەروونزانی ولقەکانی وقوتابخانەکانی ورێگاکانی لێکۆڵینەوەی وپاڵدەرکان و تاوگێری، وە ئەو بابەتانەی کە لە کتێبەکەدا هەن بە شێوەیەکی کورت وچڕ باس کراون، بەڵام لەگەڵ ئەوشدا کەلێنێکی لە

[1] شایەنی باسە کە دەستنووسی ئەو کتێبە لە ساڵی ۱۹۹۰ نووسراوە و لەو کاتەدا کتێبی دەروونزانی گشتی بە زمانی کوردی بە دەگمەن بەدەست دەکەوتن بەلام ئێستا تارادەیێك ژمارەیان زۆر بووە بۆ نمونە کتێبی مامۆستای بەڕێز د. کەریم شەریف قەرەچەتانی و مامۆستای بەڕێز د. عبد الستار تاهیر شەریف.

کتێبخانەی کوردی دا پڕ کردۆتەوە ومنیش وەك سەرچاوەیەك سوودم لێ وەرگرتووە لە دانانی ئەو کتێبەی بەردەستت.

ئەو کتێبە لە چەند بابەتێکی سەرەتایی دەروونزانی گشتی پێك دێت وبە پێناسینی دەروونزانی ومێژووی ولقەکانی و قوتابخانەکانی دەست پێ دەکات وپاشان باس لە بابەتی ڕێگاکانی لێکۆلینەوە دەکات. لە پاشان بابەتی هەست کردن وئاگاداری و زانین یەك لە دوای یەك دێن ولە دوای ئەو بابەتی پالدەرەکان دێت، ئینجا بابەتی فێربوون وبە بابەتی زیرەك کتێبەکە کۆتایی دێت. ئەو بابەتانەی کە لەو بوارەدا ماون، بە یارمەتی خودا، لە دەرفەتێکی تردا بلاودەکرێنەوە. لە کۆتایی هەر بابەتێك کۆمەڵە پرسیارێکم دارشتووە بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی تاقی بکاتەوە وبزانێت تا چ رادەیەك لە بابەتەکە تێگەیشتووە.

لە کۆتاییدا هیوادارم خوێنەر کاتێکی بەسوود لەگەڵ خوێندنەوەی ئەو کتێبەدا بباتە سەر. ئینجا ئەگەر ئەو کتێبە هیچ سوود وکەلکێکی هەبێت ئەوا بۆ ئەو نووسەرانە دەگەڕێتەوە کە پشتم بە کتێبەکانیان بەستووە لە دانانی ئەو کتێبە. بە پێچەوانەش، ئەگەر هەر کەم و کورتیەکیشی تێدا هەبێت، کە بێ گومان زۆرن، ئەوا بە هۆی منن و داوای لێبوردن لە خوێنەر دەکەم.

تێبینی

هەروەك ئامارەم پێ کرد، ئەو کتێبە لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابوردوو بە دەست نووسراوە. وەك رێبازی زانستی لە نووسین، ئامارە بۆ سەرچاوەکان کراوە کە پشتم پێ بەستوون بەڵام هەندێك جار زانیاری دەربارەی سەرەچاوەکان تەواو نین ولە کاتی چاپ کردنی ئەو کتێبە، پاش تێپەڕبوونی ١٥ ساڵ لەسەر نووسینی، ئەو سەرچاوانە لە بەر دەست نەبوون بۆ ئەوەی زانیاریە ناتەواوەکان تەواو بکرێن. بۆیە داوی لێبوردن لە خوێنەری بەڕێز دەکەم ئەگەر نەیتوانی زانیاری تەواوی هەندێك لە سەرچاوەکانی بەدەست کەوێت کە لەو کتێبە ناویان هاتووە.

نووسەر

دەروونزانی چی یە؟

مرۆڤ تونێلێکی تاریکە، مەتەڵە، هەر وەك چارلز دیکنز لە رۆمانی "چیرۆکی دوو شارەکە"دەڵێت. وە ئەگەر ئەلیکس کارلیل لە کتێبی "مرۆڤ ئەو بوونەوەرە نادیارەیە" زیاتر مەبەستی لایەنی جەستە ولەشی مرۆڤ بێت، ئەوا لایەنی دەروون وعەقلی مرۆڤ نادیارتر وشاراوەتر وقووڵترە چونکە جەستە ماوەی لێکۆڵینەوەی زانستی راستەوخۆ دەدات، بەڵام دەروون وعەقل ئەو ماوەیەیان زۆر تەسکە چونکە ئەو هۆ وئامێرە زانستیە وردانەی کە لە لێکۆلینەوەی لەش وپێکهێنەرەکانی وفرمانەکانی بەکار دەهێنرێن، وەك میکرۆسکوب بەهەموو جۆرەکانی وتیشکی لێزەر وهۆیەکانی تر، لە لێکۆڵینەوەی دەروون زۆر کەم بەکار دەهێنرێن. هەرچەندە دەروونزانەکان هەوڵیان داوە وهەوڵ دەدەن کە هەرچەند پێیان بکرێت زیاتر ئامێرە زانستیە ووردەکان بەکار بهێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوشدا مرۆڤ وەك رازێك یان بیرێك ماوەتەوە کە زۆربەی بەشەکانی ناوەوەی تاریك ونەزانراون.

لەو پێشەکییە کورتەدا، بێگومان خوێنەری هێژا بابەتی دەروونزانی بەدی دەکات وزەحمەتی وئالۆزیشی تێبینی دەکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێناسە کردنی دەروونزانی کارێکی ئاوەها ئاسان نییە وجیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان دەروونزانەکان لەو بوارەدا. هۆیەکانی ئەو جیاوازیەش ئەمانەن:

١. دەروونزانەکان لە زەمینەی بیرو رۆشنبیری جیاواز دەست پێ دەکەن.
٢. جیاوازی هۆو رێگاکانی لێکۆلینەوە کە بەکاریان دێنن.
٣. جیاوازی بواری لێکۆڵینەوەیان.

ئەگەر گوتمان دەروونزانی (واتە سایکۆلۆجی Psychology[١]) زانستێکە دەروونی مرۆڤ دیراسەت دەکات ولێی دەکۆلێتەوە، ئەوە لەوانەیە رەخنە لەو پێناسەیە بگیرێت و بگوترێت: نەخێر دەروونزانی دیراسەتی دەروون ناکات وپێشی ناکرێت، چونکە دەروون چەمکێکی میتافیزیقی گریمانییە، بەڵکو دیراسەتی شوێنەواری

[١] ئەو زاراوەیە لە دوو برگە پێك هاتووە: Psycho کە مانای دەروون ونەفس دەدات و logy مانای زانیاری وزانست دەبەخشێت.

دەروون، واتە رەفتار (سلوك)، دەكات. ئەوە لەلایەك، لە لایەكی ترەوە دەروونزانی لە لقێك لە لقەكانی دیراسەتی رەفتاری ئاژەڵیش دەكات. كەواتە ئەو پێناسەی سەرەوە تەواو نییە وگشت لایەنەكانی ئەو زانستە ناگرێتە خۆی. ئەو رەخنەیە كە دەروونزانانی قوتابخانەی رەفتاریەتی (السلوكیە) دەیگرن، بۆ ئەو سێ خاڵە دەگەڕێتەوە كە تازە باسمان كردن.

لە ڕاستی دا پێناسەكانی دەروونزانی زۆرن، بەڵام بە بۆچوونی من نزیكترینیان لە سروشتی زانستەكە ئەو پێناسەیەیە كە دەڵێت:

"دەروونزانی ئەو زانستەیە لە پێكهێنەرەكانی دەروونی مرۆڤ وگەشەكردنی وشوێنەوارەكانی (واتە رەفتار) وكار تێكردنەكانیان وساغی وناساغیان دەكۆڵێتەوە بە شێوازێكی زانستییانە".

بۆ ئەوەی ناوەرۆكی ئەو پێناسەیە روونتر بێت دەڵێین دەروون مەڵبەندی هۆش وهەست وژیری ویادگارییە وكانگای پێویستی وپاڵدەر وبیرۆكەكانە. ئەوانە پێكهێنەرەكانی دەروونن وبێ گومان ئەو پێكهێنەرانە گەشە دەكەن ولە شێوەیەكی سادەوە دەگۆڕێن بۆ شێوەیەكی ئاڵۆز. ئەو دیاردەیەش بوارێكی فرەوانی لە دەروونزانی داگیر كردووە كە دیراسەتی گەشە كردنی ئەو پێكهێنەرانە دەكات لە پێش لەدایك بوونی مرۆڤ هەتا مردنی. ئەو پێكهێنەرانە كار لەیەكتر دەكەن وبەو شێوەیە زەمینەیەكی بەپێز پەیدا دەكەن بۆ لێكۆلینەوەی بابەتی كەسایەتی وپاڵدەرەكان. ئەو دوو بابەتەش پەیوەندییەكی هۆبەكییان بە لایەنی ساغی وناساغی دەروون هەیە كە چەند لقێكی تایبەتمەند ئەركی لێكۆلینەوەی حستۆتە سەر شانی وەك لقی (دەروونزانی كلینیكی) كە بایەخ بەپشێوی دەروون ورەفتار دەدات بەتایبەتی لایەنی هۆیەكانیان ورێگای چارەسەركردنیان. ئەوەی ڕاستی بێت خەڵكێكی زۆر كە گوێیان لە ووشەی دەروونزانی دەبێت یەكسەر بیریان بۆ ئەو بوارە دەچێت هەرچەندە ئەو بوارە، لە وڵاتی ئێمە تەسكترین بواری دەروونزانی یە، بەڵام لە وڵاتە پێشكەوتووەكان دەورێكی گرنگ دەبینێت لە چارەسەركردنی هەندێك لەو ناهەموارییە دەروونییانەی كە مرۆڤ لە كۆمەڵگاكانیان تووشیان دەبێت.

دەروونزانی، وەك زانستە سروشتییەکان، ڕێبازی زانستی پەیرەو دەکات لە لێکۆلینەوەی بابەتەکانی. وە هەر ڕێبازێك بابەت و بواری تایبەتی خۆی هەیە کە زیاتر لە بابەت وبوارەکانی تر بۆی دەشێت. هەروەك زۆربەی زانستەکان گریمانە وبیردۆز ورای جیاوازیان تێدا هەیە، دەروونزانی لەو دیاردەیە بەدەر نییە. جیاوازی لە بیردۆز وڕاو بۆچوون لە هەموو بوارەکانی دەروونزانی تێبینی دەکرێت. ئەو بیردۆز وبۆچوونانە هەندێکیان ڕاستن و هەندێکی تریان چەوتن وهەروەها تیایاندا هەیە کە نیوەی ڕاستە ونیوەی چەوت. هیوادارم، لە دوای ئەو ڕوون کردنەوەیە، وەلامی پرسیاری: دەروونزانی چییە؟ کەمێك ڕۆشنای کەوتە سەر و چەند لایەنێکی ڕوون بۆوە.

خۆت تاقی بکەوە!

١. پێناسە کردنی دەروونزانی کارێکی ئاوەها ئاسان نییە وجیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان دەروونزانەکان لەو بوارەدا. هۆیەکانی ئەو جیاوازیە چین؟

٢. زاراوەی سایکۆلۆجی لە چییەوە هاتووە؟

٣. دەروونزانی زانستێکە دیراسەتی دەروونی مرۆڤ دەکات. چ رەخنەیەك ئاراستەی ئەم پێناسەیە دەکرێت؟

٤. بە بۆچوونی نووسەر، شیاوترین پێناسە بۆ دەروونزانی چییە؟ وبۆچی؟

کورتە مێژوویەکی
دەروونزانی

فەلسەفە بە دایکی گشت زانستەکان حسێب کراوە وبەشێوەیەکی گشتی کە باس لە مێژووی دەروونزانی دەکرێت یەکەم قۆناغی بە فەیلەسوفە یۆنانیە کۆنەکان دەست پێ دەکرێت. لەو کتێبە ئێمەش ئەو رێبازە پەیرەو دەکەین و بە فەلسەفەی یۆنانی دەست پێ دەکەین.

فەیلەسوفە کۆنەکانی یۆنان، پێش سوکرات، بایەخێکی ئەوتۆیان بە دەروونزانی نەداوە کە شایەنی باس بێت[1]. بەڵکو زۆربەی لێکۆڵینەوەیان دەربارەی سروشت وتەفسیر کردنی دیاردەکانی بوو. بە هاتنی سوکرات وئەفلاتون وئەرستۆ، بایەخ دان بە دەروونی مرۆڤ پەرەی سەند وفەلسەفەش مرۆڤی کردە بابەتی دیراسە ولێکۆلینەوە بۆیە وا گوتراوە کە سوکرات فەلسەفەی لە ئاسمان دابەزاند بۆ سەر زەوی.

ئەرستۆ یەکەم فەیلەسوفی یۆنانی بوو کە هەولێکی فیکری رێك وپێکی دا بۆ دیراسەت کردنی هەستیارەکان ودابەشکردنیان بۆ: هەستیارە دیارەکان، وەك بینین و تام کردن و بیستن وهتد، وهەستیارە نادیارەکان وەك عەقلی گشتی (بە زمانی ئینگلیزی پێی دەلێن: Common sense) ویادکردنەوە ودالفە لێدان. ئەرستۆ کتێبێکی تایبەتی نووسی لە ژێر ناونیشانی "دەروون" (یان بە زمانی یۆنانی: De anima) کە تیایدا دەروونی بۆ سێ جۆر دابەش کرد:

١. دەروونی گەشەکردوو، کە گشتی یە واتە لای هەموو زیندەوەرەکان هەیە وەك رووەك وئاژەل ومرۆڤ.
٢. دەروونی هەست کردوو، کە تەنها لای ئاژەلّ ومرۆڤ هەیە.
٣. دەروونی قسە کردوو، یان ژیر، کە تایبەتە بە مرۆڤ.

---

[1] ئەوە مانای ئەوە نی یە کە هیچ را وبۆچوونێکیان نەبووە دەربارەی دەروون وعەقل بەڵکو مانای وایە کە دەروون وعەقلیان بە کێشەیەکی سەرەکی دانەناوە. بۆ زانینی بیروڕایان دەربارەی دەروون وعەقل بروانە کتێبی: "النفس الانسانيه".

لەبەر ئەوجۆرە دابەشکردنەی سەرەوەیە کە پێناسە کردنی مرۆڤ وەك ئاژەڵێکی قسەکەر دەخرێتە پاڵ ئەرستۆ. وە ئەوەی شایەنی باسە، زاراوەی گیان ودەروون وعەقل لای ئەرستۆ یەك شتن ودەروون بریتی لە زیندەفرمانەکانی (الوظائف الحیویة) زیندەوەر.

پاش ئەرستۆ چەند قوتابخانەیەکی فەلسەفی سەریان هەڵدا بۆنمونە قوتابخانەی بەرهەیوانەکان (الرواقیون) کە زینۆن دامەزرێنەری بوو. بۆچوونی ئەو قوتابخانەیە وابوو کە توانای بیرکردنەوە زگماکی ورەمەکییە وئەو زانیاریانەی کە هەمانە هەموویان بە هۆی ئەندامەکانی هەست پێمان دەگەن.

پاش لە دایك بوونی عیسا (سەلامی خوای لە سەر بێ) چەند فەیلەسوفێك هەوڵیان دا کە فەلسەفە، بەتایبەتی فەلسەفی ئەرستۆ، بە ئاینی مەسیحی تێکەڵ بکەن. بەناوبانگترین فەیلەسوف لەو بوارە (ئۆگستین) و(تۆماس) و(پۆلس) بوون بەڵام ئەوەی راستی بێت هیچ شتێکی تازەیان نەهێنا لە بواری دەروونزانی بێجگە لە رەنگدانەوەی بیر وبۆچوونەکانی ئەرستۆ نەبێت.

لە دوای هاتنی ئاینی ئیسلام، فەیلەسوفە موسڵمانەکان بایەخێکی باشیان بە دەروونزانی دا وبە تایبەتی پاش وەرگێرانی کتێبەکانی ئەفلاتون وئەرستۆ بۆ زمانی عەرەبی. ئەوەش کارێکی زۆری لێکردن بەڵام وەنەبێ بیرو بۆچوونیان تەنها رەنگدانەوەی فەلسەفەی ئەفلاتون وئەرستۆ بووبێت هەر وەك لای زۆربەی فەیلەسوفە رۆمانیەکان. هەندێك لە فەیلەسوفە موسلمانەکان، بۆ نمونە ابن رشد، هەولێکی فیکری باشیان دا بۆ لەیەك نزیك کردنەوەی فەلسەفەی ئەرستۆ لە ئاینی ئیسلام، بەڵام هەندێکی تر لە فەیلەسوفەکان تەنها لە روانگەیەکی ئاینی یەوە لە دەروونی مرۆڤیان کۆلیەوە کە (الغزالی) بەناوبانگترینیانە وهەندێك لە نووسەرەکان بە دامەزرێنەری دەروونزانی ئیسلامی دایدەنێن[٢]. وە لە بەر ئەوەی فەیلەسوفە موسلمانەکان بەرهەمێکی فیکری زۆریان لە بواری دەروونزانی پێش کەش کردووە، ناتوانین بە درێژی باسیان لێوە بکەین بەڵام بە کورتی دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە

---

[٢] الدراسات النفسية عند المسلمين والغزالي بوجه خاص، عبد الكريم العثمان، مكتبة وهبة، ط١، ١٩٦٣.

بکه‌ین که ئه‌و فه‌یله‌سوفانه سه‌باره‌ت به پێناسه‌ی ده‌روون له‌گه‌ل ئه‌رستۆ هاوده‌نگن به‌لاّم ده‌رباره‌ی سروشتی ده‌روون وپه‌یوه‌ندی به له‌ش ومه‌سه‌له‌ی نه‌مری، جیاوازیان له‌گه‌لّ ئه‌رستۆدا هه‌یه[3].

له سه‌رده‌می رینه‌سانس زانسته‌کان به‌گشتی به‌ره‌و پێش هانگاویان نا وده‌روونزانیش له‌سه‌ر ده‌ستی فه‌یله‌سوفی فه‌ره‌نسی (رینێ دیکارت) سه‌ر له‌نوێ بووژاوه پاش کزبوونی. به‌لاّم ئه‌وه‌ی شایه‌نی باس بێت ده‌روونزانی تا ئه‌و کاتیش مێشتا له فه‌لسه‌فه جوودا نه‌بوویۆوه. چونکه دیکارت کاریگه‌ریه‌کی زۆری هه‌بوو له‌سه‌ر فه‌لسه‌فه وده‌روونزانی وزانستی پزیشکی، له خواره‌وه به کورتی باسی چه‌ند خالێکی سه‌ره‌کی ده‌که‌ین له فیکری ئه‌و فه‌یله‌سوفه به تایبه‌تی ئه‌وانه‌ی په‌یوه‌ندیان به ده‌روونزانیه‌وه هه‌یه.

دیکارت زینده‌وه‌ری به ئامێرێکی ئالۆز داناوه که ده‌نگ ورووناکی وکارلێکه‌ره ده‌ره‌کییه‌کان کاری لێ ده‌که‌ن، وجیاوازی مرۆڤ له ئاژه‌لّ له‌وه‌دایه که ره‌فتاری ئاژه‌لّ له‌سه‌ر بناغه‌یه‌کی میکانیکی دامه‌زراوه، واته وه‌ك ئامێرێك ره‌فتار ده‌کات، به‌لام ره‌فتاری مرۆڤ سه‌رچاوه‌که‌ی عه‌قله و فرمانی عه‌قلیش، له لای مرۆڤ، هه‌ست کردنه (واته شعور[4]). وه‌هه‌روه‌ها پێی وابوو که عه‌قل و جه‌سته هه‌ر یه‌که کیانێکی سه‌ربه‌خۆن وله تاژه‌گلاند (الغدة الصنوبرية)، که ده‌که‌وێته مێشکی مرۆڤ، یه‌کتر ده‌گرن. ره‌فتار (سلوك) یش، به بۆچوونی دیکارت، بریتییه له کاردانه‌وه (الارتکاس) که له ئه‌نجامی جولانه‌وه‌ی شله‌یه‌که که به ئه‌ندامی هه‌ستدا تێده‌په‌رێت له رێگای ده‌ماره‌کان که پرِن له (گیانه زینده‌وه‌ره‌کان) تا ده‌گاته مێشك وپاشانیش له مێشکه‌وه ده‌چێت بۆ ئه‌ندامه‌کانی تری له‌ش.

---

[3] بروانه کتێبی: في النفس والعقل لفلاسفة الإغريق والإسلام، د. محمود قاسم، مكتبة الأنجلو المصرية، ط٢، ١٩٥٤.

[4] مامۆستا مسعود محمد له کتێبی "زاراوه‌سازی پێوانه" پێشنیار ده‌کات که وشه‌ی (نه‌ست) به‌کاربهێنرێت به‌رامبه‌ر ووشه‌ی (شعور) له زمانی عه‌ره‌بی و وشه‌ی (هه‌ست) یش به‌رامبه‌ر وشه‌ی (احساس).

گرنگی دیکارت لە مێژووی دەروونزانی لەوە دایە کە لە چەند باس وبابەتێکی نوێی دەروونزانی کۆڵیەوە وەك بابەتی هەست. ئەوەش وای لە دەروونزانەکان کرد کە دیراسەی هەست بکەن لە جیاتی دیراسە کردنی عەقل و لەبەر جەخت کردنی دیکارت لەسەر مێشك، بە دامەزرێنەری دەروونزانی فسیۆلۆژی دەژمێردرێت.

وەنەبێ ئەو بیر وبۆچوونەی دیکارت هەڵنسەنگێرابێت ورەخنەی لێ نەگیرا بێت لە لایەن فەیلەسوفەکانی ئەو سەردەم، بۆ نمونە فەیلەسوفی ئینگلیزی جۆن لۆك بڕوای وابوو کە کاتێك مرۆڤ لە دایك دەبێت عەقلی بریتییە لە لاپەڕەیەکی سپی، (Tabula Rasa)، وگشت زانیاریەکان بەرهەمی شارەزایی (الخبرة) یە وبیرکردنەوەی مرۆڤن. ئەو شارەزاییەش بریتییە لە پەککگرتنی هەستەکان، لە ڕێگای ئەندامی هەست: چاو، گوێچکە وهتد.. ولە هەمان کاتدا بیریش بریتییە لە بەرهەمی تجرید کردنی ئەو شارەزاییانەیە. چەند فەیلەسوفێکی تریش هەن کە هاوڕای (لوك)ن وبەناوبانگترینیان (تۆماس هۆبز) و(دێڤید هیوّم) و(جۆرج بارکلی)ن. ئەوەی ڕاستی بێت ئەو فەیلەسوفانە بە کۆمەڵەی بەستن (الربط) دەژمێردرێن کە بە کۆنترین قوتابخانە لە دەروونزانی دادەنرێت و زۆربەی بیر وبۆچوونیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەرستۆی فەیلەسوف.

لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم زانستە سروشتییەکان چەند هەنگاوێکی گەورەیان بەرەو پێشەوە هاوێشت بە تایبەتی فسیۆلۆژیا کە پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ دەروونزانیدا هەیە. ئەو تۆژینەوانەی کە پەیوەندیان بە سروشتی مێشك وکارکردنی هەبوو پەردەیان لەسەر زۆر لە زانیاریەکان لادا، بۆ نمونە (چارلز بێل) دەمارەکانی دابەش کرد بۆ دوو جۆر: هەستی وبزوێنەر. چەندەها زانای تریش لەو بوارە خزمەتیان کردووە وەك (پییێر فلۆرەنس) و(مارشاڵ هۆل) و(ڤیبەر) و(هێلمۆهێلتن). لێکۆڵینەوانەی ئەو زانایانە پەیوەندییەکی بەهێزی نێوان دەروون وجەستە بەدیار خست. بەڵام ئەوەی کە دەروونزانی پێش خست و وای کرد کە جێگای خۆی لە نێوان زانستەکان بکاتەوە ئەو تاقیکردنەوە وئەزموونە دەروونییانە بوون کە دەروونزانەکان ئەنجامیاندا. شایەنی باسە یەکەم تاقیگەی دەروونزانی لە شاری لایبزگی ئەڵمانی دامەزرا لە ساڵی ١٨٧٩ لە لایەن ولیەم ڤۆنت

کە چەندەها تاقیکردنەوەی کرد بۆ دۆزینەوەی کاری دەنگ ورووناکی وهەست کردن بە ئازار، لە ڕێگای بەکار هێنانی شێوازی تێڕامان. مەبەستی ڤۆنت وهاوڕێکانی بریتی بوو لە شیکردنەوەی شارەزایی هەستی (الخبرة الحسية) بۆ توخمە سەرەکییەکانی وەك هەست وزانین وهەڵچوون (انفعال) وشتی تر. لەو کاتەوە دەروونزانی سەربەخۆیی بەدەست هێنا ولە فەلسەفە جودا بۆوە بەتایبەتی پاش بەکار هێنانی ئامار (الاحصاء) لە بابەتە دەروونییەکان وەك بابەتی زیرەکی. ئەو زانایانەی لەو بوارە ناوبانگیان دەرکرد بریتی بوون لە (فرانسیس گالتۆن) و(کارل پیێرسون) کە بناغەی ئاماری دەروونزانیان دامەزراند لە بواری زیرەکی و چەندەها بواری تریش. وهەر لەبواری زیرەکی چەند دەروونزانێکی فەرەنسی بایەخێکی زۆریان دا بەو کەسانەی کە ئاستی ژیریان نزمە بۆ نمونە (ئەسکرۆل) و(سێگوین) و(ئیتارد). ولە ئەنجامدا دوو دەروونزانی فەرەنسی کە بریتی بوون لە (بینێ) و(سیمۆن) هەڵستان بە دانانی یەکەم پێوەری زیرەکی. لە ولاَتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکاش ، (کاتل) چەند تاقی کردنەوەیەکی بۆ پێوانی زیرەکی داهێنا.

دیارە کە باسی ولاَتانی ئەڵمانیا وفەرەنسا وولاَتە یەککگرتووەکان دەکەین لەو کورتە مێژووییەدا، مەبەستمان ئەوە نییە کە بزووتنەوەی دەروونزانی لە ولاَتەکانی تری وەك یەکێتی شورەوی (کۆن) هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە نەبینێت. ئەوەی ڕاستی بێت لە یەکێتی شورەوی چەندەها زانا سەریان هەڵدا و خزمەتێکی گەورەی دەروونزانیان کرد بۆ نمونە (بەختریف) و(پاڤلۆڤ) (ڤیگۆتسکی) وچەندەها زانای تریش کە بناغەی دەروونزانی سۆڤیەتیان دامەزراند.

ئەوەی ڕاستی بێت دەروونزانی تەنها لەم بوارانە پێش نەکەوت بەڵکو لە ئەنجامی تێکەڵ بوون و پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵناسی، دەروونزانی کۆمەلاَیەتی پەرەی سەند وچەندەها زانای ناودار بەشداریان لەو پرۆسەیە کرد بۆ نمونە (دۆرکهایم) و(ماکدوگاڵ). ستنالی هۆل و چەندەهای زانای تر بەشداریان کرد لە دامەزراندی بواری دەروونزانی نائاساییەکان وهەندێك دەروونزانی تر وەك (شارکۆ) و(فرۆید) و(جانێ) و(مینینگەر) و(یۆنگ) و(ئادلەر) بەشداریان کرد لە دامەزراندنی چەندەها قوتابخانە کە زیاتر دیراسەتی نەخۆشیە دەروونییەکانی دەکرد وبەشێوەیەکی

پراكتیكی هەوڵی چارەسەركردنیان دەدا هەر یەكە بە پێی بۆچوونی قوتابخانە تایبەتیەكەی خۆی.

خۆت تاقی بكەوە!

١. باسی ڕۆڵی ئەرستۆ بكە لە دیراسەكردنی دەروونزانی.

٢. زانا موسڵمانەكان چ ڕۆڵێكیان بینی لە پێشخستنی دەروونزانی؟

٣. باسی بۆچوونی رینێ دیكارت بكە سەبارەت بە دەروونی مرۆڤ؟ گرنگترین ئەو فەیلەسوفانە كێ بوون كە رەخنەیان لە بۆچوونەكەی گرت؟

٤. چ ساڵێك بە ساڵی لەدایك بوونی دەروونزانی دادەنرێت وەك زانستێكی سەربەخۆ؟ كێ ڕۆڵی سەرەكی تیادا بینی؟

قوتابخانەكانی دەروونزانی

پاش ئەوەی دەروونزانی پێشكەوت وبوارەكانی فرەوان بوون وچەندەها بیردۆز وبۆچوونی تیادا پێشكەش كرا، هەر كۆمەڵێك لە دەروونزانەكان خۆیان بە بیردۆزێك یان چەند بیردۆزێك بەستەوە ونووسین ولێكۆڵینەوەیان لە بواری تایبەتی خۆیان بە پێی ئەو بیردۆزە یان بیردۆزانە ئەنجامدا. بەڵام پێش ئەوەی بێینە سەر ژماردنی قوتابخانەكانی دەروونزانی، پێویستە پێناسەی زاراوەی قوتابخانە بكەین.

قوتابخانەی دەروونزانی، هەروەك دكتۆر فاخر عاقل پێناسەی كردووە، "بریتییە لە كۆمەڵە زانایەك كە چەند بیروڕایەكی رێك وپێك پێش كەش دەكەن بۆ دیاری كردنی ئەو رێگایەی كە پێویستە دەروونزانی بیگرێتە بەر بۆ ئەوەی ببێتە زانستێكی رەسەن وبەرهەمدار وبەهادار چ لە بواری تیۆری (نظري) وچ لە بواری پراكتیكی (عملي)"[١].

قوتابخانەكانی دەروونزانی جیاوازیەكی زۆریان لە نێوان یەكتردا هەیە ئەوەش بەشێكی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئەو بیروڕایانەی كە هەر قوتابخانەیەك لەسەریان دامەزراوە، بەڵام هەندێك جار لە چەند بابەتێكدا لە یەكتر نزیك دەبنەوە. شایەنی باسە كە ژمارەی قوتابخانەكان لە نووسەرێكەوە بۆ نووسەرێكی تر دەگۆڕێت، هەرچەندە ئەو مەسەلەیە هیچ لە واقعی هەر قوتابخانەیەك ناگۆڕێت، بۆ نمونە بنووس هەن كە شێوازی شیكردنەوەی هۆكارەكان (تحليل العوامل) بە قوتابخانەیەكی سەربەخۆ دەژمێرن[٢]. هەروەها ئەگەر قوتابخانەیەك هەندێك گۆڕانی بەسەردا بێت ئەوا بۆ قوتابخانەی كۆن ونوێ دابەش دەكرێت. لەو كتێبەدا شێوازی شیكردنەوەی هۆكارەكان بە رێبازێكی لێكۆڵینەوەی ئاماری دانراوە وهەوڵ دەدەین دوور بكەوینەوە لە دابەش كردنی قوتابخانەكان بۆ كۆن ونوێ بۆ ئەوەی باسەكە لای خوێنەر ئاڵۆز نەبێت.

---

[١] مدارس علم النفس، د. فاخر عاقل، بيروت: دار العلم للملايين، ط٤، ص١٣.

[٢] أصول علم النفس، د. أحمد عزت راجح، ص٦٥.

هەر قوتابخانەیەكی دەروونزانی بابەتێك یان دیاردەیەكی دەروونی كردۆتە چەقی لێكۆڵینەوەی بەتایبەتی لە سەرەتای دروست بوونیدا. بۆ نمونە قوتابخانەی شیكاری دەروونی چەقی لێكۆڵینەوەی بابەتی نەخۆشیە دەروونیەكان بوو، بەڵام قوتابخانەی گشتاڵت دیاردەی زانین بابەتی سەرەكی بوو. لەبەر ئەوە هەر قوتابخانەیەك رێگایەكی تایبەتی بۆ لێكۆڵینەوە داهێنا بە شێوەیەكی ئەوتۆ كە لەگەڵ سروشتی بابەتە سەرەكییەكەی بگونجێت.

دیارە مەرج نییە ئەو بیروڕا وبیردۆزانەی قوتابخانەكانی دەروونزانی پێشكەشمان دەكەن هەموویان ڕاست وتەواو بن بەڵكو هەڵە وچەوتیان تێدایە. لەبەر ئەوە دەبێت خوێنەر ئارام بگرێت لە كاتی خوێندنەوەی قوتابخانەكان، وەهەروەها گشت ئەو بابەتانەی كە لە دوای ئەوەوە دێن، وزوو بە زوو بڕیاری ڕاستی وچەوتیان لەسەر نەدات بەبێ ئەوەی هەموو ورد ودرشتێك دەربارەیان نەزانێت.

١. قوتابخانەی بیناكاری یان دروستكاری

ئەو قوتابخانەیە لە ئەلمانیا سەری هەڵدا ونووسەران مێژووی دروست بوونی یەكەم تاقیگەی دەروونزانی لە ساڵی ١٨٧٩ بە مێژووی لە دایك بوونی ئەو قوتابخانەیە دادەنێن. بەپێی بۆچوونی ئەو قوتابخانەیە، زانایان پێویستە لە دروست بوونی هەر ئەندامێك بكۆڵنەوە پێش ئەوەی بێنە سەر باسی فرمانەكانی ئەو ئەندامانە، هەر لەبەر ئەوش ئەو قوتابخانەیە ناوی دروستكاری لێنراوە.

لای ئەو قوتابخانەیە، دەروونزانی بریتیە لە زانستی نەست واتە (علم الشعور) كە پێویستە دەروونزانەكان لە پێكهێنەرەكانی بكۆڵنەوە وهەڵسن بە شیكردنەوەیان لە رێگای تێڕامان. تێڕامانیش بریتیە لە وەسف كردنی باری دەروونی وچۆنیەتی ڕوودانی دیاردە دەروونییەكان وەك یادكردنەوە وبیركردنەوە. هەندێك تێڕامان بە شێوازی تێبینیكردنێكی زاتی دادەنێن واتە مرۆڤ بیر لە سۆز وعاتیفە وهزر وخەونەكانی خۆی دەكاتەوە[٣]. ئەوەی ڕاستی بێت ئەو ڕێبازە رەخنەیەكی نقدی لێ گیراوە بە تایبەتی لەلایەن قوتابخانەی رەفتاریەتی وبە ڕێبازێكی نازانستی

٣ بروانـە: المعجم الموسوعي في علم النفس، نوربير سيلامي، ترجمة وجيه اسـعد، منـشورات وزارة الثقافة، دمشق،٢٠٠١، ج١، ص١٦٩.

حسێبی کرد. بەڵام ئەو ڕێبازە سوودێکی زۆری بە دەروونزانی گەیاند وەهەتا ئێستاش هەر بەکار دەهێنرێت[٤].

ولیەم ڤۆنت (١٨٣٢-١٩٢٠) کە زانایەکی فسیۆلۆژی ئەڵمانی بوو، بە دامەزرێنەری ئەو قوتابخانەیە دادەنرێت. دەروونزانی، بە بۆچوونی ڤۆنت، پێویستە لە سەرەتادا بایەخ بە هەست (احساس) بدات وتوخمە پێکهێنەرەکانی شارەزایی ئەست (الخبرة الشعورية) شیتەڵ بکات کە لە دوو لایەنی سەرەکی پێك دێت: هەستەکان ونەستەکان. جۆری یەکەم سەرچاوەکەی لە دەرەوەی مرۆڤە وەك هەستن کردنی مرۆڤ بە ئازار لە ئەنجامی سووتانی پێستیدا. بەڵام جۆری دووەم سەرچاوەکەی ژینگەی ناوەکی مرۆڤە وتایبەتە بە خۆی وبەبێ هۆیەکی دەرەکی ڕوو دەدات، وەك یادکردنەوە. دەروونزانی ئینگلیزی تیچنەر (١٨٦٧-١٩٢٧)، کە قوتابیەکی ڤۆنت بوو، بیرو ڕای ئەو قوتابخانەی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بڵاوکردەوە وبە نوێنەری ئەو قوتابخانەیە دادەنرێت لەوێدا، بەڵکو هەندێك لە توێژەران بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی ئەو قوتابخانەیە دایدەنێن[٥].

ئەوەی شایەنی باس بێت ئەو قوتابخانەیە بەشداریەکی گرنگ و بەرچاوی هەبوو لە جودا بوونەوەی دەروونزانی لە فەلسەفە ونزیك بوونەوەی لە زانستە سروشتییەکان وەك فیزیا وکیمیا، کە دوو زانستی کاریگەر بوون وبەکارهێنانی شیکردنەوە لەو قوتابخانەیەدا بەرهەمی ئەو کاریگەریە بوو. ئەوەی ڕاستی بێت ئەو شێوازە لە ڕەخنەی قوتابخانەی گشتاڵت ڕزگاری نەبوو هەر وەك لەمەودوا تێبینی دەکەین.

٢. قوتابخانەی وەزیفی

ئەو قوتابخانەیە ڕابردوویەکی کۆن ومێژوویەکی نادیاری هەیە. لە ساڵی ١٨٩٨ تیچنەر ئەو ناوەی لەو قوتابخانەیە ناوە. بابەتی لێکۆڵینەوەی ئەو قوتابخانەیە نەستە ودەروونزانی بەو شێوەیە زانستی نەستە و پێویستە بایەخ بە کردارە

---

[٤] لەکاتی باس کردنی ڕێبازەکانی دەروونزانی بەووردتر قسە لەسەر ئەو ڕێبازە دەکەین ولێرەدا بە پەلە بەسەریدا تێدەپەڕین.

[٥] بڕوانە: موسوعة مدارس علم النفس، د. عبد المنعم الحفني، مكتبة مدبولي، بدون تاريخ، ص٨٢.

عەقلييەكان بدات نەك لە لايەن چۆنيەتى دروست بوونيان، هەر وەك قوتابخانەى دروستكارى جەختى لەسەر دەكات، بەڵكو لە لايەن فرمانيان يان رۆليان لە بەديهێنانى گونجاندن نێوان مرۆڤ ودەوروبەرەكەى بە هەردوو بەشييەوە: سروشتى وكۆمەڵايەتى. ئەو قوتابخانەيە وێڕاى ڕێبازى تێڕامان، ڕێبازى تێبينى بێ لايەنيش پەيڕەو دەكرد.

بەناوبانگترين دەروونزانى ئەو قوتابخانەيە وليەم جێيمس بوو كە دەورێكى كاريگەرى هەبوو لە پێشخستنى ئەو قوتابخانەيە وبەپێزترين بەرهەمى جێيمس لەو بوارە كتێبى (بنەماكانى دەروونزانى) بوو كە لە سالى ١٨٩٠ بلأوى كردەوە. پەروەردەزان ودەروونزانى ئەمەريكى جۆن ديوى (١٨٥٩-١٩٥٢) بەشداريەكى گرنگى كرد لە دامەزراندنى ئەو قوتابخانەيە وبە هاوكارى جێيمس ئەنجيال يەكەم تاقيگەيان لە ولآتە يەككرتووەكانى ئەمەريكا دروست كرد. ئەنيجال، لەلاى خۆيەوە، بايەخێكى زۆرى بە دەروونزانى تازەدا.

بيروراكانى ئەو قوتابخانەيە گەيشتە ولآتە ئەورووپيەكان وگرنگترين وبەناوبانگترين نوێنەرى ئەو قوتابخانەيە لە ئەورووپا ئێدوارد كلاباريد (١٨٧٣-١٩٤٠) بوو كە تاقيگەيەكى دەروونزانى دامەزراند وئينستيتيوتى (ژان ژاك رۆسۆ) ى بۆ فێركردنى مندالأن دروست كرد. دەتوانين چەند دەروونزانێكى تريش بە نوێنەرى ئەو قوتابخانەيە بژمێرين وەك مۆلەر وكاتز ورۆبين.

لە ژێر كاريگەرى فەلسەفەى پراگماتيزم[٦]، كە وليەم جێيمس خۆى يەكێك بوو لە دامەزرێنەرەكانى، دەروونزانەكانى ئەو قوتابخانەيە هەوڵياندا كە ئەنجامى

---

[٦] پراگماتيزم زاراوەيەكى فەلسەفى يە لە لايەن فەيلەسوفى ئەمەريكى چارلز پێرس (١٨٣٩-١٩١٤) بە كار هات. خالى سەرەكى پراگماتيزم ئەوەيە كە هەموو شتێك بە ئەنجام وبەرهەم وكارتێكردنەكانى دەپێورێت. واتە بۆ دۆزينەوەى ماناى هەر بيرۆكەيێك پێويستە لە ئەنجامە پراكتيكييەكانى ئەو بيرۆكەيە بكۆڵينەوە نەك لە سەرچاوە وچۆنيەتى. بەناو بانگترين نوێنەرى ئەو فەلسەفەيە لە ئەمەريكا وليەم جێيمس و جۆن ديوى بوون ولە ئينگلتەرا فرديناند شيلر (١٨٦٤-١٩٣٨). بڕوانە: قصة الفلسفة، ول ديورانت، ترجمة: د. فتح الله محمد، بيروت: مكتبة المعارف، ط ٤، ١٩٨٢، ص٦١٦.

لێکۆلینەوەکانیان لە بواری پەروەردە ویاسا وپیشە تاقی بکەنەوە. هەرچەندە ئەو قوتابخانەیە لە سەرەتای دروست بوونیدا دەورێکی گرنگی دیت لە بواری دەروونزانی، بەلأم لەم دواییەدا کز بۆوە و قوتابخانەیەکی تری جێگاکەی گرت.

٢. قوتابخانەی پەیوەستکاری

مێژووی ئەو قوتابخانەیە بۆ فەیلەسوفی یۆنانی ئەرستۆ تالیس دەگەڕێتەوە کە یەکەم بیردۆزی پەیوەستی لە بواری یاد کردنەوە داڕشت[٧]. ئەو قوتابخانەیە لە سەردەمی رینەسانس بوژایەوە بە هۆی بەشداری چەند فەیلەسوفێکی ئینگلیزی وەك تۆماس هۆبز (١٥٨٨–١٦٧٩) وجۆن لوك (١٦٣٢–١٧٥٤) ودێڤید هیوم (١٧١١–١٧٧٦) ودێڤید هارتلی (١٧٠٥–١٧٥٧) وجێیمس میل و کوڕەکەی وئەلکسەندەر بین وچەندەها فەیلەسوفی دیکەش.

بەڕای دامەزرێنەرانی ئەو قوتابخانەیە، مرۆڤ کە لە دایك دەبێت عەقلی وەك تابلۆیەکی سپی وایە وهیچ نەخش ونیگارێکی لەسەر نەکێشراوە، پاشان لە رێگای ئەندامەکانی هەست زانیاری پەرت وبلأو وناڕێکمان بۆ دێت. پاش رێکخستن وپەیوەستنەوەی ئەو زانیاریانە شارەزایی پەیدا دەبێت. ئەو رێکخستن وپەیکەوەبەستنەوەیەش بە پێی سێ یاسا ئەنجام دەدرێت کە بریتین لە یاسای لەیەك چوون و یاسای دژیەك یاسای بەیەکەوە بوون.

ئەو قوتابخانەیە لە شێوەی تازە ونوێیدا، وهاوشان لەگەڵ تاقیکردنەوەکانی دەروونزانی ئەڵمانی هێرمان ئێبنگهاوس (١٨٥٠–١٩٠٩)، کەوتە کار. ئەزموون وتاقیکردنەوەکانی ئێبنگهاوس لە بواری یادکردنەوە بوو ولە ئەنجامدا گەیشتە چەند یاسایەك وەك دووبارە بوونەوە ونوێی. لە ولأتە یەکگرتووەکان ئەمەریکاش ئێدوارد ثورندایك (١٨٧٤–١٩٢٩) نوێنەری ئەو قوتابخانەیە بوو وتاقیکردنەوەکانی

---

[٧] بڕوانە: موسوعة مدارس علم النفس، د. عبد المنعم الحفني، ص٤٦٥.

لە بواری فێرکردن ئەنجامدا وبیردۆزی هەوڵ وهەڵەی پێشنیار کرد کە لە سەر بناغەی پەیوەستی نێوان وریاکەروە[8] و وەڵامدانەوە[9] دامەزرابوو.

لە یەکێتی شورەوی (روسیا)، ئیڤان پیترۆفیچ پاڤلۆڤ (١٨٤٩-١٩٣٦) بە نوێنەری ئەو قوتابخانەیە دادەنرێت. هەرچەندە پاڤلۆڤ نەك هەر دەروونزان نەبوو بەڵکو پەیوەندیشی لەگەڵیان خۆش نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی بیردۆزەکەی سەبارەت بە فێربوون لەسەر بناغەی پەیوەستی دامەزرابوو، ئەویش بە پەیوەستخواز لە قەڵەم درا. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە ئەندامی قوتابخانەی رەفتاری، کە ئێستا دێینە سەر باسیان، بە ئەندامانی ئەو قوتابخانەیەش دابنێین.

رێبازی لێکۆڵینەوە لای ئەو قوتابخانەیە بریتی بوو لە تێرامان وتاقیکردنەوە وئەزموون ولە دوو بواری گرنگ، کە فێربوون ویادکردنەوە بوو، خزمەتێکی بەرچاویان پێشکەش کرد.

٤. قوتابخانەی رەفتارکاری

ئەو قوتابخانەیە لەساڵی ١٩١٢ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە لایەن جۆن واتسن (١٨٧٨-١٩٥٨) دامەزرا. واتسن لە پێناسە کردنی دەروونزانیدا دەڵێت: "زانستێکی سروشتییە دیراسەتی رەفتاری مرۆڤ دەکات لە خۆگونجاندی لەگەڵ دەوروبەرەکەی بە رێگای ئەزموون وبە مەبەستی دەست بەسەرداگرتنی".

واتسن لە پێناسەکەی پێشوویدا بابەتی ئەستی (شعور) مرۆڤی فەرامۆش کردووە چونکە ناتوانێرێت بە شێوەیەکی راستەوخۆ تێبینی بکرێت وهەروەها ناکرێت تاقی بکرێتەوە. دەروونزانی، بە رای واتسن، بریتییە لە زانستی رەفتار (واتە سلوك) وبۆ ئەوەی رەفتاریش دیراسەت بکرێت پێویستە وریاکەرەوە و وەڵامدانەوە دیراسەت

---

[8] وریاکەرەوە (منبه) یان وروژێنەر (مثير) بریتییە لە هەر گۆڕانێکی کیمیاوی یان فیزیاوی یان بایۆلۆژی لە ژینگەی دەرەوە یان ناوەوەی زیندەوەر کە کاری تێبکات وەك رووناکی ودەنگ وئازار وشتی دیکە.

[9] وەڵامدانەوە (الاستجابة) هەر کارێکە زیندەوەر دەیکات چ عەقلی بێت چ جەستەیی ولەوانە بە بیێتە وریاکەروە بۆ خاوەنەکەی یان کەسانی دیکە وەك هەڵاتن وبیرکردنەوە وکاری دیکە.

بکرێن رواز لە شێوازی تێرامان بهێنرێت چونکە ئەو شێوازە تەگەرەیەکە لە بەردەم گەشەکردنی دەروونزانی.

ئەو قوتابخانەیە لە سەرەتای دروست بوونیدا سوودێکی زۆری لە دۆزینەوەکانی بەختریف وپاڤلۆڤ وەرگرت سەبارەت بە دیاردەی پێچەوانبوونەوەی مەرجدار "الانعكاس الشرطي" وە لە بواری لێکۆڵینەوەکانی مێشك وفرمانەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی، کارەکانی لاشلی وفرانز کەلکێکی زۆری بۆ ئەو قوتابخانەیە هەبوو.

شان بەشانی واتسن، چەند دەروونزانێکی تر بەشداریان کرد لە پێشخستنی رەورەوەی ئەو قوتابخانەیە بەناوبانگترینیان بریتین لە تۆلمان (١٨٨٦–١٩٥٩) وکلارك هۆل (١٨٨٤–١٩٥٢) وبارۆس سکینەر (١٩٠٤–١٩٩٠؟). سکینەر بە نوێنەری قوتابخانەی نوێی رەفتارکاری دادەنرێت وکارەکانی لە بواری فێربوون گەلێك بەهادار بوون. فێربوون، بە رای سکینەر، بناغەی رەفتارە وبۆماوە (واتە ورائة) هیچ دەورێکی نییە لەو بوارە ونەخۆشییە دەروونییەکانیش تەنیا بریتین لە فێربوونی چەند خوویەکی خراپ.

لەوانەیە گرنگترین رەخنە کە لەو قوتابخانەیە گیراوە مەسەلەی رەچاونەکردنی باری ناوەوەی مرۆڤە وەك بیرکردنەوە وهەست ونەست. بۆیە هەندێك لە دەروونزانەکانی ئەو قوتابخانەیە لەم دواییەدا گرنگیان بەلایەنی فیکری دا ناودارترینیان "ئەلبێرت بەندۆرا" یە. بەهەر حال ئەو دەورەی کە ئەو قوتابخانەیە بینی لە پێشخستنی دەروونزانی ناکرێت پشت گوێ بخرێت بە تایبەتی لە بواری فێربوون .

٥. قوتابخانەی گیشتالت[10]

لەو کاتەی کە قوتابخانەی رەفتارکاری لە ولاَتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا لە گەشەسەندندا بوو، بزووتنەوەیەکی دەروونزانی لە ئەلمانیا سەری هەلدا وهێرشێکی توند وتیژی کردە سەر گشت قوتابخانەکانی دەروونزانی چونکە هەلَستاون بە شیکردنەوەی رەفتار بۆ چەند بەش وپارچەیەك وەك یەکەیەك مامەلەیان لەگەلدا نەکردووە.

ماکس ڤێرتهیمەر (١٨٨٠–١٩٤٣) پێشەوای ئەو بزووتنەوەیە بوو ولێکۆلینەوەکانی بە بابەتی زانین دەست پێ کرد وگەیشتە ئەو ئەنجامەی کە پرۆسەی زانینی شت (واتە ادراك) بە شێوەی یەکەیەکی گشتی دەست پێ دەکات و(گشت) یش جیاوازی هەیە لەگەل توخمە پێکهێنەرەکانی، واتە بەشەکانی، ومێشکی مرۆڤیش هەولی ئەوە دەدات کە ئەو زانیاریە هەستییانەی کە بۆی دێت لە شێوەی گشت بن واتە تەواو بن. ولە کاتی ناتەواوی ئەو زانیاریانە، مێشك هەلَدستێت بە رێکخستنیان یان رێکخستنی بواری فێربوون ولە ئەنجامدا فێربوون بەرهەم دێت.

ڤۆلفگانگ کۆهلەر وکورت کۆفکا (١٨٨٦–١٩٤١) دوو دەروونزانی ئەلمانی بوون ولێکۆلینەوەکانیان وتاقیکردنەوەکانیان سەبارەت بە فێربوون بناغەی ئەو قوتابخانەی دانا. سەبارەت بە بابەتی کەسایەتی ورەفتار، دەروونزانی ئەلمانی کورت لیڤین (١٨٩٠–١٩٤٧) بیردۆزی بوار (المجال) ی هێنا کایەوە وچەند رێگایەکی ماتماتیکی وەك شیکردنەوەی هۆکارەکان، ورێگای تێرامان وتێبینی وتاقیکردنەوەی بەکار هێنا لە لێکۆلینەوەکانی.

هەرچەندە ئەو قوتابخانەیە هەلسا بە دیراسەکردنی ژمارەیەکی زۆری لە بابەتەکانی دەروونزانی، بەلاَم بەشداریەکی گرنگی هەبوو لە پێشخستنی دەروونزانی لە بواری زانین وفێربووندا.

---

[10] گیشتالت Gestalt ووشەیەکی ئەلمانی یە مانای شێوە یان جۆر دەدات ومەبەست لێی ئەو گشتە تەواوەیە کە ناتوانرێت شی بکرێتەوە. ئەو ووشەیە دروشمی ئەو قوتابخانەیە بوو لە سەرەتای دروست بوونیدا.

٦. قوتابخانەی شیكردنەوەی دەروونی

ئەو قوتابخانەیە لە ئەمسا سەری هەڵدا ساڵی ١٩٠٠ وبابەتی سەرەكی نەخۆشیە دەروونییەكان بوو، واتە بواری پزیشكی وبواری زانستی نەخۆشیەكانی دەروون. دەروونزانی نەمساوی سیگمۆند فرۆید (١٨٥٦-١٩٣٩) بە دامەزرێنەری ئەو قوتابخانەیە دادەنرێت كە لە ئەنجامی لێكۆڵینەوەكانی لەسەر ئەو دەروون نەخۆشانەی كە چارەسەری دەكردن، چەند بیردۆزێكی هێنا كایەوە كە لە ڕاستیدا شۆرشێكی بەرپا كرد نەك تەنها لە بواری دەروونزانی بەڵكو لە بواری تریش وەك كۆمەڵناسی وئەدەب وهونەر.

بە ڕای فرۆید كەسایەتی لە سێ بەش پێك دێت: خۆیەكی وخۆمەكی وخۆمەكی باڵا، ئینجا ئەگەر مرۆڤ توانی هەر سێ لا ڕازی بكات وئەهێڵێت بەربەرەكانی نێوانیان بەردەوام بێت وپەرەبستێنێت ولەهەمان كاتیشدا توانی لەگەڵ واقیعدا بیانگونجێنێت، ئەوا كەسایەتیەكەی ساغ وسەركەوتوو دەبێت بەڵام ئەگەر ئەو مرۆڤە، لەبەر هەر هۆیەك بێت، نەیتوانی ئەو كارانە ئەنجام بدات وئەو هاوسەنگییە بێنێتەدی ئەوا كەسایەتیەكەی تێك دەچێت وتووشی جۆرەها نەخۆشی دەروونی دێت.

فرۆید چەند چەمكێكی تازەی هێنا ناو دەروونزانی وەك چەمكی نائەست "اللاشعور" وپێش ئەست "قبل الشعور" وبایەخێكی زۆری بە لایەنی جنسی دا بە تایبەتی لە قۆناغی منداڵیدا. بە بۆچوونی فرۆید، كپ كردنی ئەو ئارەزووانەی كە لە ئاستی نائەستدا هەن هۆی سەرەكی پەیدا بوونی گرێ دەروونیەكانە. نامەوێ لێرەدا زیاتر بچمە ناو قوڵایی ئەو بابەتە چونكە ئەو هەویرە ئاوێكی زۆری دەوێ وخوێنەر دەتوانێت زیاتر دەربارەی ئەو بابەتە بزانێت لە كتێبی "نەخۆشییە دەروونیەكان" و"كەسایەتی سەركەوتوو" ی مامۆستا جلال خلف ژاڵەیی. سەبارەت بە رەخنە گرتن لە بیرو بۆچوونەكانی فرۆید، كتێبی "فرۆید لە تەرازووی ژێریدا" ی مامۆستا محمد شارەزووری خوالێخۆشبوو سەرچاوەیەكی باشە بۆ ئەو مەبەستە.

ئەوی ڕاستی بێت فرۆید کۆمەڵە دەروونزانێکی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە وبەناوبانگترینیان کارل یۆنگ (١٨٧٥-١٩٦١) وئەلفرید ئادلەر (١٨٧٠-١٩٣٧) و(ئێریك فرۆم) و(کارین هۆرنی) و(هاری ستاك سۆلیڤان) و(ئێریك ئێریکسۆن) بوون کە لە ڕاستییدا گۆڕانێکی زۆریان بەسەر بیردۆزەکانی فرۆید دا هێنا وبەتایبەتی یۆنگ وئادلەر کە هەردووکیان دوو قوتابخانەی سەربەخۆیان دامەزراند وزیاتر بایەخیان دا بەلایەنی کۆمەڵایەتی ولایەنی تاکە کەسی ولە بەهای پاڵنەری جنسیان کەم کردەوە[11]. لە چارەسەرکردنی نەخۆشیە دەروونییەکان، فرۆید چەند ڕێگای جیاوازی بەکار هێنا وەك نواندی موگناتیسی، کە لە دواییدا وازی لێهێنا، وشیکردنەوەی خەون و پەیوەستی سەربەخۆ و دیراسەت کردنی ڕابردووی، قۆناغی منداڵی، بابای نەخۆش.

ئەوی ڕاستی بێت ئەو قوتابخانەیە کاریگەریەکی زۆری هەبوو بە تایبەتی لە بواری هونەر ئەدەب وکۆمەڵناسی وئاین وئێستاش چەمکەکان و شێوازی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان لە چەند جێگایەکی وەك فەرەنسا وئەلمانیا ونەمسا پەیڕەو دەکرێن. بەڵام ئەو قوتابخانەیە زیاتر لە هەر قوتابخانەیەکی تری دەروونزانی ڕەخنەی لێگیراوە نەك تەنها لەلایەن دەروونزانەکان بەڵکو لەلایەن کۆمەڵناس و ئەدیبان و زانایانی ئایینیش.

ئەو شەش قوتابخانانەی دەروونزانی کە بە کورتی باسم کردن دەروونزانی نوێیان پێك هێناوە. بەڵام جێگای ئاماژە پێ کردنە کە بزووتنەوەی تریش سەریان هەڵدا وبەشداریان کرد لە دروست کردنی دەروونزانی هاوچەرخ بەڵام ئەو گرنگییەیان

---

[11] یۆنگ لە ساڵی ١٩١١ لە فرۆید دوورکەوتەوە وقوتابخانەیەکی سەربەخۆی دامەزراند ناوی نا دەروونزانی شیکار وناهەستی کردە دوو جۆر: تاك و کۆمەل، وکەسایەتیشی دابەش کرد بۆ دوو جۆر: گۆشەگیر وکراوە وهەر جۆرێکیشی بۆ چوار جۆری تر دابەش کرد. بەڵام ئادلەر لە ساڵی ١٩١٢ وازی لە فرۆید هێنا وقوتابخانەیەکی سەربەخۆی بەناوی دەروونزانی تاك دامەزراند وبایەخێکی گرنگی دا بە هەست کردنی بە کەمی. ئەوەی ڕاستی بێت ئەو دوو قوتابخانەیە هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆیان نەبوو لەگەڵ قوتابخانەی شی کردنەوەی دەروونی لەلایەن ڕێبازی لێکۆلینەوەیان.

نەبوو ئەگەر بەو شەش قوتابخانەیە بەراورد بکرێن، بۆ نمونە ئەو بزووتنەوەی کە ولیەم مکدۆگال (١٨٧١–١٩٣٨) پێشەوای کرد کە ڕای وابوو رەمەك بناغەی رەفتارە وچوار جۆری لە رەمەکەکان دیاریکرد وهەر رەمەکێکیش تاوگیریەکی (واتە انفعال) تایبەتی خۆی هەیە ولە ڕێگای بۆماوەوە پێمان دەگات وئامانجی خۆی هەیە. مکدۆگال تێبینی کردن وتێرامان وئەزموونی بەکار هێنا وەك شێوازی لێکۆلینەوە. ئەو ڕاستی بێت چەند بزووتنەوەیەکی تریش پاش جەنگی جیهانی دووەم پەیدا بوون کە رەخنەیان لە قوتابخانە دەروونزانییەکان گرت وەك بزووتنەوەی زانست خوازەکان، کە رەخنەیان لە قوتابخانەی رەفتارکاری گرت، وبزووتنەوەی مرۆڤخوازەکان کە مرۆڤ وگیروگرفتەکانی ولایەنەکانی ژیانی بەگشتی کردە چەقی لێکۆلینەوەیان وبەناوبانگترینیان ئەبراهام ماسلۆ وکارل رۆجەرز بوو کە بایەخێکی تایبەتیان بە بابەتی هێنانەدی خود (واتە تحقیق الذات) دا.

ئەو کورتە باسە ئەگەر تینویەتی خوێنەر بەشێوەیەکی گشتی بشکێنێت ئەوا خوێنەری پسپۆر تێرناکات بەلآم مەودای ئەو باسە هەر ئەوەندە دەبێت لەو کتێبە گشتییە. دیارە کتێبی تایبەتی، چ بە زمانی عەرەبی وچ بە زمانی ئینگلیزی، لەو بوارە دا زۆرن ولەبەر دەستن ئەگەر کەسێك بیەوێت لەدوایاندا بگەڕێت.

خۆت تاقی بکەوە!

١. لای قوتابخانەی بیناکاری، گرنگترین بابەت لە دەروونزانی چییە؟ وبەچ شێوازێکی دەتوانرێت لەو بابەتە بکۆڵرێتەوە؟

٢. گرنگترین جیاوازی لە نێوان قوتابخانە بیناکاری و قوتابخانەی وەزیفی لە بواری دەروونزانیدا چییە ؟

٣. ئەو رەخنانە چین کە لە قوتابخانەی رەفتارکاری گیران؟

٤. بۆچی دامەزرێنەرانی قوتابخانەی گیشتالت رەخنەیان لە بۆچوونەکانی قوتابخانەی بیناکاری گرت؟

٥. ئەو چەمکە گرنگانە چی بوون کە فرۆید زۆر بایەخی پێدان لە قوتابخانەی شیکاری دەروونی؟

لقەكانی دەروونزانی

لەو كاتەی كە دەروونزانی گۆڕانی شاقولی بە خۆیەوە دەدی، لەسەر ئاستی ئاسۆییش گۆڕان ڕوویدا. واتە چۆن دەروونزانی لە لایەنی قوتابخانەكانی گەشەی كرد ئەوهاش گەشەكردن لقەكانی ئەو زانستەی گرتەوە. ئەوەش ئەنجامێكی ئاسایی زۆربوونی لێكۆڵینەوەیە لە هەر زانستێكدا.

بە شێوەیەكی گشتی لقەكانی دەروونزانی بۆ دوو چەشن دابەش دەكرێن: لقە تیۆریەكان ولقە پراكتیكی یەكان. بەڵام مەبەست لەو دابەش كردنە ئەوە نییە كە هەر لقێك سەربەخۆیە وپەیوەندی بە لقی تردا نییە بەڵكو مەبەست دیاریكردنی بواری لێكۆڵینەوە وتاقیكردنەوە وپسپۆڕیە. جا بۆیە شتێكی سەیر نییە ئەگەر تێبینی پەیوەندیەكی توند بكەین نێوان ئەو دوو لقە. ئەوەی ڕاستی بێت هەر لقێك لەم دوو لقە چەند لقێكی وردتر دەگرێتە خۆی ولەمەودوا بە كورتی دێینە سەر باسیان.

یەكەم: لقە تیۆریەكان:

بریتین لەو لقانەی كە زیاتر خەریكی بیردۆز دانانن، هەر وەك لە ناوەكەیدا دیارە.
وە گرنگرتین لقە تیۆریەكانی دەروونزانی ئەمانەی خوارەوەن:

١.دەروونزانی گشتی: ئەو لقە بایەخ بە گشت چالاكییە دەروونییەكانی مرۆڤ دەدات وەك بیركردنەوە ویاد كردنەوە وتاوگیری (انفعال) وكەسایەتی وگشت بابەتەكانی تری دەروونزانی بە مەبەستی گەیشتن بە بنەما ویاسا گشتییەكانی ڕەفتاری مرۆڤی ئاسایی بە بێ ڕەچاوی كردنی جیاوازی نێوان تاكەكان وحاڵەتە تایبەتیەكان[1]. ئەو لقە بناغەی لقەكانی ترە واتە هەر لقێك لە لقەكانی دەروونزانی دەبێت بەو لقە دەست پێ بكات وپاشان بەرەو لقە تایبەتییەكەی خۆی بچێت. یاخود دەتوانێرێت بگوترێت كە ئەو لقە یەكەم ئەلقەیە لە زنجیرەی لقەكانی

[1] بڕوانە: أسس علم النفس العام، د. طلعت منصور، د. أنور الشرقاوي، د. عادل عزالدين، د. فاروق أبو عوف (بدون تاريخ وسنة النشر) لاپەڕە ١٧.

دەروونزانی کە هەموویان سوودی لێ وەردەگرن. لەو لقە چەمك وزاراوە دەروونییەکان پێناسە دەکرێن وبە کورتی وچڕوپڕی بیردۆزەکانی دەروونزانی دەربارەی بابەتە دەروونییەکان ڕوون دەکرێنەوە وگرنگترین ئەنجامی ئەزموونە دەروونییەکان، کە لە بوارە تیۆریە جۆراو جۆرەکان ئەنجام دراون، دەخرێنە پێش چاو.

٢. **دەروونزانی جوداخوازی:** لە ژیانماندا تێبینی جیاوازیەکی زۆر لە نێوان خەڵك دەکەین کە ئەوەش دەبێتە هۆی جیاوازی کەس وکۆمەڵ وگەل ومیللەتان. دیارە هەندێك لەو جیاوازیانە ئەنجامی فەلسەفەی کۆمەلایەتی وشێوازی پەروەردەن وهەندێکی تریان بەرهەمی بۆماوەن. ئەو جیاوازیەش زۆربەی لایەنەکانی دەروونی دەگرێتەوە وەك زیرەکی وکەسایەتی وبیرکردنەوە وهتد.. دەروونزانی جوداخوازی ئەرکی لێکۆڵینەوەی ئەو جیاوازیانەی خستۆتە سەر ئەستۆی خۆی ئەوەش بە پشت بەستن بە دەروونزانی گشتی لە لایەك وبە کۆمەڵناسی لە لایەکی ترەوە.

٣. **دەروونزانی گەشە کردن:** بابەتی ئەو لقە گەشە کردنی دەروونی مرۆڤە وبۆ ئەو هێنانەدی ئەو مەبەستە ئەو لقە هەڵدەستێت بە دیراسەت کردنی مرۆڤ لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا، بە قۆناغی پێترانی هێلکە دەست پێ دەکات لەسکی دایك وبە مردن کۆتایی دێت. وە لە نێوان ئەو دوو قۆناغە سەرەتایی وکۆتاییەدا چەند قۆناغێکی تر هەن وەکو منداڵی وهەرزەکاری و گەنجیەتی، کە هەر یەکیان بوارێکی تایبەتی لێکۆلینەوەن[٢]. بۆ نمونە دەروونزانی مندال دیراسەتی گەشە کردنی جەستە وجوڵە وژیری وزمان وئینفعال ولایەنە کۆمەلآیەتیەکانی منداڵ دەکات ودەروونزانی هەرزەکاری دیراسەتی لایەنی جەستەیی وژیری وچۆنیەتی گونجان لەگەڵ کەسانی تر وگیروگرفتەکانی ئەو قۆناغە وچەندەها لایەنی تر دەکات. ئەو لقە بایەخێکی باش بە لایەنی بایۆلۆجی لەش وگلاندەکان وکۆئەندامی دەمار دەدات بە تایبەتی لە قۆناغی منداڵی وهەرزەکارییدا. ئینجا سەیر نییە ئەگەر ئەو لقە پەیوەندی یەکی بەهێزی لەگەڵ بایۆلۆجیا وپەروەردەدا هەبێت.

---

[٢] بڕوانە: سايكولوجية الطفل: علم نفس النمو، د. حابس العوالمة ود. أيمن مزاهرة (عمان: الأهلية للنشر والتوزيع، ٢٠٠٣)، لاپەڕە ١٤ و١٥.

٤. **دەروونزانی کۆمەڵایەتی:** ئاشکرایە کە مرۆڤ ناتوانێت بە تەنیا ودوور لە کۆمەڵدا ژیان بەسەر ببات. ئەو ڕاستییە زەمینەی فەلسەفی ئەو لقەیە کە هەوڵ دەدات دیراسەتی ڕەفتاری مرۆڤ بکات لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی، واتە تاکە کەس چۆن کار لە کۆمەڵ دەکات وکۆمەڵیش چۆن کار لە تاکەکەس دەکات، وە هەروەها دیراسەتکردنی ئەو پەیوەندییانەی کە تاکەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە لە مەوقیفە کۆمەڵایەتیەکان. کۆمەڵناسی، کە دیراسەتێکی زانستیانەی کۆمەڵە وبایەخ بە گیروگرفتەکان ودیاردە کۆمەڵایەتیەکان دەدات، پەیوەندییەکی توندی بەو لقە هەیە ویارمەتی یەکتری دەدەن وئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان ئالوگۆڕ دەکەن. شایەنی باسە ئەو لقە بەشداری دەروونزانی سەربازی دەکات لە چەند بابەتێکەوە وەك سەرکردایەتی وپروپاگەندە وچەند بابەتێکی تریش.

٥. **دەروونزانی نائاساییەکان:** بابەتی لێکۆلینەوەی ئەو لقە کەسە نائاساییەکانە. مەبەست لە نائاساییەکان ئەو کەسانەن کە لە ڕەفتار وبیرکردنەوە جیاوازیان هەیە لەگەڵ خەڵك وئەندامانی کۆمەڵەکەیان. بە پێی ئەو پێناسەیە گشت دەرووننەخۆش وعەقل ناتەواو ودواکەوتووەکان بە نائاسایی دادەنرێن. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت هەندێك جار کەسانی بلیمەت وزۆر لێهاتووش بە ڕیزپەڕ (شاذ) لە قەڵەم دەدرێن، دیارە ئەو جۆرە نائاساییە ئیجابی وچاکە بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی کە پێچەوانەی ئەوانن. ئەو لقە بایەخ بەو جۆرە کەسانە دەدات لە لایەن پۆلێن کردنیان ودیاریکردنی هۆی نائاساییان وچۆنیەتی چارەسەرکردن ومامەڵە لەگەڵ کردنیان. ئەو لقە، بە حوکمی بوارەکەی، پەیوەندیەکی بەهێزی بە دەروونزانی کلینیکی وپزیشکی هەیە.

٦. **دەروونزانی ئاژەڵ:** دەروونزانی ئاژەڵ بریتییە لە "دیراسەت کردنی ڕەفتاری جۆرە جیاجیاکانی گیانەوەرەکان بە مەبەستی بەراورد کردن لە نێوانیاندا لەسەر ئاستی زیرەکی ومەسەلەی کۆمەڵایەتی"[٢]. مرۆڤی ئاسایی کە تێبینی ڕەفتاری ئاژەڵان دەکات چەند پرسیارێکی لا دروست دەبێت سەبارەت بە دەروونی ئاژەڵ وگەشەکردنی وچەندەها بابەتی تریش لەو بوارە کە گشت ئاژەڵەکان دەگرێتەوە

---

[٢] قامووسی دەروون ناسی، د. عبد الستار طاهر شریف، لاپەرە ٢٥.

وبەتایبەتیش مشك وپشیلە ومریشك وسەگ ومەیمون. ئەو لقە سوودێکی زۆری لە ئاژەڵزانی وزانستی فرمانی ئەندامەکان (فسیۆلۆجیا) وەرگرتووە بە تایبەتی لە بواری دروست بوون وگەشەکردن وچۆنیەتی کارکردنی وفرمانی ناوچە تایبەتییەکانی مێشکی ئاژەڵ. بۆیە سەیر نییە کە ئەنجامی ئەزموونەکانی پاڤلۆڤ، کە پسپۆر بوو لە بواری زانستی فرمانی ئەندامەکان، لەسەر سەگ زەمینە بۆ سەرهەڵدانی بیردۆزێکی گرنگ لە بواری فێربوون خۆش بکات!

٧. **دەروونزانی بەراوردکار**: ئەرکی سەرەکی ئەو لقە بەراورد کردنە، هەروەك لە ناوەکەیدا دیارە. بەراورد کردن لە نێوان مرۆڤ وئاژەڵ لەلایەن رەفتاریاندا، لە نێوان مرۆڤی دەروون ساغ و مرۆڤی دەروون نەخۆش، لە نێوان مرۆڤی زیرەك ومرۆڤی دەبەنگ، لە نێوان رەفتاری پیر ومنداڵ، وژن وپیاو وهتد.. بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرکەکەی، ئەو لقە پشت بە لقەکانی دیکەی دەروونزانی دەبەستێت بە تایبەتی دەروونزانی گەشەکردن ودەروونزانی ئاژەڵ ودەروونزانی نائاسایی یەکان.

دووەم: لقە پراکتیکی یەکان:

ئەو زانیاریە دەروونییانەی کە لە لقە تیۆرییەکان دەستمان دەکەوێت لە خودی خۆیان هیچ سوودێکی پراکتیکی وواقعییان نییە. لەبەر ئەوە سەرهەڵدانی چەند لقێکی تری دەروونزانی، کە ئەرکی جێ بەجێ کردنی ئەو زانیاریانەیە لە بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیان بخاتە ئەستۆی خۆی، بووە ئەنجامێکی حەتمی. ئێستاش بە کورتی باسی چەند لقێکی پراکتیکی دەروونزانی دەکەین:

١. **دەروونزانی پەروەردەیی**: بابەتی لێکۆڵینەوەی ئەو لقە گشت ئەو مەسەلەیانەیە کە پەیوەندییان بە دیاردەی پەروەردە وفێربوون هەیە وەك گەشە کردن، جەستەیی وعەقلی وئینفیعالی، وقۆناغەکانی وچۆنیەتی بەرێوەچوونی پرۆسەی فێربوون وئەو بارو دۆخانەی کە ئەو پرۆسەیە ئاسان وسەرکەوتوو دەکەن، چ پەیوەندیان بە مرۆڤ هەبێت وەك مامۆستا وقوتابیان وکەسایەتییان، تەمەنیان، رەگەزیان، توانا وئامادەبوونیان وهتد، چ پەیوەندیان بە لایەنی ماددی وسروشتی هەبێت وەك رووبەری قوتابخانە وپۆل وئاستی رووناکی تیایدا وبوونی

هۆیەکانی فێرکردن وشتی دیکەش. کەواتە دەتوانین بابەتەکانی لێکۆلینەوەی ئەو لقە بە چوار ووشە کورت بکەینەوە کە بریتین لە تەوەرە سەرەکییەکانی: فێربوون، مامۆستا، قوتابی وقوتابخانە. هەندێك لە توێژەرەکان بواری دەروونزانی پەروەردەیی فرەوانتر دەکەن وبابەتی فێربوون بە بابەتی سەرکی تیایدا حسێب ناکەن بەڵکو جەخت لەسەر لایەنی گەشە کردن دەکەن بۆ نمونە أبو جادو پێناسەی دەروونزانی پەروەردەیی دەکات بەو شێوەی خوارەوە: "بریتییە لە دیراسەکردنێکی رێك وپێکی رەفتار وکردارە عەقلی ونەستییەکانی مرۆڤ ولایەنە جەستەییە پەیوەندیدارەکان، لە بوارە پەروەردەییەکان کە ئامانجی پارمەتی دانی تاکە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تەواو گەشە بکات لە لایەنی عەقلی وجەستەیی وئینفیعالی و کۆمەلایەتی بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی هەم لەگەڵ خودی خۆی وهەم لەگەڵ دەوروبەرەکەشی بگونجێنێت"[4].

٢. دەروونزانی پیشەسازی: بێ گومان مرۆڤ چەقی پرۆسەی پیشەسازیە، بۆیە ئەو لقە بایەخێکی زۆر بەو لایەنە دەدات وهەڵدەستێت بە شیکردنەوەی پیشە وکارەکان وئەو توانا وسیفەتانەی کە پێویستن هەبن بۆ ئەوەی پیشەکە بە باشی ئەنجام بدرێت، ئەوەش شیکردنەوەی کەسایەتی کرێکار دەگرێتەوە لە هەموو لایەنەکانیەوە بە مەبەستی هەڵبژاردنی شیاوترین وباشترین کەس بۆ ئەو کارەی کە دەتوانێت بە باشی پێیان هەڵبستێت. وێڕای ئەوەش، ئەو لقە هەڵدەستێت بە دیراسەتکردنی دیاردەی ماندوبوون وبێزاربوون وهۆیەکانی کەم بوونەوەی بەرهەم هێنان وچاك کردنی لایەنی چەندی وچۆنی وچارەسەرکردنی گیروگرفتی کرێکاران، چ کەسی بن یان پەیوەندیان بە کار وپیشەکە هەبێت. گرنگی دەروونزانی پیشەسازی لە سەرەتای سەدەی رابردوو ئاشکرا بوو وخاوەن کارگەکان بایەخێکی باشیان پێدا وبەناوبانگترین کەس لە سەرەتای بزووتنەوەی دەروونزانی پیشەسازی فریدریك تایلۆر بوو کە بیرۆکەی جوڵانەوە وکاتی پێشنیار کرد.

---

[4] بروانە: علم النفس التربوي، د. صالح محمد علي أبو جادو (عمان: دار المسيرة، ط٤، ٢٠٠٥) ص:٢٦.

٣. **دەروونزانی بازرگانی:** بێ گومان کرداری کڕین وفرۆشتن پەیوەندی بە لایەنی دەروونی مرۆڤەوە هەیە، بە تایبەتی کڕین وفرۆشتنی کەل وپەلە ناسەرەکییەکان، وەیان چۆنیەتی هەڵسوکەوت نێوان کڕیار وفرۆشیار بە باشترین شێوە بە مەبەستی سەرنج ڕاکێشانی بابای کڕیار بۆ ئەوەی کەل وپەلێکی دیاریکراو بکڕێت. بۆ هێنانەدی ئەو مەبەستە، چەندەها ڕێگا وستراتیجی ڕاستەوخۆ ولاوەکی هێنرانە کایەوە کە بەشێك لە سایکۆلۆجیای ڕێکلام پێك دێنن. زانینی هەڵوێستی خەڵك بەرامبەر کەل وپەل قۆناغێکی سەرەتایی وگرنگە لە کرداری فرۆشتن. ئەو مەسەلەیەش پەیوەندی بە لایەنی بایۆلۆجی وسایکۆلۆجییەوە هەیە. لەبەر چی کەل وپەل لە بازرگانێك دەکڕین نەوەك لە بازرگانەکەی دراوسێی، هەرچەندە نرخی کەل وپەلەکە لای هەردووکیان یەکسانە؟ بێ گومان زۆر هۆ هەن وەك هەڵوێستی بابای بازرگان وچۆنیەتی ڕێکخستن وپێشکەش کردنی کەل وپەلەکانی وڕازاندنەوەی دوکانەکە بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێشەر وچەندەها هۆی تریش. ئەو لقە ئەلقەیەکە بواری ئابووری، بە تایبەتی کڕین وفرۆشتنی شتە بەرهەم هێنراوەکان یان خزمەتگوزارییەکان، بە بواری دەروونزانی دەبستێتەوە. لەبەر ئەوە ئەو لقە سوود لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی دەروونزانی گشتی ودەروونزانی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت لە پێکهێنانی بۆچوون وبیردۆزەکانی.

٤. **دەروونزانی تاوانکاری:** تاوان هەر کارێکە کە یاسا قەدەغەی کردبێت وسزای ئەو کەسە بدات کە بیکات. تاوانبارەکانیش بە پێی کەسایەتییان دەکرێن بە دوو بەش: تاوانباری دەروون دروست وتاوانباری دەروون نەخۆش*. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین هەر تاوانێك چەند هۆیەکی سایکۆلۆجی وکۆمەڵایەتی هەیە ودیراسەت کردنی ئەو هۆیانە، وبەتایبەتی هۆیە دەروونی وژێرییەکان، وشیکردنەوەی کەسایەتی بابای تاوانبار وبەکارهێنانی ڕێبازی چاککردنەوەی منداڵ وهەرزەکارە لادەرەکان، ڕۆشنایی دەخاتە سەر تاوانەکە ویارمەتی هێنانەدی دادپەروەری یاسایی دەدات. لقی دەروونزانی تاوانکاری ئەو ئەرکانەی کە لە

* الجریمة: الجوانب النفسیة والعقلیة للجریمة، د. پالح شیخ کمر، بغداد: دار الشؤون الثقافیة، ١٩٨٩.

سەرەوە باس کران دەخاتە ئەستۆی خۆی وهەوڵ دەدات جێ بەجێیان بکات ولەو رووەوە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە زانستی پزیشکی دەروونی دادوەری ویاسا وتاوانزانی هەیە ولەگەڵ هەر یەك لەو زانستانە سوود وزانیاری ئالوگۆر دەکات. ئەوەی شایستەی باس کردنە وەنەبێ ئەو لقە فرمانی پاك کردنەوەی گۆرەپانی تاوانباران ولابردنی لێپرسینەوەی یاسایی لەسەریان وسزا نەدانیان بێت، تەنیا لە هەندێك بارودۆخی تایبەتی نەبێت وەك تووشبوون بە نەخۆشی دەروونی ونزمی ئاستی ژیری کە دەبنە هۆی سووك کردنی سزا ویان لابردنی، بەلام لە حالەتی ئاسایی داوای سووك کردن یان لابردنی سزا ناکات بەڵکو سوور دەبێت لەسەر جێ بەجێ کردنی.

٥. دەروونزانی دادگایی: ئەو لقە درێژبوونەوەی لقەکەی پێشترە چونکە تاوان پاش سەلماندنی، پێش کەش بە دادگا دەکرێت بۆ دیراسەت کردنی وسزادانی تاوانبار پاش گوێ گرتن لەو کەسانەی کە رووداوەکە یان تاوانەکەیان بینیوە ولەو پارێزەرەی کە هەوڵ دەدات بەڵگەی پێچەوانە پێشکەش بکات بە مەبەستی بەدیار خستنی بێ تاوانی کابرای تاوان پێ هەڵواسراو وەیان سووك کردنی ئەو حوکمەی لەسەری دەردەچێت پاش سەلماندنی تاوانەکە لەسەر کابرا. لێرەدا رۆلی ئەو لقە دیراسەت کردنی لایەنەکانی کرداری بەدادگا کردن دەبێت کە بریتین لە قازی وشاهیدەکان وپارێزەر وتاوانبار وئەو کەسانەی کە پەیوەندیان بە کرداری حوکمدان لەسەر تاوانباران هەیە. دیراسەت کردنی ئەو بارو زروفەی کە شوێنەواری خۆیان لەسەر بابای قازی ولەسەر ئەو حوکمەی کە دەیدات بەجێ دەهێلن، بۆ نمونە کاری تاوگیری (الانفعال) لەسەر قازی کە هەندێك پارێزەر سوودی لێ وەردەگرن بۆ سووك کردنی حوکمەکە وچەندەها مەسەلەی تریش کە پەیوەندیان بەو کردارە هەیە ومەبەست لەو دیراسەتە هێنانەدی دادپەروەرییە لە رووی یاسایی وسایکۆلۆجی وستەم نەکردنە لە هیچ کەس لەو بوارەدا.

٦. دەروونزانی سەربازی: ئەو لقە دیراسەتی کەرتێکی تایبەتی دەکات لە کۆمەڵگا کە ئەویش سەربازن. ئەو دیراسەتەش چەند لایەنێك دەگرێتەوە وەك چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرکردە سەربازییەکان وسیفەت وخاسیەتی کەسایەتییان وچۆنیەتی

هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەو سەربازانە کە لە پلەی نزمترن وتاقیکردنەویان بۆ زانینی توانا وبەهرە تایبەتمەندیەکانیان. دیراسەت کردنی گیروگرفتە دەروونییەکانی سەربازان لە ژیانی سەربازیان وداڕشتنی بەرنامەی مەشق کردن وسوود وەرگرتن لە ستراتیجیەکانی فێربوون لە بەکارهێنانی چەك بە هەموو جۆرەکانی، بواری تری دەروونزانین. ئەوە لە کاتی ئاشتی دا، وە لەکاتی جەنگیشدا چالاکی دەروونزانی لەو بوارە زۆرتر وگرنگتر دەبێت بە تایبەتی لە بواری جەنگی دەروونی بە هەموو جۆرەکانی، پروپاگەندە وچەشنەکانی وکردارەکانی مێشك شوشتن وچۆنیەتی بەرز کردنەوەی ورەی سەربازان وبە پێچەوانەش نزم کردنەوە وروخاندنی ورەی سەربازانی دوژمن. لە ڕاستی دا ئەو لقە پاش جەنگی جیهانی یەکەم پەرەی سەند وگەشەی کرد بە تایبەتی لە ئەڵمانیا ولە جەنگی جیهانی[١] دووەمیش دەورێکی باشی بینی لە سەرکەوتنی هەندێك لەشکر وبەزینی هەندێکی تر. نزیکترین لقی دەروونزانی لەو لقە دەروونزانی کۆمەڵایەتی یە کە سوودێکی زۆری بەو لقە گەیاند لە ڕێی ئەنجامدانی لێکۆلینەوەکانی.

٧. **دەروونزانی کلینیکی:** دەروونی مرۆڤ بەردەوام ساغ ودروست نابێت بەڵکو هەندێك جار لەبەر ئالۆزی وگیرگرفتەکانی ژیان تووشی شپرزەیی وناڕێکی دێت وهاوسەنگی تێك دەچێت ولەنگەری نامێنێت جا ئەوە چ لە شێوەی پشێوی دەروونی سادە بێت، وەك دڵەڕاوکی (قلق) وخەمۆکی سادە، وەیان پشێوی ڕەفتار وەك خووگرتن بە ڕەفتاری خراپ وزمانگیرانی دەروونی وهی تر. دەروونزانی کلینیکی ئەرکی دیراسەت کردنی ئەو حاڵەتانە وچارەسەرکردنیانی خستۆتە سەر شانی خۆی. لێرەدا لەگەڵ پزیشکی دەروونی تێك دەکەنەوە بەڵام لە ڕاستیدا جیاوای نێوان ئەو دوو لقە لەلای قووڵی وئالۆزی حاڵەتەکانە چونکە پزیشکی

---

[١] هەندێك لە پۆشەنبیران زاراوەی "جەنگی جیهانی" یان پێ ڕاست نییە چونکە زۆربەی زۆری جیهان بەشداری ئەو جەنگەیان نەکرد وەك: چین وهیندستان ولاتانی ئەفریقیا وولاتانی ئەمریکای باشور وولاتانی باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا. بەلکو جەنگەکە بە پلەی یەکەم جەنگێکی ئەورووپی بوو چونکە هەلگیرسێنەری ئەو دوو جەنگە وگرنگترین بەشداربووانی ولاتانی ئەوروپا وئەمریکای باکوور بوو.

دەروونی چارەسەری پشێوی دەروونی ورەفتاری ئاڵۆز دەکات، کە پێیان دەڵێن نەخۆشییە دەروونی وژیرییەکان، هەرچی دەروونزانی کلینیکییە خۆی لەو جۆرە حالەتانە لادەدات ومامەڵە لەگەڵ پەشێویە دەروونییە سادەکان دەکات بێ ئەوە هەقی ئەوەی هەبێت دەرمان بەکار بهێنێت لە چارەسەرکردنیدا. لەبەر ئەوە مەرج نییە ئەو کەسەی بە چارەسەرکردن هەڵدەستێت پزیشکی دەروونی بێت بەڵکو توێژەری دەروونی راهێنراو ومۆلەت پێدراو دەتوانێت بەو کارە هەڵبستێت.

ئەوەی ڕاستی بێت دەروونزانی چەند لقێکی تری هەیە بێجگە لەوانەی کە باس کران بۆ نمونە لە کۆمەڵەی لقە تیۆریەکان دەروونزانی زمانەوانی ودەروونزانی فەلسەفیمان هەیە ولە کۆمەڵەی لقە پراکتیکییەکانیش دەروونزانی بەڕێوەبردن ودەروونزانی فسیۆلۆجیمان هەیە بەڵام چونکە مەبەست لەو کتێبە ئەوەیە کە تەنها ببێتە دەروازەیەك بۆ خوێنەر دەربارەی دەروونزانی، نەك ببێت بە ئینسکلۆپیدیا کە گشت بابەتەکانی دەروونزانی لە خۆیەوە بگرێت، لەبەر ئەوە تەنها ئاماژەیان بۆ دەکەین وبەدرێژی باسیان ناکەین وکتێبی تایبەتی هەن لەو بوارە ئەگەر خوێنەر بیەوێت زانیاری زیاتر دەربارەیان بزانێت.

خۆت تاقی بکەرە!

١. باسی سێ لق لە لقە تیۆریەکانی دەروونزانی بکە؟
٢. باسی سێ لق لە لقە پراکتیکیەکانی دەروونزانی بکە؟

شێوازەکانی لێکۆڵینەوە لە دەروونزانی

بە شێوەیەکی گشتی (زانست مانای گەڕانە بەدوای زانیاری مەوزوعی وبێ لایەن کە لە ئەنجامی تێبینی کردن وەریدەگرین)[1]. زانست، لە زۆربەی بوارەکانیدا، چوار ئامانجی سەرەکی هەیە:

یەکەم: وەسف کردنی ئەو دیاردەیەی کەلێی دەکۆڵێتەوە واتە هەوڵ دەدات بزانێت چی ڕوویداوە؟

دووەم:تەفسیر کردنی دیاردەکە واتە بزانێت کە دیاردەکە چۆن ڕووی داوە؟ بە واتایەکی تر کەڕان بە دوای هۆیەکانە.

سێیەم: پێش بینی، واتە پێش ئەوەی دیاردەکە ڕوبدات بزانێت کەی ڕوودەدات وکات وشوێنی دیاری بکات. کەی ولەکوێ ولەژێر چ بارودۆخێك ئەو دیاردەیە لە دوارۆژ ڕوودەدات؟

چوارەم: دەست بەسەر دیاردەکەدا بگرێت واتە چۆن دەتوانرێت دەست بەسەر ئەو دیاردەیە بگیرێت وکۆنترۆل بکرێت؟

ئەو چوار ئامانجی ئەلقەی بەیەکبەستراوی زنجیرەیەکن وهەر یەکەیان پشت بە ئەوەی پێشەخۆی دەبەستێت بۆ نمونە ئێمە ناتوانین تەفسیری دیاردەیێك بکەین بێ ئەوەی پێشتر وەسفمان نەکردبێت وە هەروەها ناتوانین پێشبینی دیاردەکە بکەین ئەگەر نەتوانین تەفسیری بکەین وهتد.. لە بواری گەردوون زانی پاش ئەوەی وەسفی ئەستێرەیەك دەکرێت، بە دیاریکردنی قەبارە وجوولە وشوێنی، ئەوا دەتوانرێت بگوترێت ئەو ئەستێرەیە فلانە ڕۆژ لە فلانە کاتژمێر وخولەك وچرکەدا، ولە فلانە شوێن بەدیار دەکەوێت. دیاردەی ڕۆژگیران ومانگ گیرانیش دوو نمونەی زەقن لەو بوارە کە گەردوونزانەکان پێش ڕوودانیان پێیان دەزانن. هۆی ئەوەش ئەوەیە کە هەموو شتێك لەو بوونەوەرەدا بە پێی یاسا بەڕێوە دەچێت ئینجا ئەگەر ئەو یاسایەمان دۆزیەوە، ئەوا دەتوانین پێشبینی بکەین.

---

[1] التجريب في العلوم السلوكية، جون م. نيل و روبرت م. ليبرت، ترجمة: موفق الحمداني وعبد العزيز الشيخ، مطبعة جامعة بغداد، ١٩٨٢، ص٤.

بەڵام مەسەلەی دەست بەسەرداگرتن، کە چوارەم ئامانجی زانستە بە شێوەیەکی گشتی، لە هەموو زانستێکان نایەتەدی. لە بواری پزیشکی دەتوانین دەست بەسەر بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکدا بگرین، بەڵام ئەو ئامانجە لە بواری گەردوون زانی نایەتەدی. لەوانەیە پسپۆری گەردوونزان بتوانێت بەهۆی تیلیسکۆپەکەی زانیاریەکی زۆر دەربارەی مانگ یان خۆر بزانێت، بەڵام ناتوانێت دەست بەسەر جولانەوەی مانگ یان خۆردا بگرێت ونەهێلێت بگیرێن! دەروونزانیش، وەك هەر زانستێکی دیکە، مەبەستی وەسف وتەفسیر کردنی رەفتار وکردارە عەقلییەکانە بە مەبەستی پێشبینی کردنیان لە داهاتوو، بەڵام مەسەلەی کۆنترۆڵ کردنی رەفتاری مرۆڤ هەموو کاتێك نایەتەدی لەبەر چەند هۆیەك، کە هەندێکیان پەیوەندیان بە ئاڵۆزی دیاردەی رەفتارەوە هەیە و هەندێکی تریان پەیوەندیان بە سنوورە ئەخلاقی وکۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە. بەڵام دەروونزانیش، وەك زانستەکانی تر، چەندەها رێگا وئامرازی زانستی هەیە بۆ لێکۆڵینەوە وتوێژینەوە وئەم رێگا وئامرازانەش مەوزوعین وزانستین وروون وئاشکران وچەندەها خاسیەتی تریشیان هەیە کە لێرەدا ماوە نییە بە درێژی باسیان بکەین، ئینجا با بزانین ئەو رێگا وشێوازانە چین کە دەروونزانی پەیرەویان دەکات لە لێکۆڵینەوەی بابەتەکانی؟ لە چ کاتێك وبۆ چ حالەتێك بەکاردێن؟ سنووری هەر یەکەیان چۆن دیاری دەکرێت؟

رێگا وشێوازەکانی لێکۆڵینەوەی دەروونزانی زۆرن، لێرەدا باسی حەوتیان دەکەین کە بریتین لە تێبینی کردنی زانستیانە، تێرمان، ئەزموون، دیراسەتکردنی حالەتێك، دیمانە، بەدواچوون، تاقی کردنەوە وپێوەرەکان.

یەکەم: تێبینی کردن

شێوازی تێبینی کردن سەرەتا ویەکەم هەنگاوی زانستە لە هەموو بوارێکدا، کە بە هۆیەوە دەتوانین زنیاری دەربارەی دیاردە بەرجەستەکان کۆبکەینەوە. ئەوەی راستی بێت کرداری تێبینی کردنیش چەند پلە وجۆری هەیە، جۆرێکی بەپەلە وسەرپێیی ئەنجام دەدرێت وەك ئەوەی لە ژیانی رۆژانەماندا دەیکەین بێ ئەوەی مەبەستمان دیراسەت کردنی ئەو شتە بێت کە تێبینی دەکەین بەڵکو مەبەستمان تەنها کۆکردنەوەی زانیاریە بەو رادەیەی کە پێویستمان پێیەتی ئەگەر هاتوو

مامەلەمان لەگەل ئەو شتە کرد. بێ گومان ئەو جۆرە تێبینی کردنە زانستی نییە وناتوانین پشتی پێ ببەستین. تێبینی کردنی زانستی بریتییە لە چاودێریکردنی دیاردەیەکی تایبەتی ودیاریکراو وبەشێوەیەکی مەوزوعی بە نیازی لێکۆلینەوەی زانستی وکۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی، وتۆمارکردنی بۆ ئەوەی لە یاد نەچێت. بۆ نمونە دیراسەت کردنی رەفتاری هاوکاری کردن لا مندالان پێویستی بە تێبینی رەفتاریان هەیە لە کاتی کارکردن ویاری کردنیان ووێنەگرتنیان، چ بە کامیرەی ڤیدیۆ یان هەر ئامرازێکی تری تۆمار کردن، لە هەر بارێك کە لەوانەیە بە هاوکاری لەقەلەم بدرێت لای بابای توێژەر. لەو حالەتەدا پێویستە تێبینیکار (الملاحظ) لەبەر چاو نەبێت چونکە لەوانەیە ئاشکرابوون وبەدیارکەوتنی ببێتە هۆی ئەوەی رەفتاری منداله تێبینی کراوەکان سروشتی نەبێت. دەکرێت کەسێك یان زیاتر لە کەسێك کرداری تێبینی کردن ئەنجام بدان بە مەبەستی دابین کردنی راستی ودروستی زانیاریە کۆکراوەکان وبەدوور خستنەوەی فاکتەری خودی تێبینیکار لە کرداری تۆمارکردنی زانیاریەکان.

دەتوانرێت تێبینی کردن لە تاقیگە وەیان لە حالەتی سروشتی ئەنجام بدرێت ئەوەش بەندە بە سروشتی دیاردەکە وبەو شێوەیەی کە سەلامەتی تێبینی کردن دابین دەکات. بۆ نمونە دیراسەت کردنی داب ونەریتی کۆمەلگا سەرەتاییەکان لە بواری کۆمەلایەتی وئابووری وهتد.. ناگونجێت کە لە تاقیگە ئەنجام بدرێت چونکە ناکرێت ئەو کۆمەلگایە بهێنین بۆ تاقیگە ئنجا تێبینی رەفتاریان بکەین! هەلبەتە ئەو شێوازە راست وزانستی نییە وئەنجامەکەشی بێ سوودە لەبەر ئەوە پێویستە ئەو دیاردەیە لە بواری سروشتی خۆیدا تێبینی بکرێت. بەلام دەتوانین چەند مشك وجورجێك پەیدا بکەین و لەتاقیگە ئەزموون وتاقی کردنەوەیان لەسەر ئەنجام بدەین.

لەوانەیە تێبینیکار بەشداری لەو تاقی کردنەوەیە بکات کە تێبینی دەکات و جۆرە پێی دەگوترێت تێبینی بەشدار ولەوانەیە یەکێك لە توێژەرەکان بەشداری تاقی کردنەوە وئەزموونەکە بکات وتوێژەرێکی تر تێبینی حالەتەکە بکات وزانیاری دەربارەی تۆمار بکات.

ئەو چەشنە تێبینییانەی باسمان کردن تەنها لایە دیار وبەرچاوەکانی دیاردە ئاشکرا دەکات بەلام لای ناوەوە ودەروونییەکان بەدیار ناخات. ئیجا بۆ نەهێشتنی ئەو خاڵە لاوازە لە شێوازی تێبینی کردندا، توێژەرەکان شێوازێکی تر لە تێبینی کردن بەکار دەهێنن پێی دەگوترێت تێبینی کردنی پێوەلکاو یان فرێدراو (الملاحظة الإسقاطية). تێبینیکار لە جۆرە شێوازە هەوڵ دەدات، بۆ ئەوەی لایەنی ناوەوەی دیاردەکە یان رەفتارەکە بەدیار بخات، بۆ ئەوەی خۆی لە جێگای کابرای تێبینیکراو دابنێت و شارەزایی خۆی بێنێتەوە یاد کە ئەگەر ئەوڵەو جۆرە مەوقفەدا بووایە هەستی بە چ دەکرد؟ شایەنی باسە کە ئەو جۆرە تێبینی کردنە زۆر ڕاست نییە چونکە بۆ نمونە باری دەروونی منداڵ (تێبینیکراو) زۆر جیاوازە لەگەڵ هی پیاو (تێبینیکار)، یان هی ئافرەت جیاوازە لەگەڵ هی پیاو وهتد.. لەبەر ئەو هۆیانە شێوازێکی تر بەکار دەهێنرێت کە پێی دەگوترێت تێڕامان.

دووەم: تێڕامان

مەبەست لە تێڕامان (الاستبطان) ئەوەیە کە مرۆڤ تێبینی ووەسفی باری دەروونی خۆی بکات ئینجا چ لە حالەتی دلخۆشی یان غەمباری یان توڕەیی یان حالەتی بیرکردنەوە وەیان هەر حالەتێکی دەروونی تر، پاشان هەلبستێت بە شی کردنەوە ولێکدانەوەی ئەو حالەتە چ لە کاتی ئێستا بێت یان لە رابردوو. ئەو شێوازە لەسەر حەقیقەتێك دامەزراوە کە دەڵێت مرۆڤ لە هەموو کەس باشتر دەتوانێت وەسفی باری دەروونی ناوەوەی خۆی بکات. لە ژیانی ڕۆژانەماندا ئەو شێوازە بەکار دەهێنین بەلام بەشێوەیەکی سەرپێیی ونازانستانە چونکە ئەو کردارە پێویستی بە مەشق وڕاهێنان وشارەزاییەکی باش هەیە بە تایبەتی ئەگەر بە مەبەستی لێکۆلینەوەی زانستی بێت.

تێڕامان شێوازێکی سەرەکی بوو لە چەند قوتابخانەیەکی دەروونی وەك پەیوەستکاری ووەزیفی وگشتالت بەلام لەلایەن قوتابخانی رەفتارکاری رەخنەیەکی زۆری لێ گیرا کە لە راستیدا رەخنەکان بەجێن، بۆ نمونە دەڵێن تێڕامان هەرچەندە بە زیرەکی و لێزانی ئەنجام بدرێت هەر کردارێکی خودی (زاتی) یە، واتە نە دەتوانرێت دووبارە بکرێتەوە ونەکەسێکی تر دەتوانێت تێبینی

وتۆماری بکات، وهەروەها هەندێك حاڵەتی دەروونی هەیە کە مرۆڤ ناتوانێت بە زمان وسفیان بکات یان دەریان ببڕێت ولە هەمان کاتیشدا باری دەروونی مرۆڤ لە کاتی تێڕامان دەگۆڕێت ومرۆڤ ناتوانێت هەم تێبینیکار وهەم تێبینیکراو بێت لەهەمان کاتدا. ئەوە وچەندەها رەخنەی تریش کە ئاراستەی ئەو شێوازە کرا وبووە هۆی سست بوونی کاریگەری، بەڵام لەگەل ئەوەشدا تێڕمان شێوازێکی سوود بەخشە بە تایبەتی ئەگەر مەرجە زانستییەکانی تێدا ڕەچاو بکرێت ولە سنووری دیاریکراوی خۆیدا جێ بەجێ بکرێت، بۆ نمونە لە دیراسەت کردنی بابەتی زانین، تێڕامان بە سەرەتا وهەنگاوێکی پێویست دادەنرێت لە دامەزراندنی پەیوەندی دەروونی بە فیزیاویەکان[٢].

سێ یەم: تاقی کردنەوە وپێوەرەکان

دەروونزانی ئەمەریکی ئیدوارد ثورندایك دەڵێت: "هەموو شتێك ڕێژە وچەندیەتی هەیە کەواتە هەموو شتێك دەشێت بپیورێت". ئەوەی راستی بێت قورئانی پیرۆز پێش ئەوە بە چەند سەدەیەك ئاشکرای کردووە کە خودا هەموو شتێکی بە ڕێژەیەکی دیاریکراو دروست کردووە، جا ئەو شتە چ ماددی بێت چ مەعنوی[٣]. پێوەر وتاقی کردنەوە سایکۆلۆجیەکان لەسەر ئەو راستی یە دامەزراون بە مەبەستی دیاریکردنی چەندیەتی دیاردە دەروونی یەکان.

پێوەرە سایکۆلۆجیەکان دوو جۆرن: تاقی کردنەوەی بە زمان وتاقی کردنەوەی بە کردار[٤]. جۆری یەکەم بریتیە لە کۆمەڵە پرسیارێك دەربارەی ئەو دیاردەیەی کە دەمانەوێت بیپێوین ئینجا ئەو دیاردەیە چ ئاستی زیرەکی بێت یان ڕێژەی فێربوون یان کەسایەتی یان هەر سیفەت وبەهرەیەك بێت. ئاشکراترین نمونە بۆ ئەو جۆرە پێوەرانە ئەو تاقی کردنەوانەن کە مامۆستایان لە قوتابخانەکان ئەنجامیان دەدەن بەمەبەستی زانینی ئاستی فێربوونی قوتابی وخوێندکاران لەو

---

[١]مناهج البحث في علم النفس، اشراف: أندروز، ترجمة: د. يوسف مراد، مصر: دار المعارف، ١٩٥٩.

[٢] "إنا كل شيء خلقناه بقدر" (سورة القمر: ٤٩).

[٤] پێوەرەکانی بە چەند شێوەیەکی تریش پۆلێن دەکرێن وەك: پێوەرە تاکیەکان وپێوەرە کۆمەڵیەکان...

بابەتانەی کە خوێندوویانە، بۆ نمونە تاقی کردنەوەی بابەتی مێژوو، یان زمانی ئینگلیزی وهتد..دیارە ئەو تاقی کردنەوانەش لە چەند پرسیارێك پێك دێن وقوتابی پێویستە وەلامیان بداتەوە، چ بە قسە چ بە نووسین. ئینجا بە پێی ولامدانەوەی ئەو پرسیارانە، نمرە دادەنرێت وئاستی تاقیکراو دەخەملێنرێت.

لە جۆری دووەم لە پێوەرەکان داوا لە تاقیکراو دەکرێت کە بەچەند کردارێك هەلبستێت وەك جیا کردنەوەی دوو ئەلقە یان دروست کردنی چوار چوارگۆشە بە شەش دەنکە شقاتە وهتد.. ئینجا بە پێی چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو کردارانە، وکەوتنی یان سەرکەوتنی لەو کارانە، نمرە بۆ تاقیکراو دیاری دەکرێت. ئەو جۆرە تاقی کردنەوانە لە ئامادەییە پیشەییەکان وچەند کۆلێژێك وەك کۆلیژی پزیشکی وئەندازە وهەندێك لە بەشەکانی کۆلیژەکانی زانیاری وپەروەردە وپەیمانگا تەکنۆلۆجی و پزیشکی یەکان، ئەو جۆرە پێوەرە بەکار دەهێنرێت.

ئەوەی راستی بێت پێوانی زیرەکی کەسێك وەك پێوانی بەژن وبالای ئەو کەسە ئاسان نییە وشتێکی بەلگەنەویستە کە پێوانی شتە ماددی یەکان ئاسانتر وراستتر ووردترە لە پێوانی شتە نامادەی یەکان (دەروونی یەکان) ئەوەش لەبەر چەند هۆیەك:

١. پێوانی شتە ماددی یەکان بە شێوەیەکی راستەوخۆ ئەنجام دەدرێت کەچی دیاردە دەروونی یەکان پێویستە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ بپێورێن.
٢. پێوەرەکانی شتە ماددی یەکان یەکەیەکی چەسپاو ونەگۆڕیان هەیە وەك گرام وسانتیمەتر وهتد، هەرچی پێوەرە دەروونی وسایکۆلۆجیەکانە یەکەکانی ڕەها وجێگیر ونەگۆڕ نین وەك جۆری یەکەم بەلکو گۆڕانیان تیادا ڕوو دەدات.
٣. سروشتی دیاردە دەروونیەکان ئالۆزتر وتەماوی ترە ئەگەر بەدیاردە سروشتییە ماددی یەکان بەراورد بکرێن.

ئەو ڕەخنانە وەنەبێ هەموو بەها وگرنگیەك لەو جۆرە پێوەرانە دابمالێت بەلکو ئەو شێوازە بەردەوام بەکار دەهێنرێت بە تایبەتی لە دەزگای پەروەردەیی یەکان وهی تریش چونکە هەتا ئێستا ئەلتەرنەتیڤی نییە.

٤. بەدواچوون (الطريقة التبعية Follow-up method)

ئەو جۆرە شێوازە لەگەڵ ئەو دیاردانە بەكار دەهێنرێت كە بە چەند قۆناغ وهەنگاوێك گەشە ونەشونمایان تەواو دەبێت وەك زیرەكی وزمان وهتد.. توێژەر لەكاتی بەكارهێنانی ئەو شێوازە هەلدەستێت بە پیوانی دیاردەكە لە چەند قۆناغێكی جیاواز ئینجا بەراوردیان لە نێوان دەكات وچەند ئەنجامێكی دەست دەكەوێت. ئەو شێوازە دوو چەشنی هەیە:

چەشنی یەكەم: شێوازی درێژایی (الطريقة الطولية Longitudinal method)

ئەو توێژەرەی كە ئەو شێوازە بەكار دێنێ هەلدەستێ بە دیراسە كردنی كەسێك یان چەند كەسێك بۆ ماوەیەكی درێژ كە لەوانەیە بگاتە بیست یان سی ساڵ! بۆ نمونە لێكۆلینەوەكەی (لویس ترمان) بیست وپێنج سالی خایاند. ئینجا توێژەر ئەو گۆرانانە تۆمار دەكات كە بەسەر دیاردەكە هاتووە لەو ماوەیەدا. بۆ نمونە ئەگەر بمانەوێت دیراستەتی درێژی كەسێك بكەین لەسەرەتای لە دایك بوونی هەتا تەمەنی بیست ساڵ ئەوا هەلدەستین بە پیوانی درێژی كەسەكە لەكاتی لە دایك بوونیدا وپاشان لە تەمەنی یەك مانگی دا ودوای لە تەمەنی دوو مانگی وە هەروەها هەتاكو تەمەنی بیست سالی. بەو شێوەیە دەتوانین ئەو ماوەیە دیاری بكەین، جا چ بە مانگ بێت یان بە ساڵ، كە گەشەكردنی درێژی خێراو بە پەلە بوو وئەو كاتەی كە سست ولاواز بووە. بەم جۆرەش دەتوانین دیراسەتی گەشەكردنی دیاردەكانی وەك ژیری (عقل) وتاوگێری (انفعال) وپەیوەندی كۆمەلایەتی ئەنجام بدەین. دەروونزانی فەرەنسی بەناوبانگ جان پیاجێ لە دیراسە كردنی زیرەكی دوو منداڵەكەی ئەو شێوازەی بەكار هێنا وزانیاریەكی زۆریشی بە دەست كەوت لەو رێگایەوە كە توانی بیردۆزی خۆی لەسەریان دابمەزرێنێ.

هەرچەندە ئەو شێوازە زانیاری وردمان دەربارەی دیاردەكان دەداتێ وسوودێكی زۆریشی هەیە، بەلام چەند رەخنەیەكی لێ گیراوە وەك:

.أ

ب. نەتوانینی بەگشت کردنی (تعمیم) ئەنجامەکان بە ئاسانی چونکە لە زۆربەی حالەتەکان تاک تاکن وچەند رەخنەیەکی تریشی لێگیراوە کە وایکرد دەروونزانەکان شێوازی پانایی بەکار بهێنن.

چەشنی دووەم: شێوازی پانایی (الطريقة العرضية Cross-sectional method)

بە پێی ئەو شێوازە، توێژەر کۆمەلە کەسێك هەلدەبژێرێت، واتە نمونەیەك لە کۆمەل یان کورد گوتەنی: مشتێك لە خەوارێك، بە شێوەیەکی هەرەمەکی (واتە عشوائی[*]) بە مرجێك گشت قۆناغەکانی گەشەکردنی دیاردەکە بنوێنن. بۆ نمونە ئەگەر بیەوێت دیراسەتی درێژی بالاّ بکات وقۆناغە خێرا وسستەکانی دەست نیشان بکات، ئەوا هەلدەستێت بە هەلبژاردنی، بۆ نمونە سەد کەس، بە شێوەیەکی هەرەمەکی وهەرچەندە ئەو نمونەیە (عینە) گەورەتر بێت باشترە، بە مەرجێك هەر یەکەیان قۆناغێکی تەمەن بنوێنن، واتە یەکێکیان تەمەنی مانگێك بێت ودووەمیان دوو مانگ وهتد.. وهەتا ئەو تەمەنەی کە دەمانەوێ دیراسەی بکەین. ئینجا توێژەر هەلدەستێ بە پیوانی درێژی ئەو سەد کەسە وبەو شێوەیە دەتوانێت بزانێت لە چ تەمەنێك گەشەکردنی درێژی خێرا یان سست دەبێت. لە خاسیەتە باشەکانی ئەو شێوازە ئەویە کە:

أ. پێویست بە کاتێکی زۆر ناکات

ب. دەتوانین ئەنجامەکانی بەسەر ئەو کۆمەلە (تعمیم) بکەین کە نمونەکەی لێ وەرگیراوە.

بەلاّم ئەو شێوازەش چەند رەخنەیەکی لێگیراوە بۆ نمونە ئەو زانیاریانەی کە بەو رێگایە بەدەست دەکەوێت زۆر ورد نین بەلکو گشتین وتوێژەر بەو شێوازە ناتوانێت هاوکات دیراسەی چەند دیاردەیەکی تریش بکات کە پەیوەندی بەو دیاردەیە هەیە کە لێی دەکۆلێتەوە. باشترین چارە بۆ ئەو رەخنانە ئەوەیە کە هەردوو شێوازی درێژایی و پانایی، بەکاربهێنرێن لە کاتی دیراسەکردنی دیاردە سایکۆلۆجیەکاندا.

---

[*] زاراوەی عشوائی، مانای وایە هەموو تاکەکانی ئەو کۆمەلەی کە دیراسەی دەکەین، دەرفەتی یەکسانیان هەیە بۆ بەشداری بوون لە لیکۆلینەوەکە.

٥. لێکۆلینەوەکانی تاکە حالەت (دراسات الحالة Case studies)

ئەو شێوازە لە بواری چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونی وعەقلییەکان بەکار دێت و بریتییە لە دیراسە کردنی باری دەروونی بابای نەخۆش یان خاون گیروگرفت لە رێگای کۆ کردنەوەی زانیاری دەربارەی ژیانی رابردووی، هەر لە قۆناغی منداڵیەوە هەتا کاتی تووش بوونی، بە مەبەستی دەست نیشان کردنی نەخۆشیەکە وهۆیەکانی.

شێوازی دیراسەکردنی ژیانی کەسایەتی (Biography Method) کە لە شێوازی لێکۆلینەوەی تاکە حالەت دەچێت، لە کاتی دیراسەکردنی ژیانی کەسایەتییە بەناوبانگەکان، چ لە بواری ئەدەب، هونەر، زانست، یان وەرزش، بەکار دەهێندرێت.

ئەو دوو جۆرە شێوازە دەخرێنە ژێر ناوی لێکۆلینەوە مێژووییەکان؟ واتە توێژەر پشت بەو زانیاریانە دەبەستێت کە لە سەرچاوە بروا پێکراوەکان، بۆ نمونە کەس وکارو خزم وناسیاوی نەخۆش، یان سەرچاوە پێکراوەکان، کە دەربارەی ژیانی کەسایەتییە بەناوبانگەکە، زانیاریان بلاوکردۆتەوە. پاشان هەلدەستێ بە شی کردنەوەی ئەو زانیاریانە کە لەو سەرچاوانە دەستی کەوتووە بە مەبەستی ئەوەی کە باشتر وروونتر لەو کەسایەتی یە بگات. فرۆید لە کتێبی (التحلیل النفسی والفن) ئەو شێوازەی پیادە کردووە بۆ دیراسە کردنی کەسایەتی نیگارکێشی ئیتالی بەناوبانگ (لیۆناردۆ دافینشی) ورۆماننووسی روسی ناودار (تیۆدۆر دیستۆفسکی). بەلام لە کاتی شیکردنەوەی زانیاریەکان، فرۆید رێباز وشێوازی تایبەتی خۆی بەکارهێناوە کە لە باسی قوتابخانەی شیکاری دەروونی بە کورتی ئاماژەمان بۆی کرد.

٦. لێکۆڵینەوە پەیوەستیەکان (الدراسات الارتباطیة Correlational studies)

ئەو گەردوونەی تێیدا دەژین زۆر رێك وپێکە وهەموو بەشەکانی، بە گچکە وگەورەوە، بە یەکەوە بەستراون. ئینجا کە هەر دیاردەیەك روو دەدات بێ گومان پەیوەندی بە چەند دیاردەیەکی تر هەیە وئەرکی زانست بریتی یە لە دۆزینەوەی ئەو جۆرە پەیوەندیانە. لە بواری دەروونزانیش دیاردەکە بەیەکەوە بەستراون، بۆ

نمونە کەسایەتی مرۆڤ بە پرۆسەی پەروەردە کردن بەستراوە وئەویش پەیوەندی هەیە بە ئاستی فێربوونی دایك وباوك وهتد..

شێوازی لێکۆلینەوەکانی پەیوەستی هەوڵ دەدات پەیوەندی نێوان دیاردە دەروونی یەکان ورەفتار بدۆزێتەوە، وەك پەیوەندی نێوان مەی خواردنەوە وتاوان، یان نێوان زیرەکی وئاستی ئابوری، یان نێوان خۆکوشتن وخەمباری، وەیان نێوان نەخۆشی شیزۆفرینیا وفاکتەری بۆماوە وهتد.. بۆ زێدە روون کردنەوە با نمونەیەك بهێنینەوە وبپرسین: ئایا چ پەیوەندی هەیە نێوان بالا بەرزی وزیرەکی لا خوێندکاری کوڕ؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە پێویست دەکات لێکۆڵینەوەیەکی پەیوەستی ئەنجام بدەین بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ئەو دوو فاکتەرە. لەو نمونەیە دوو گۆڕاو (متغیر) هەن، یەکەمیان بریتییە لە بالا بەرزی ودووەمیان زیرەکی. ئینجا کۆمەڵێك خوێندکاری زانکۆ هەڵدەبژێرین بە شێوەیەکی هەڕەمەکی (واتە عشوائي)، گریمان ١٠ خوێندکار بوون. پاشان هەڵدەستین بە پیوانی بالایان وپیوانی ئاستی زیرەکیان، لە رێگای تاقی کردنەوەکانی زیرەکی. لە ئەنجامدا هەر خوێندکارێك دوو نمرەی دەبێت: یەکێکیان ئاماژە بۆ درێژی بالا دەکات وئەوی تریان بۆ ئاستی زیرەکی.

دەتوانرێت بە هۆی هاوکێشەی پیەرسۆن، ئەو زانیاریانە شی بکرێنەوە وئەنجامەمان بکەوێتە دەست وبزانین ئایا چ پەیوەندیەك نێوان ئەو دوو فاکتەرە هەیە یان نا. هەر چۆنێك بێت، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی پەیوەستی لە ١+ زیاتر نابێت ولە ١- کەمتر نابێت ولەوانەشە ئەنجامەکە سفر بێت. ئەگەر ئەنجامی هاوکێشەکە سفر بوو، ئەوە مانای وایە هیچ پەیوەندیەك نێوان ئەو دوو گۆڕاوە نی یە.. بەلام ئەگەر ئەنجامەکە نزیك بوو لە ١+ ئەوە مانای وایە پەیوەندیەکی بەهێزی راستەوخۆ نێوان ئەو دوو گۆڕاوەدا هەیە. مەبەست لە پەیوەندی راستەوانە ئەوەیە کە ئەگەر فاکتەرێك زیاد بکات ئەوی تریشیان زیاد دەکات، واتە ئەوانەی بالا بەرزن ئاستی زیرەکیشیان بەرزە. بەلام ئەگەر ئەنجامەکە نزیك بوو لە ١- ئەوە مانای وایە کە پەیوەندیەکی بەهێزی پێچەوانە نێوانیان هەیە، واتە ئەگەر فاکتەرێك زیادی کرد

ئەوی تریان کەم دەکاتەوە، ئەوەش مانای وایە ئەوانەی بالآیان بەرزە ئاستی زیرەکییان نزمە وپێچەوانەکەشی راستە.

خشتە ١: پەیوەندی نێوان بالآ بەرزی وزیرەکی لای خوێندکاران

خوێندکار	نمرەی درێژی بالآی	نمرەی ئاستی زیرەکی
کاوە	١٧٥	١١٥
شوان	١٧٠	١٢٠
سەربەست	١٨٢	١١٧
گۆڤەند	١٦١	١١٩
رەنج	١٦٥	١٢١
رابەر	١٧٧	١١٥
شەمال	١٨٣	١٢١
نوزاد	١٦٦	٩٨
هێمن	١٧٠	١١٣
هەژار	١٨١	١٠٠

ئەوەی راستی بێت ئەو شێوازە وشێوازەکانیش تریش کە باسمان کردن کەموکورتیەکی هاوبەشیان هەیە ئەویش ئەوەیە هیچیان پەیوەندی هۆیەتی (العلاقه السببیه) نێوان فاکتەرەکان دیاری ناکەن، واتە نازانین کام فاکتەر هۆیەو کامیان ئەنجامە؟ لەبەر ئەوە باشترین شێوازی لێکۆڵینەوە وتەنها شێواز بۆ دەست نیشان کردنی پەیوەندی هۆیەتی نێوان فاکتەرەکان، چ سروشتی بن یان دەروونی یان کۆمەلآیەتی، بریتییە لە شێوازی ئەزموونگەری.

٧. **ئەزموونگەری** (الطریقة التجریبیة Experimental method)

لەبەر ئەوەی هیچ کام لەو شێوازانەی کە ئاماژەمان بۆ کردن، فاکتەرەکان تیایاندا کۆنترۆل ناکرێن، بۆیە ناتوانین پەیوەندی هۆیەتی بدۆزینەوە. لە ئەزموونـدا، توێژەر دەتوانێت فاکتەرەکان کۆنترۆڵ بکات وچۆن بیەوێت بیان گۆرێت. بەو شێوەیە کاریگەری ئەو فاکتەری لەسەر فاکتەرێکی تری بۆ ئاشکرا دەبێت. با ئەو شێوازە بە نمونە روون بکەینەوە.

یەکەم هەنگاو لە ئەنجام دانی ئەزموون (تجربة) بریتیە لە دانانی گریمانێك (فرضية) کە بریتییە لە رستەیەك کە ئاماژە بۆ پەیوەندیکی دیاریکراو نێوان دوو فاکتەر، دیاردە، یان زیاتر دەکات. بۆ نمونە گریمان گوێ گرتن لە مۆسیقای کلاسیکی بەرهەمی کرێکاران زیاد دەکات.

دووەم هەنگاو بریتییە لە تاقی کردنەوەی ئەو گریمانە، واتە بزانین راستە یان نا. ئینجا هەڵدەستین بە دیاریکردنی گۆڕاوەکان، یان فاکتەرەکان، کە دوو جۆرن:

١. گۆڕاوی سەربەست (المتغير المستقل Independent Variable) یان گۆڕاوی ئەزموونی (المتغير التجريبي Experimental Variable) کە بریتییە لەو مەرج وورياکەرەوانەی کە توێژەر دەستيان بەسەردا دەگرێت ودەیان گۆڕێت.
٢. گۆڕاوی پشت بەست (المتغير التابع أو المعتمد Dependent Variable) کە بریتییە لەو رەفتارانەی کە پاش بەکار هێنانی گۆڕاوی سەربەست دەپورێن[٦].

لە نمونەکەماندا گوێ گرتن لە مۆسیقا گۆڕاوی سەربەستە کە توێژەر بەکاری دێنێت بۆ دیاریکردنی کاریگەری لەسەر بەرهەم هێنان، واتە لەسەر گۆڕاوی پشت بەست. ئینجا بۆ ئەو مەبەستە، توێژەر کۆمەڵێك کرێکار لە کارگەیەك هەڵدەبژێرێت، بە شێوەیەکی هەرەمەکی، وپاشان بۆ دوو گروپ دابەشیان دەکات بە مرجێك هەردوو گروپ لە هەموو لایەکەوە یەکسان بن. پاشان گۆڕاوی سەربەست لەگەڵ گروپێك بەکار دێنێ کە پێی دەگوترێت گروپی ئەزموونی (المجموعة التجريبية Experimental Group) واتە ئەو گروپە لە کاتی کارکردندا گوێ لە مۆسیقای کلاسیکی دەگرن. گروپی دووەم، کە پێی دەگوترێت گروپی کۆنترۆڵ کراو (المجموعة الضابطة Control Group) گۆڕاوی سەربەستیان لەگەڵ بەکار ناهێنرێت، واتە بە شێوەی ئاسایی کاردەکەن بێ ئەوەی گوێیان لە مۆسیقا بێت. پاش تێپەڕ بوونی ماوەیەك، کە توێژەر دیاری دەکات، با بڵێین مانگێك، توێژەر بەرهەمی هەردوو گروپ دەپیوێت وبەراوردیان دەکات. ئینجا ئەگەر بەرهەمی گروپی ئەزموونی زیاتر بوو، واتە ئەو گروپەی کە گوێیان لە مۆسیقای دەگرت لە کاتی کارکردنیاندا، ئەوە مانای وایە کە گوێ گرتن لە مۆسیقای کلاسیکی دەبێتە هۆی زیاد بوونی بەرهەمی کرێکاران.

---

[٦] التجريب في العلوم السلوكية، ص٢١.

ئەوەش مانای وایە گریمانەکەمان ڕاست بوو. بەڵام ئەگەر ئەنجامەکە بە پێچەوانە بوو، واتە بەرهەمی گروپی ئەزموونی کەمتر بوو لە بەرهەمی گروپی کۆنترۆڵ کراو، ئەوە مانای وایە کە گوێ گرتن لە مۆسیقا دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی بەرهەم، واتە گریمانەکەمان راست نەبوو. لەوانەشە بەرهەمی هەردوو گروپ یەکسان بێت، لەو حالەتەدا دەڵێین گوێ گرتن لە مۆسیقا هیچ کاریگەری نییە لەسەر بەرهەم هێنان. ئەوەش دیسان مانای وایە کە گریمانەکەمان راست نەبووە وپێویستە چاوی پێدا بخشێنینەوە.

ئەوەی راستی بێت ئەو نمونەیە زۆر سادە وساکارە وتەنیا بە مەبەستی نزیک کردنەوەی بابەتەکە باسمان کرد. ئەزموونی سایکۆلۆجی زۆر لەوە گرانتر وئاڵۆزترە ودەروونزانەکان چەندەها مەرج وسنووری هەمەجۆریان بۆ ئەنجامدانی ئەزموون داناوە بۆ ئەوەی ساغ وسەلامەتی ئەزموونەکە دابین بکرێت ورەخنەی لێ نەگیرێت وئەنجامەکەشی مایەی پشت پێ بەستن بێت. ئەو مەرجانەش دوو جۆرن: مەرجەکانی سەلامەتی ناوەوە ومەرجەکانی سەلامەتی دەرەوە. لە نمونەی پێشوو ئەگەر ئەو دوو جۆرە مەرجە لە ئەزموونەکە نەیەتەدی، ئەوە لەوانە ئەنجامی ئەزموونەکە چەواشەمان بکات وگریمانەکە بەراست بزانین لەو کاتەی کە چەوتە.

خۆت تاقی بکەوە!

١. زانست چییە؟ ئامانجەکانی چین؟
٢. جۆرەکانی تێبینی کردن چین وکەم وکورتیەکانی چین؟
٣. هەندێك لەو رەخنانە باس بکە کە ئاراستەی شێوازی تێرامان کراوە.
٤. پێوەرەکان دەکرێن بە دوو جۆر؟ ئەو جۆرانە چین؟
٥. باسی چەشنەکان بەدواچوون بکە ولایەنی باشی وخراپی هەر چەشنێك دیاری بکە.
٦. بە نمونە شێوازی لێکۆڵینەوەی پەیوەستی روون بکەوە.
٧. ئەو شتە چییە کە تەنیا شێوازی ئەزموونگەری پێشکەشی دەکات؟

هەست كردن

هەست بناغە وبنچینەی ژیانی دەروونییە ویەكەم ئەلقەیە لە زنجیرەی ژیان. كەس نكۆڵی لە گرنگی هەست ناكات وبێگومان ژیانێكی ڕاستەقینە بەبێ هەست ئەستەمە ونایەتەدی.

هەر لەمێژەوە وا فێركراوین كە مرۆڤ تەنها پێنج هەستی هەیە كە بریتین لە بینین وبیستن وتام كردن وبۆن كردن وبەركەوتن (لمس). لەوانەشە بیستوومانە كە هەستی شەشەم یان حەوتەمیش هەیە، كە مەبەست توانا پاراسایكۆلۆجیەكانە. ئەوەی ڕاستی بێت مرۆڤ خاوەنی یازدە هەستە وئەو پێنجەی تازە باسمان كردن سەرەكین وشەشەكەی تریش ئەمانەن: هەست كردن بە گەرمی، هەست كردن بە ساردی، هەست كردن بە ئازار، هەست كردن بە هاوسەنگی، هەست كردن بە جوڵانەوەی لەش، وهەست كردن بە پاڵەپەستۆ. هەر یەك لەو هەستانە ئەندامی تایبەتی خۆیان هەیە كە یارمەتی هێنانەدی ئەو هەستانە دەكەن. باشە مرۆڤ چۆن هەست دەكات؟

كرداری هەست پێویستی بە سێ لایەن هەیە: شتە هەستپێكراوەكە، ئەندامی هەست، ومێشك. شتە هەستپێكراوەكان، هەندێك جار بە ورياكەرەوە (منبه) وهەندێك جاری تریش بە وروژێنەر (مثير) ناودەبرێن، چوار جۆرن:

أ. وریاكەرەوەی كیمیاوی، كە بە هۆی بۆن وتام كردن هەستیان پێدەكەین.

ب. وریاكەرەوەی ڕوناكی، كە چاو ئەندامی هەستیەتی.

ت. وریاكەرەوەی گەرمی، كە ئەندامی هەستی پێستە.

پ. وریاكەرەوەی میكانیكی، كە ئەندامی هەست پێكردنی لەشە بە گشتی وچەند ناوچەیەكی تایبەتی تیایدا.

وریاكەرەوە، بۆ ئەوەی وریامان بكاتەوە، پێویستە بگاتە ئاست وپلەیەكی دیاریكراو بۆ ئەوەی بتوانێت ئەندامی هەست وریابكاتەوە. بۆ نمونە هەر دەنگێك لەرینەوەی (واتە ذبذبة) لە ٢٠ كەمتر بێت لە یەك چركەیەكدا، یان لە ٢٠٠٠ لەرینەوە لە چركەیەك زیاتر بێت ئەوا هەستی پێ ناكەین ونایبیستین چونكە ئەو جۆرە لەرینەوەیە ناتوانێت ئەندامی هەست لە گوێچكە وریابكاتەوە. لێرەدا چەمكی

دەرماڵی هەست، واتە: عتبة الإحـــساس (Sensory threshold) روون دەبێتـەوە کـە بـریتی یـە لـە کـەمترین وزە کـە پێویـستە هـەر ورياکەرەوەيـەك هـەيبێت بـۆ ورياکردنەوەی ئەندامەکانی هەست. هـەر ئەنـداميٚکيش دوو دەرمـاڵی هەيـە: يەکـەم دەرماڵی بەرەڵا، کە تازە باسمـان کـرد، ودووەمیـان دەرمـاڵی بـاڵا، کـە بريتيـە لـە بەرزترین ڕادەی وزەی وریاکـەرەوە کـە ئەنـدامی هەسـت لـەوە زیـاتر پێـی قـەبول ناکرێت. ئێستاش با بزانین وریاکەرەوە چۆن کار لە ئەندامی هەست دەکات؟

هەستە خانەکان[1] (واتە الخلايا الحسية) بە ژمارەيـەکی زۆر لـە ژێـر پێـستدا هـەن کـە پێيان دەگوترێت: نیورۆن، کە چەند شێوەیەکی جیـاوازی هەيـە وچـەند مادەيـەکی کیمیاوی تێدایە وەك مادەی کۆلین وترشـی ئەسـتیل ومـادەی کـۆلینزتریس. کاتێـك وریاکەرەوەيـەك ئـەو نیۆرانانـە دەوروژێنێـت، ئـەو مادانـە کـار لەيـەکتر دەکـەن ووزەيەکی کارەبایی دروست دەبێت لەناو خانەکەدا. لـە ماوەيـەکی زۆر زۆر کـورت، ئـەو وزە کارەبایيـە بـۆ خانەکـەی تەنیـشتی بـاز دەدات هـەتا دەگاتـە کۆئەنـدامی دەمار.



شێوە ١: وێنەی هەستە خانە (نیۆرۆن)

[1] هەندێك جار دەکرێنە هەستی وجولەيی، وهەندێك جار دابەش دەکرێن بۆ: نێنەر وهێنەرو گەیێنەر.

کۆئەندامی دەمار لە دوو بەشی سەرەکی پێك دێت:

یەکەم: ناوەندە کۆئەندامە دەمار (الجهاز العصبي المركزي) کە لە مێشك ودرکە پەت پێك دێت.

دووەم: لاکۆئەندامە دەمار (الجهاز العصبي المحيطي أو الطرفي) کە لە سێ بەش پێك دێت: مێشکە دەمارەکان (الأعصاب المخية) ودرکە دەمارەکان (الأعصاب الشوكية) وکۆئەندامی دەماری سەربەخۆ.

کۆئەندامی دەمار ئاڵۆزترین وگرنگترین کۆئەندامی دەماری مرۆڤە لەبەر ئەوە زانایانی بایۆلۆجیا وفسیۆلۆجیا ودەروونزانی فسیۆلۆجی بایەخێکی گرنگیان پێداوە وبە یارمەتی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی توانیواتە پەردە لەسەر سروشتی ئەو کۆئەندامە لادەن، بەڵام هەتا ئێستاش زانیاریمان دەربارەی زۆر کەمە، بە تایبەتی، چۆنیەتی کارکردنی مێشك. لێرەدا بە کورتی باس ئەو کۆئەندامە زێدە گرنگە دەکەین.

مێشکی مرۆڤ نزیکەی ١٤ بلیۆن نیورۆنی تێدایە وبەشێوەیەکی گشتی کێشەکەی نزیکەی ١٤٨٠ گرامە[٢]. ئەگەر لە سەرەوە تەماشای مێشکی مرۆڤ بکەین، ئەوا شێوەکەی لە تۆپێکی لەت کراو یان گوێزێك دەچێت کە هەر لەتێك لە چوار پارچە پێك هاتووە: پارچەی پێشەوە، پارچەی دواوە، پارچەی لاگوێچکە ودیوارە پارچە. مێشك بە چینێکی خۆڵەمێشی داپۆشراوە پێی دەڵێن توێکڵی مێشك کە دەورێکی گرنگ لە ئەنجام دانی کردارە عەقلییە ئاست بەرزەکان دەبینێت وەك بیرکردنەوە ویادکردنەوە وهتد.. توێکڵی مێشك لە سێ چین پێك هاتووە وهەڵدەستێت بە پاراستنی مێشك. خودی مێشك رەنگی سپی یە ولە چوار بەش وهەر بەشێکیش لە چەند ملیۆن نیورۆنی هەستی وجولەیی وگەیێنەر پێك هاتووە. بۆ نمونە نیورۆنەکانی هەستی بینین کەوتۆنەتە پشتەوەی مێشك ولە پارچەی دواوەن بەڵام ناوچەی جوولە کەوتۆتە پێش لەتی رۆلاندۆ لە پارچەی پێشەوە، وناوچەی بیستن دەکەوێتە ژێر لەتی سلیفۆس وناوچەی تام کردن دەکەوێتە سەرەوەی ئەو لەتە وناوچەی بۆن کردن دەکەوێتە کۆتایی (بڕوانە شێوە ٢).

---

[٢] ئەوە کێشی مێشکی پیاوە لە حالەتی ئاسایی، کێشی مێشکی ئافرەت ١٠٠ گرام کەمترە.



شێوە ٢: وێنەی مێشکی مرۆڤ لە تەنیشتەوە

١. هەستی بینین:

گرنگترین هەستە لای مرۆڤ وزیاترین هەستە کە لە ژیانی رۆژانەدا بەکار دەهێنرێت. باشە ئێمە چۆن شت دەبینین؟ روناکی دەگاتە چاو ولە رێگای بیلبیلە دەکەوێتە سەر تۆڕی چاو، کە لە دوو جۆرە خانە پێك هاتووە لەسەر شێوەی توول وقوچەك. هەر کە ئەو خانانە وریا دەکرێنەوە، بە هۆی روناکی، کارلێکردنێکی کیمیاوی ئاڵۆز روودەدات ولە شێوەی دەمارە خرپە (نبضات عــصبية) ولە رێگای نیۆرۆنەکانەوە دەگەنە ناوچەی بینین لە مێشکدا.

ئەوەی راستی بێت خانە قوچەکەکان دەورێکی گرنگیان هەیە لە بینینی رەنگەکان وجیاوازی نێوان رەنگەکان لە سێ سەرچاوەوە دێت:

یەکەم: ڕەنگ یان بە زمانی ئینگلیزی Hue، کە پەیوەندی بە درێژی شەپۆلەکانەوە هەیە.

دووەم: بریقەدانەوە، واتە توندی وهێزی ڕەنگ، کە ئەوەش پەیوەندی هەیە بە زۆر وکەمی ژمارەی شەپۆلەکان.

سێیەم: تێری، واتە ڕەنگ پاکی جا لە هەر ئاستێکی بریقەداری بێت وپەیوەندی بە تێکەڵ بوونی ڕەنگەکاندا هەیە.

٢. هەستی بۆن کردن:

لە ڕێگای کونی لووتەوە لێشاوی هەوا بۆشایی لووت (التجويف الأنفي) بڕ دەکاتەوە. دەمارە هەستی یەکان، کە تایبەتن بە بۆن کردن، لە ژوورەوەی ئەو بۆشاییەدا هەن وپەیوەستراون بە (البصلة الشمية) کە دەکەوێتە مێشک، بە هۆی مووی کورت کۆتاییان هاتووە. ئینجا ئەو مووە کورتانە کە بە هۆی غازێکی خاوەن سیفەتێکی تایبەتی کاریان تێ دەکرێت، هەستە دەمارەکان وریا دەکەنەوە وپاشان ئەو کارلێککردنە بۆ مێشک دەگوازرێتەوە.

دوو بیردۆز هەن کە جیاوازی بۆن لێک دەدەنەوە. یەککەمیان لەسەر بناغەیەکی کیمیاوی دامەزراوە کە بڕوای وایە بۆن بەرهەمی شێوەی ڕێز بوونی گەردیلەکانە، واتە هەر بۆنێك لە ڕێز بوونی گەردیلەکانی شێوەیەکی تایبەتی هەیە. دووەم بیردۆز بڕوای وایە کە ئەو گەردیلانە بە هۆی جیاوازی لەرینەوەیان بۆنی جیاواز بەرهەم دێنن. دیارە ئەو بیردۆزە لەسەر بناغەیەکی فیزیایی دامەزراوە.

مرۆڤ کە تووشی هەڵامەت دێت، وا هەست دەکات کە توانای بۆن کردنی لاواز بووە هۆی ئەوەش داپۆشرانی بەشەکانی ژوورەوەی بۆشایی لووتە بە شلە، ئەوەش دەبێتە هۆی نەگەیشتنی غاز بۆ هەستە دەمارەکان. ئینجا مرۆڤ هەستی بۆن کردنی لاواز دەبێت، ولەبەر ئەوەی پەیوەندیەکی بەهێز نێوان بۆن کردن وتام کردن هەیە، مرۆڤ لەو حاڵەتەدا هەست دەکات کە توانای تام کردنیشی سست ولاواز بووە هەرچەندە ئەندامەکانی تام کردنی ساغ وسەلامەتن.

٣. هەستی تام کردن:

زمان، کە ئەندامی تام کردنە، بە چەندەها خانەی تایبەتی داپۆشراوە پێیان دەگوترێت خونچەکانی تام کردن، بە زمانی ئینگلیزی Taste Buds، کە بەهۆی کارلێکردنی ماددە لەگەڵیان تامی ئەو ماددەیەمان پێ دەگەیێنێت...

ئاشکرایە مرۆڤ تامی شتی شیرین وتاڵ وترش وسوور (سوێر) دەکات، وهەر یەك لەو جۆرە تامانە ناوچەیەکی نیمچە تایبەتی لە زماندا هەیە. تامی شیرینی زیاتر سەری زمان هەستی پێ دەکات هەرچی تاڵییە کۆتایی زمان هەستیارترە بۆی. تامی ترشی و سووری ئەم لاو ئەو لای زمان زیاتر هەستیان پێ دەکەن. خونچەکانی تام کردن بە داوە دەمارییە [illegible] ستراون کە ئەوانیش بە هەستە [illegible] [illegible]اری ژمارە حەوتەم ونۆیەم [illegible] کە بە رێی (تالامۆس) دەگەنە مێشك.

٤. هەستی بەرکەوتن وهەست کردن بە پاڵەپەستۆ:

لەبەر ئەوەی زۆربەی زانایانی فسیۆلۆجیا وسایکۆلۆجیا هەست کردن بە پاڵەپەستۆ بە بەشێك یان جۆرێك لە لەبەرکەوتن دادەنێن، لێرەدا بەیەکەوە باسیان دەکەین.

بەرکەوتن هەستیارێکی زۆر گرنگە بە تایبەتی لای گیانەوەرە تاکە خانەییەکان ولای مرۆڤیش رۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لە کرداری خۆگونجاندن لە گەڵ سروشتدا. کۆتایی دەمارە بەرەڵڵاکان ورەگەکانی مووی پێست وخانەکانی مسنەر[٣] ئەرکی وەرگرتنی وروژێنەرە پێستییەکانیان پێ سپێردراوە. بە هۆی ئەو هەستیارە دەتوانین خاسیەتی ئەو شتە بزانین کە بەر پێست دەکەوێت، بێ ئەوەی بیبینین، وەك نەرمی وزبری وهتد.. بەڵکو ئەو هەستە لە جێگای تاریك ولای نابینەکان جێگای بینین دەگرێتەوە وزۆر جاریش ئەو دوو هەستە پێکەوە دەکەونە کار و زیاتر دەوروبەرمان پێ دەناسێنن.

٥. هەست کردن بە ئازار:

هەر وروژێنەرێك ئەگەر لە پلە وشێوەی ئاسایی خۆی بەهێزتر بوو ئەوا تووشی ئازار وئێشمان دەکات وکاتێك بۆ شێوە وپلەی ئاسایی خۆی دەگەڕێتەوە، ئەوا ئازارەکە

[٣] زانای ئەڵمانی جۆرج مسنەر لە ساڵی ١٨٥٣ ئەو جۆرە خانانەی دۆزیەوە.

وردە وردە کەم دەبێتەوە ونامێنێت. ئەوە سەبارەت بە ئازاری پێست کە لەگەڵ ئازاری ناوەوە جیاوازە. ئازاری ناوەوەی لەش لە ئەنجامی گرژ بوونەوە ودرێژ بوونەوەی ماسولکەکان یان گرژ بوونەوەی خوێنهێنەرەکان پەیدا دەبن. بۆ نمونە سەرئێشە ئەنجامی کۆبوونەوەی خوێنە لە خوێنهێنەرەکانی ناو مێشک لە کاتی گرژ بوونەوەیان.

زانایانی فسیۆلۆجیا لەو باوەڕەدان کە ئەو دەمارە خانانەی کە کەوتوونەتە کۆتایی دەمارە بەرەڵاکان ئازار وئێش، لە شێوەی دەمارە بارگە، وەردەگرن کە دەگاتە درکە پەت ولەوێشەوە رووەدەکاتە مێشک وکۆئەندامی دەماری سەربەخۆ بەهەردوو بەشیەوە: سمبتاوی پاراسمبتاوی، کە دەورێکی گرنگ لەو جۆرە هەست کردنە دەگێرێت. لە دواییدا ئەو بارگە دەمارە دەگاتە تویکڵی مێشک «زانایان وا بۆی دەچن کە مێشک بە هەموو بەشەکانی دەور دەبینێت لە هەست کردن بە ئازار.

٦. هەست کردن بە گەرمی وساردی:

بێگومان ئەو شتانەی دەوروبەرمان لە پلەیەکی گەرمی گۆڕاودان. بەهۆی کۆتاییەکانی دەمارە بەرەڵاکان هەست بە گەرمی وساردی دەکەین. وادیارە خانەکانی رۆفینی[٤]، کە کەوتوونەتە ژێر پێست بە قوڵایی ١٠/٣ ملیمەترە، رۆڵێکی سەرەکی لە هەست کردن بە گەرمی دەبینن. خانەکانی کراوس، کە کەوتونەتە ژێر پێست بە قوڵایی ١٠٠/١٧ ملیمەتر، دەورێکی گرنگ لە گواستنەوەی هەست کردن بە ساردی دەبینن[٥]. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەو دواییەدا ئەنجام دراون گومانیان خستە سەر مەسەلەی تایبەتمەندی خانەکانی رۆفینی و کراوس سەبارەت بە گواستنەوەی گەرمی وساردی[٦].

هەمووما دەزانین کە پلەی گەرمی ئاسایی لەشی مرۆڤ ٣٧ پلەی سەدییە، واتە مرۆڤ لەو پلەیەدا هەست بە گەرمی وساردی ناکات لەبەر ئەوە پێی دەڵێن پلەی سفری دەروونی. ئینجا هەر کاتێك پلەی گەرمی ئەو ورپاکەرەوەی بەر پێست

---

[٤] زانای ئیتالی ئەنجلیو رۆفینی ساڵی ١٨٩٨ ئەو جۆرە خانەی دۆزیەوە.

[٥] علم النفس الفسيولوجي، د. عمر محمد جبرين، ط١، ١٩٧٥، الجمعية العلمية الملكية، الأردن.

[٦] علم النفس الفسيولوجي، د. عزت سيد اسماعيل، ط٢، ١٩٨٢، الكويت.

دەکەویت کە لە پلەی گەرمی لەش زیاتر بێت ئەوا هەست بە گەرمی دەکەین وبە پێچەوانەش هەست بە ساردی دەکەین چونکە پلەی گەرمی ورپاکەرەوە لە هی لەش نزمترە وگەرمی لەش دەمژێت.

٧. هەست کردن بە جوولە:

مرۆڤ زۆربەی کات لە جوولە وبزووتنەوەدایە وهەست بە جوولەی لەشی خۆی دەکات بە هۆی ئەو ماسولکە تەشیانەی کە لە ناو ماسولکە پەیکەریەکان و جومگەکاندا هەن. خانەکانی (گۆلجی وباسینی[٧]) یارمەتی هێنانەدی ئەو هەست کردنە دەدەن. ماسولکە تەشی، کە گرنگترین ئەندامە لە هەست کردن بە جوولە، لە سێ دەمارە ریشاڵ پێك دێت، دوویان هەستە دەمارن ویەکیان جولە دەمارە. یەکێك لە هەستە دەمارە ریشاڵەکان ئەرکی گواستنەوەی زانیارییە هەستییەکانە بۆ ناوچەی هەست کردن بە جوولە لە مێشکدا. سەبارەت بە جوولانەوەی لەش، هەستە دەمارە ریشاڵەکەی تر زانیاریە هەستییەکان بۆ درکە پەت دەگوازێتەوە ولەوێشەوە بۆ مێشکۆلە بۆ ئەنجامدانی پەرچەکردارێکی جولەیی کە بە شێوەیەکی هەست پێنەکراو روودەدات.

٨. هەست کردن بە هاوسەنگی:

مرۆڤی ئاسایی جوولەی لەشی لەژێر کۆنترۆڵی مێشکی دایە بەڵام مرۆڤی نەخۆش وعەقل نەساغ جولانەوەی لەشی لە ژێر دەسەڵاتی مێشکی نەماوە. ئەو دیاردەبە پیاوی سەرخۆش وەەی تۆشیش دەگرێتەوە کە ناتوانێت جولانەوەی لەشی کۆنترۆل وهاوسەنگ بکات.

هاوسەنگی جوولە وبزووتنەوە لەلای مرۆڤ بە هۆی جۆگەلە کەوانەییەکان، کە دەکەونە ناو گوێچکەی ناوەوە، ومێشك دێتە دی. ئەو جۆگەلانە جۆرە شلەیەکیان تێدایە کە پرە لە هەستە مووی بچووك وبە چەند دەمارە ریشاڵێکەوە بەستراون کە ئەوانیش بە مێشکەوە بەستراون. لە کاتی جولانەوەی لەش، ئەو شلەیەش دەجولێتەوە وهەستە موەکان دەجولێن ولە ئەنجامدا کرداری کیمیاوی لەناو

---

[٧] زانای ئیتالی فیلیپۆ باسینی ئەو جۆرە خانەیەی ساڵی ١٨٣٠ دۆزیەوە.

دەمارە ریشاڵەکان دروست دەبێت ولە شێوەی دەمارە فرمان دەگاتە مێشك، ئینجا مرۆڤ دەتوانێت جولانەوەی لەشی هاوسەنگ بکات.

٩. هەستی بیستن:

دەنگ، لەلایەنی فیزیاویدا، بریتی بە لە چەند شەپۆلێکی دوا بەدوای یەك کە لە ئەنجامی جیاوازی پاڵەپەستۆی هەوادا پەیدا دەبێت. دەنگ لە شێوەی شەپۆلی فیزیاوی دەگاتە گوێچکە وبەناو جۆگەکەی تێدەپەرێت وپەردەی گوێ دەلەرێنێتەوە. پەردەی گوێش بە سێ ئێسقانی بچووك بەندە کە بریتین لە چەکوش وناوزەنگی ودەزگا. بە لەرینەوەی پەردەی گوێچکە ئەو ئێسقانانەش دەلەرنەوە. شایەنی باسە ئەو ئێسقانانە بە لوولپێچ بەستراون، کە گرنگترین ... لە ئەنجامدانی کرداری بیستن وجودا کردنەوەی دەنگەکان. لوولپێچ پڕە لە ... مووی بچووك بچووك کە بە هۆی لەرینەوەی سێ ئێسقانەکە، ئەوانیش دەلەرنەوە ودەبنە هۆی دروست بوونی کارلێککردنی کیمیاوی لەناو دەماری بیستن کە ئەویش بۆ ناوچەی بیستن لە مێشکدا دەیگوازێتەوە لە شێوەی دەمارە فرمان. دوو بیردۆز هەن بۆ تەفسیر کردنی چۆنیەتی جوداکردنەوەی دەنگی بەرز ونزم. یەککەمیان پێی دەگوترێت بیردۆزی دووبارەبوونەوە ودووەمیان بیردۆزی جێگایە. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی فۆن باکسن پشتی بیردۆزی دووەمی گرت کە دەڵێت پەردەی بنکەیی لە لوولپێچ بە پێی بەرزی ونزمی دەنگ شوێنی جیاوازی دەلەرێتەوە، واتە ئەو شەپۆلانەی دووبارە بوونەوەیان بەرزە، واتە دەنگی تیژ وەك دەنگی ئافرەت، لە نزیك پەنجەرەی هێلکەی، کە دەکەوێتە سەر پەردەی بنکەیی، دەگەنە بەرزترین ئاست پاشان ون دەبن. بەلام ئەو شەپۆلانەی کە دووبارە بوونەوەیان نزمە، وەك دەنگی پیاو، لە دووری ئەو پەنجەرەیە دەگەنە بەرزترین ئاست وپاشان ون دەبن.

هەرچەندە لەمەوپێش بە جودا باسی هەستەکانمان کرد، بەلام ئەوەی راستی بێت کرداری هەست کردن بە شێوەیەکی گشتی وتێکراییی روو دەدات. واتە زۆربەی هەستیارەکان لە هەمان کاتدا وریادەبنەوە نەوەك هەر یەکە بە تەنیا. تۆ کە ئێستا ئەو کتێبە دەخوێنیتەوە، وەنەبێ تەنیا هەستی بینینت لەکار بێت بەڵکو

هەستەکانی تریش کاردەکەن، تۆ دەنگ دەبیستیت وهەست بەساردی یان گەرمی شوێنەکەت دەکەیت وهتد.. کەواتە زۆربەی هەستیارەکانت وریان نەک تەنیا هەستی بینین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بیرت لای ئەو شتانەیە کە بەر چاوت دەکەون وهەوڵ دەدەیت تێیان دەگەیت. مێشکی مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە کە لە سەرجەمی ئەو وریاکەرەوانەی کاری تێ دەکەن وەڵامی هەندێکیان بداتەوە و هەندێکی تریان فەرامۆش بکات، ئەوەش بە هۆی کردارێك کە لە بواری دەروونزانی پێی دەگوترێت ئاگاداری..

خۆت تاقی بکەوە؟

١. ئەو مەرجانە چین کە پێویستە هەبن بۆ ئەوەی هەست بە شتێك بکەیت؟
٢. خانە قووچەکەکان چ رۆڵێکیان هەیە لە کرداری بینین؟
٣. ئەو خانانە چین کە یارمەتیمان دەدەن هەست بە گەرمی وساردی بکەین؟
٤. چۆن هەستی هاوسەنگی وجووڵە لای مرۆڤ دێتەدی؟
٥. ئەو بیردۆزانە چین کە تەفسیر دیاردەی جوداکردنەوەی دەنگەکان دەکەن؟

ئاگاداری

پێناسەی ئاگاداری:

مێلڤن مارکس دەڵێت: "ئاگاداری چەمکێکی فرەوانە، مانای هۆش ڕوونییە، Clarity of Consciousness، مانای ئامادەبوونی زیندەوەرە بۆ (ترکیز) کردن لەسەر هەستێك یان لایەنێکی ئەو هەستە ولەوانەیە مانای لە بێزینگ دانی نێردارو هەستیەکان بدات، وەیان مانای توانای بزوتنەوە وجوڵانەوە بێت کە کرداری وەڵامدانەوە یان بەرتەك (پەرچەکردار) ئاسان دەکات"[1]. بە پێی مون وهاوڕێکانی، ئاگاداری بریتی لە ئامادەبوون بۆ زانین یان پێش زانین یان پێش بینین، کە لەسەر بناغەی ئارەزووی تاکەکەس وبالنەرەکانی لەلایەك و سروشتی ورپاکەرەوەکە لەلایەکی دیکەوە دامەزراوە[2].

زۆر جار ئاگاداری وا پێناسە دەکرێت کە بریتییە لەوەی کە شتێك بخەیتە ناو چەقی ئەست (شعور) یان هۆش (وعی) وئەو شتانەی کە مرۆڤ ئاگای لێیان نییە کەوتوونەتە پەراوێزی هۆش. واتە لەو کاتەی تۆ کە ئەو کتێبە دەخوێنیتەوە، وشە چاپکراوەکانی سەر کاغەز دەکەونە چەقی هۆشت ودەنگ وبۆن وگەرمی وهتد.. دەکەونە پەراوێزی هۆش. وە ئەگەر لە ڕوانگەیەکی سایکۆفسیۆلۆجیەوە پێناسەی ئاگاداری بکەین دەتوانین بڵێین کە بریتییە لە کۆکردنەوەی زۆریەی وزە کەمرۆکیمیاویەکانی مێشك لە ناوچەیەکی دیاریکراو تیایدا، ئینجا چ ناوچەی هەست کردن بێت یان ناوچەی کردارە دەروونی وعەقلییە باڵاکان. ئەوەش یارمەتی مرۆڤ دەدات کە بە شێوەیەکی وردتر وچاکتر ئەو وریاکەرەوانە بناسێت کە کەوتوونەتە ناو بواری ئەو ناوچەیە وبتوانێت بە شێوەیەکی ڕاست وورد مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، واتە وەڵامیان بداتەوە.

چەشنەکانی ئاگاداری:

لە ڕوانگەی ویستی مرۆڤەوە، دەتوانین ئاگاداری بکەین بە دوو چەشن:

---

[1] Marx, Melvin H., *Introduction to Psychology*. New York: Macmillan P.C., ١٩٧٦, p.١٣٨.

[2] Munn et al., *Introduction to Psychology*. New Delhi: Oxford & IBH Pu. Co. ١٩٦٦.

١. ئاگاداری ویستراو: کاتێك مرۆڤ دەیەوێت ئاگاداری وریاکەرەوەیەکی دیاریکراو بێت، بۆ هەر مەبەستێك، ئەوەش چ بریتی بێت لە ورد بوونەوە لە تابلۆیەکی هونەری یان خوێندنەوەی کتێبێك وهتد...، ئەو جۆر ئاگاداریە ویستراوە. ئەو چەشنە ئاگاداریە مرۆڤ ماندوو دەکات چونکە پێویستی بە وزە وتواناییەکی تایبەتی هەیە، هەر لەبەر ئەوەیە کە هەست بە ماندوو بوون دەکەیت پاش تەواو بوونی موحازەرەیەکی بەپێز وسەرنج راکێش. هەر ئەو هۆیەشە وا لە منداڵان دەکات کە نەتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر ئاگاداری وریاکەرەوەیەك بن.

٢. ئاگاداری نەویستراو: لەو کاتەی کە وریاکەرەوەیەك لە ئاست وپلەی سروشتی یان ئاسایی خۆی زیاتر دەبێت، ئەوا سەرنجی مرۆڤ کێش دەکات بۆ لای خۆی، واتە ئەو جۆرە ئاگاداریە لەژێر کۆنترۆلی مرۆڤ بەدەرە. بۆ نمونە ئەگەر لەکاتی خوێندنەوەی ئەو کتێبە قیژەی ئافرەتێك ببیستیت، ئەوا بەبێ ویست ومەبەست، ئەو دەنگە سەرنجت رادەکێشێت وئاگاداری دەبیت. بە شێوەیەکی گشتی ئەو جۆرە ئاگاداریە ماوەیەکی زۆر ناخایەنێت وکورت تەمەنە.

دەتوانین باسی چەشنێکی تری ئاگاداری بکەین کە پێویستی بە توانا و وزەیەکی زۆر نییە وگواستنەوەی ئاگاداری لە وریاکەرەوەیەك بۆ وریاکەرەوەیەکی تر ئاسانە، کە دەتوانرێت پێی بگوترێت ئاگاداری سروشتی یان ئاسایی. لە راستییدا ئێمە زۆربەی کاتمان بەو جۆرە ئاگاداریە بەسەر دەبەین وەك بینینی کەسان وشت وەك لە بازاڕدا. ئەو جۆرە ئاگاداریە، کە سادەترین شێوەیە، نزیکە لە دیاردەی هەست کردن ومرۆڤ ناتوانێت بە هۆیەوە لایەنە ورد وشاردراوەکانی وریاکەرەوەکە بدۆزێتەوە.

پەیوەندی نێوان ئاگاداری وتێبینی کردن وەك پەیوەندی گشتە بە بەش، واتە دەتوانین بڵێین تێبینی بەشێکە لە ئاگاداری، بە تایبەتی ئەو ئاگادارییەی کە پشت بە بینین دەبەستێت، بۆ نمونە دەڵێین تێبینی ئەو شتە بکە ونالێین تێبینی ئەو دەنگە بکە. لە راستییدا وشەی (تێبینی) لە دوو برگە پێك هاتووە: (تێ) و (بینی) واتە بینین دەورێکی سەرەکی دەگێڕێت لەو کردارە بەڵام نەك بینینێکی ئاسایی بەڵکو بینینێکی ورد ووروون.

هۆیەکانی ئاگاداری:

هۆی چییە کە ئێمە ئاگاداری وریاکەرەوەیەک دەبین بەڵام وریاکەرەوەکانی تر فەرامۆش دەکەین؟ بە کورتی، هەر وریاکەرەوەیەک لامان گرنگ وبەمادار بێت ئەوا بایەخی پێ دەدەین وئاگاداری دەبین وپێچەوانەی ئەوەش ڕاستە.

دیارە دوو جۆر هۆ هەن کە یەکەمیان تایبەتە بە سروشتی وریاکەرەوەکە، واتە مەوزوعییە، ودووەمیان بە باری دەروونی وعەقلی مرۆڤەوە بەندە (واتە زاتییە)، بەڵام جودا کردنەوەی ئەو هۆیانە ئەستەمە بۆیە لێرەدا بە گشتی باسیان دەکەین:

١. نوێیتی: هەرچەند وریاکەرەوە نامۆ وتازە ونوێ بێت، یاخود بۆ یەکەم جار هەستی پێ بکەین، سەرنج ڕاکێشەرتر دەبێت وپێچەوانەش ڕاستە. بۆ نموونە کابرایەکی نامۆی نەناسراو لە کۆڵانەکەتان بسووڕێتەوە زیاتر سەرنجت ڕادەکێشێت لەو منداڵەی کۆڵان کە لەوانەیە دەیەها جار بینیوتە، یان کە سەر لە کتێبخانەیەک بدەیت کتێبە کۆنەکان سەرنجت ڕاناکێشن بەڵکو بە پەلە چاوێکیان پێدا دەخشێنیت بەڵام ئەگەر کتێبێکی تازە هاتبێت ئەوا یەکسەر چاوت لەسەری دەوەستێت وسەرنجت ڕادەکێشێت، ونموونەی تریش زۆر هەن لە ژیانی ڕۆژانەماندا.

٢. هێز: ئەگەر وریاکەرەوە لە ئاست وپلەی ئاسایی خۆی بەهێزتر بوو، ئەوا سەرنجمان ڕادەکێشێت وئاگادارمان دەکاتەوە. بۆ نموونە ئەگەر لە کتێبخانەی گشتی خەریکی خوێندنەوە بیت ودوو کەس لە نزیکت بە دەنگێکی نزم قسە بکەن، لەوانەیە ئاگادار نەبیت بەڵام ئەگەر یەکێکیان دەنگی لە پلەی ئاسایی زیاتر بەرز کردەوە، ئەوا بێگومان ئاگادار دەبیتەوە وبۆ ماوەیەک چاوت لەسەر کتێبەکە لا دەدەیت..

٣. دووبارە بوونەوە: دووبارە بوونەوەی وریاکەرەوەیەک لەوانەیە سەرنجی مرۆڤ ڕابکێشێت ولەوانەشە بێزاری بکات وجیاوازیەکی ڕێژەیی هەیە لە نێوان ئەو دوو حاڵەتەدا. واتە لەوانەیە دووبارە بوونەوە لە پلە وئاست ورادەیەک سەرنج ڕاکێشەر وئاگادارکەرەوە بێت بەڵام ئەگەر بەردەوام بوو ئەوا دەبێتە مایەی بێزار بوون. بۆ نموونە ئەگەر بە شەو تەنها جارێک گوێت لە دەنگێکی نائاسایی

بێت، وەك كەوتنی بەردێك، لەوانەیە ئەو دەنگە سەرنجت رانەكێشێت، بەلآم كە دووبارەو سێبارە بۆوە، ئینجا ئاگادار دەبیتەوە.

خۆت تاقی بكەوە!

١. ئاگاداری چۆن پێناسە دەكرێت؟

٢. جەشنەكانی ئاگاداری چین؟

٣. ئەو هۆیانە چین كە وامان لێدەكەن ئاگاداری وریاكەرەوەیەكی دیاریكراو ببین؟

زانین

که گۆڕانێك چ لـه ژینگـەی دەرەوە یـان ناوەوەمـان ڕوو دەدات، ئـەوا هەسـتی پـێ دەکەین. بەڵام ئەو هەست کردنە خۆی لە خۆی هیچ سوودێکی نییـە ئەگـەر توانـای ئەوەمان نەبێت کە لێکیبدەینەوە. لێکدانەوەی هەستەکان بریتی لـە زانـین کـە بـە شێوەیەکی گشتی لە دوای هەست کردن دێت. هەرچەندە جۆرە زانینێك هەیـە کـە ڕوودەدات بێ ئـەوەی بـە هەسـتدا تێپـەڕێت کـە پێـی دەگوترێت: زانـین سـەرەوەی هەست (الادراك فوق الحسي)، وەك دایکێك (دەزانێت) کە کوڕەکـەی یـان کـچەکەی، کە لە شارێکی تر دەژێت، نەخۆش کەوتووە، بـێ ئـەوەی کـەس ئـەو هەواڵـەی بـە دایکەکـە گەیانـدبێت. دیـارە ئـەو جـۆرە دیاردەیـە دەکەوێتـە ...... شێوەی پاراسایکۆلۆجی وبابەتی ئێمە نییە لێرەدا.

لیندا داڤیدۆف زانین بەو شێوەیە پێناسە دەکات کە بریتییە لـە تەفسیر کردنـی ئـەو زانیاریانـەی لـە ڕێگـای ئەندامـەکانی هەسـتەوە دەگەنـە مێشك، یـان بریتییـە لـە پرۆسەی ڕێکخستن وتەفسیر کردنی دراوە هەستیەکان (واتە المعطیات الحسیة)[1]. واتە ئەگـەر هێلکاریـەك بـۆ پەیوەنـدی نێـوان هەسـت کـردن وئاگـاداری وزانـین بکێشین لەوانەیە بەو شێوەی خوارەوە بێت:

هەست کردن ⇐ ئاگاداری ⇐ زانین

ئەوەی ڕاستی بێت دەروونزانەکانی سەر بە قوتابخانـەی گشتاڵت زیـاتر لـە هـەموو دەروونزانـەکانی تـر بایـەخیان بـە پرۆسـەی زانـین دا و بـیر بۆچـوونەکانیان هـەتا ئێستاش لەو بوارەدا وەردەگیرێت ودەخوێنرێت، بـە تایبـەتی مـاکس ڤێرتهێیمـەر. پاش ئەوەی زانیمان زانین چییە، با بپرسین چۆن پرۆسەی زانین ڕوو دەدات؟

بنەماکانی زانین:

مرۆڤ کۆمەڵە ستراتیژیەتێك بەکار دێنێـت لـە کـاتی ئـەنجام دانـی پرۆسـەی زانـین. لێرەدا باس لەو جۆرە زانینە دەکـەین کـە لەسـەر بناغـەی بیـنین دامـەزراوە (واتـە

---

[1] لیندا ل. دفیدوف، مدخل علم النفس، ترجمة: د. سید الطواب، د. محمود عمر، د. نجیب خزام (نیویورك: دار ماکجروهیل للنشر، ط٤، ١٩٨٣) ص: ٢٤٦.

الإدراك البصري) ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە زانینە لە لایەك گرنگترین سەرچاوەی زانینە کە مرۆڤ پشتی پێ دەبەستێ، ولە لایەکی ترەوە، زیاترین جۆرە کە تاقی کردنەوەی زۆری لەسەر ئەنجام دراوە و ڕاستی زۆر دەربارەی کۆ کراوەتەوە. لە خوارەوە بە کورتی باسی بنەماکانی زانین دەکەین.

١. جێگیری: واتە ئەگەر لە گۆشە ودووری وباروبۆخی جیاواز تەماشای شتە بینراوەکان بکەین، زانینمان بۆ شێوە وقەبارە ورەنگی شتەکان وەك خۆیان دەمێننەوە، واتە جێگیرن وناگۆڕین. کە کەسێك لێمان دوور دەکەوێتەوە، وێنەی ئەو کەسە لەسەر تۆڕی چاو بچووك دەبێتەوە، بەڵام ئێمە دەزانین کە ئەو کەسە بچووك نەبۆتەوە وقەبارەکەی وەك خۆیەتی.

٢. شێوە وزەمینە: هیچ شێوەیەك بەبێ زەمینە دەرك ناکرێت، ئەگەر شێوە لە زەمینەکەی جودا بکەینەوە یان بیانکەین بە یەك، ئەوا ناتوانین پەی پێ ببەین. بە ڕای دافیدۆف، ئەو جۆرە توانایە زگماکە ولە ژینگەوە فێری نەبووین. بۆ نمونە بڕوانە شێوە ٤ و ٥. دەکرێ شێوە ٤ وەك مەرکانێك یان دوو ڕووی بەرامبەر بەیەك دەرك بکەین. ئەوەش بەندە بەوەی ئێمە کام بەش بە شێوە وکام بەش بە زەمینە دادەنێین. لە ڕاستیدا چاومان بە نۆرە شێوە وزەمینەکە ئاڵوگۆر دەکات. لە شێوەی پێنج دەتوانین شێوەی پیرەژنێك بەدی بکەین یان شێوەی کچێکی گەنج، بەندە بەوەی کامیان شێوەیە وکامیان زەمینە.

شێوە ٤: شێرەی مەرکان دەبینیت یان شێوەی دوو ڕووی بەرامبەر یەکتر؟

شێوە ٥: وێنەی پیرەژنێك دەبینیت یان کچێکی گەنج؟

٣. ڕێکخستن: ڕێکخستنی وریاکەرەوە دەرەکیەکان لەڕێگای چەند بنەمایەك دێتەدی، گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

أ. لێکچوون: واتە ئەو شتانەی کە لە شێوە یان ڕەنگ لەیەك دەچن ئەوا مرۆڤ وەك یەکەیەك پەیان پێ دەبات. بۆ نمونە ئەو شێوانەی خوارەوە وەك ستونێك لە چوارگۆشە وستونێك لە بازنە دەرك دەکرێن نەك وەك ڕیزێك لە چوارگۆشە وبازنە.

شێوە: ٣: ئەو شێوانەی خوارەوە وەك چەند ستونێك دەرك دەکرێن نەك وەك چەند ڕیزێك.

ب. نزیکی: ئەو شتانەی کە لەلایەنی کات یان شوێن لە یەك نزیکن، وەك یەك یەکە دەرك دەکرێن. بۆ نموونە ئەو شێوەی خوارەوە لەبەر ئەوەی چوارگۆشەکانی (أ) بەشێوەیەکی ئاسۆیی لە یەکتری نزیکن وەك ریز دەرکیان دەکەین، بەلام شێوەی (ب) وەك سێ ستوون دەرك دەکەین چونکە چوارگۆشەکان بە شێوەیەکی ستوونی لە یەك نزیکن.



شێوە ٤: سێ ریز چوارگۆشە وسێ ستوونی چوارگۆشە.

ج. هاوشێوەیی: واتە ئێمە هەوڵ دەدەین هاوشێوەیی لە شتەکان بەدی بکەین. بۆ نموونە: ئەو شێوەی خوارەوە وەك دوو چوارگۆشە (أ و ب) دەرك دەکرێن نەك وەك دوو سێ شێوەی جودا (واتە شێوەی أ بەبێ چوارگۆشەی ج، وشێوەی ب بەبێ چوارگۆشەی ج، وچوارگۆشەی ج بەتەنها).



شێوە ٥: دوو چوارگۆشە دەبینیت یان سێ شێوەی جودا؟

د. بەردەوامی: لە کاتی بینینی شتەکان، ئێمە هەوڵ دەدەین بەردەوامی بەدی بکەین بۆ نمونە ئەگەر تەماشای شێوە ٦ بکەین، وادەزانین کە ئەو منداڵەی لای خاڵی A یە لە خاڵی ژمارە ٢ دەستی بە یاری کردووە ومنداڵەکەی لای خاڵی B لە خاڵی ژمارە ١ دەستی پێکردووە، واتە ئێمە وادەزانین کە هەردوو منداڵەکە لەسەر یەك هێڵ بەردەوام بوون، هەرچەندە دوور نییە کە منداڵەکەی خاڵی A لە خاڵی ١ دەستی بە یاری کردبێت ومنداڵی لای خاڵی B لە خاڵی ٢ دەستی پێکردبێت ولە ناوەڕاستدا ئاراستەیان گۆڕیبێت؟



شێوە ٦: ئەو دوو منداڵە لە چ خاڵێکەوە دەستیان بە یاری کردووە؟

هـ . داخستن: واتە ئێمە کە ووریاکەرەوەیەکی ناتەواو دەبینین، هەوڵ دەدەین کە ناتەواویەکەی تەواو بکەین. بۆ نمونە زۆر جار ڕوو دەدات کە لە کاتی خوێندنەوە یەکەم جار هەست بە هەڵەی چاپ ناکەین چونکە مێشکمان لە یەکەم جاردا هەڵەکە ڕاست دەکاتەوە، پاشان ئەگەر بە وردتر تێبینی بکەین ئەوا هەڵەکە دەبینین. هەروەها لە کاتی بینینی وێنە هەوڵ دەدەین بۆشاییەکان پڕ بکەینەوە، یان وێنەکە دابخەین، بۆ ئەوەی وێنەیەکی تەواو ببینین، تەماشای شێوە ٧ بکە. ئەو شێوە وا دەرك دەکەین کە شێوەی بازنەیە وبەڵام لە ڕاستیدا بۆشایی نێوان هێڵەکە هەیە بەڵام مێشکی مرۆڤ بۆشاییەکان پڕ دەکاتەوە وشێوەکە وەك بازنە دەبینێت نەك وەك کۆمەڵە هێڵێکی کورت و کۆمەڵە خاڵێك.



شێوە ٧: کۆمەڵە هێلێکی کورت وکۆمەڵە خاڵێك یان بازنەیەك دەبینیت؟

ئەو هۆکارانەی کار لە زانین دەکەن:

هەرچەندە ئێمە بە شێوەیەکی گشتی دەرك بە شتەکان دەکەین بەو شێوەیەی کە لە واقیعدا هەن، کۆمەڵێك هۆکار هەن کە وا دەکەن زانینی شتەکانمان لا بگۆڕدرێت. لە خوارەوە باسی هەندێك لەو فاکتەرە گرنگانە دەکەین[٢]:

١. ئاشنا بوون: مەبەست لەو فاکتەرە ئەوەیە کە ئێمە بە شێوەیەکی ئاسانترو خێراتر دەرك بەو شتانە دەکەین کە پێیان ئاشناین نەك ئەو شتانەی کە تازەن. بۆ نمونە چونکە ئێمە ئاشناین بەو کەل وپەلانەی کە لە ماڵەکانمان هەن، بە ئاسانی دەیاندۆزینەوە، بەڵام لە ماڵی خەڵکی تر دۆزینەوەی کەل وپەل گرانترە وکاتێکی زیاتر دەوێ. لە یەکێك لە تاقیکردنەوەکان داوا لە کۆمەڵێك منداڵ کرا کە وێنەی درهەمێك بکەن، ئەو منداڵانەی لە چینی دەوڵەمەند هاتبوون بە شێوەیەکی چاکتر وێنەکەیان کرد لەو منداڵانەی کە لە چینی هەژاردا هاتبوون، واتە وێنەکەی منداڵە دەوڵەمەندەکان نزیکتر بوون لە واقیع وئەو وێنەی کە منداڵە هەژارەکان کێشابوویان بۆ هەمان درهەم گەورەتر بوو. ئەوەش دەتوانرێت بە فاکتەری ئاشنا بوون لێك بدرێتەوە، واتە چونکە منداڵە دەوڵەمەندەکان ئاشناترن بە پارە، بەتواناترن لە کێشانی وێنەیەکی نزیك لە واقیع بۆ ئەو پارەیە.

٢. سادەیی وئاشکرایی: واتە ئەو وریاکەرەوانەی کە چەند خاسیەتێکی تایبەتیان هەیە وەك ئاشکرایی وسادەیی ولەیەك نزیکی، ئاسانتر دەرکیان پێ دەکرێت

---

[٢] **بڕوانە:** علم النفس المعرفي، د. رافع النصير الزغلول ود. عماد عبد الرحيم الزغلول، دار الشروق: عمان، ٢٠٠٣.

ئەگەر بەراورد بكرێن بە ورياكەرەوە ناديارەكان. بۆ نمونە: ئاسانتر ئەنجامی ١٠-٥= دەدۆزینەوە لە ئەنجامی ١١٠٠-٥٥٠= ، چونكە يەكەميان سادەيە وئاشكرايە بەلام دووەميان ناديارە وزەحمەتە وپێويستی بە كات وهەوڵێكی زياتر هەيە.

٣. چاوەڕوانی: ئەو شتەی مرۆڤ چاوەڕوانی دەكات كار لە چۆنيەتی دەرك كردنی شتەكانی دەكات. واتە ئەگەر تۆ چاوەڕوانی هاوڕيەكت بكەيت لە ژوورێك، ئەوا هەر جارێك دەگای ژوورەكە دەكرێتەوە وادەزانيت ئەوە هاوڕيەكەتە، كە لەوانەشە ئەو نەبێت!

٤. پاڵنەر: پێويستی وپاڵنەرەكانی مرۆڤ كار لە چۆنيەتی دەرك كردنی دەوروبەرمان دەكەن. واتە ئێمە زۆر لە ورياكەرەوە ورووداوەكان بە شێوەيەكی وا لێكدەدەينەوە كە لەگەڵ پێويستيەكانمان بگونجێت. بۆ نمونە ئەو كەسەی برسی بێت، ئەوا ئەگەر بۆنێكی ناديار بكات ئەوا وادەزانێت بۆنی خواردنە، يان ئەگەر شێوەيەكی يان وێنەيەكی ناديارى پێ نيشان بدرێت، وا دەزانێت ئەوە وێنەی خواردنە!

٥. حالەتی ئينفيعالی: ئەو حالەتە ئينفيعاليانەی كە مرۆڤ تووشيان دێت، وەك دڵەڕاوكێ وتووڕەيی وترس وخەم وخۆشی وهتد.. كار لە پرۆسەی زانين دەكەن. شتێكی ئاشكرايە كاتێك كە تووڕە دەبين ئەوا هەوڵ دەدەين شتەكانی دەوروبەرمان، بۆ نمونە قسەی هاوڕيەك، بە شێوەيەكی جياواز لێكبدەينەوە. لەوانەيە بزەی سەر لێوی بەرامبەر لە كاتی حالەتی دەروون ئاراميمان بە شتێكی باش لێكدەدەينەوە بەلام هەمان بزە بە شێوەيەكی خراپ لێكدەدەينەوە، وەك ئيشارەتێك بۆ گاڵتە پێكردن، ئەگەر حالەتی تووڕەبوون دابين.

٦. پيشە: ديارە كەسێك كە پيشەيەكی دياريكراو دەكات، ئاشناتر دەبێت بەو ورياكەرەوانەی كە پەيوەنديان بە پيشەكەی هەيە. ئەگەر گوێت لە دەنگێك بێت لە مەكينەی ئۆتۆمبيلەكەت، لەوانەيە هۆيەكەی نەزانيت، بەلام ئەگەر فيتەرێكی باش بيت، ئەوا بێگومان دەزانيت ئەو دەنگە هۆيەكەی چييە؟

٧. بەها: ئەو بەها وبیروباوەڕانەی کە هەمانە کار لە پرۆسەی دەرك پێکردنی شتەکان دەکەن. واتە لە کاتی لێکدانەوەی شتەکان یان ڕووداوەکان لە دەوروبەرمان، هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی وەها لێکیان بدەینەوە کە لەگەڵ بەها وبیروباوەڕەکانی پێشترمان ڕێك بن وبگونجێن. بۆ نمونە ئەگەر لە ڕۆژی مردنیکی پیاوێکی چینی باران ببارێت، ئەوا خەڵك دەڵێن ئەو پیاوە پیاوێکی چاك بووە. واتە دیاردەی باران بارین وا لێکدەدەنەوە کە بێتە بەڵگە لەسەر چاکی بابای مردوو.

٨. ئارەزوو: مرۆڤ حەز دەکات شتەکان دەرك بکات بە شێوەیەك کە لەگەڵ ئارەزوو وحەزەکان بگونجێت ئەوەش دیاردەی لایەنی (تحیز) روون دەکاتەوە. بۆ نمونە ئەگەر ئێمە کەسێکمان خۆش بوێت، ئەوا زۆربەی جار لایەنە خراپەکانی ئەو کەسە نابینین بەڵام ئەگەر ڕقمان لە کەسێك بیتەوە، بە پێچەوانەوە، هیچ لایەنێکی باشی تیادا نابینین وئەگەر بشیبینین ودانی پێدابنێین ئەوا یان بە کەمی دەزانین ویان دەڵێن ئیشەکە باش بوو بەڵام نیەت ونیازی کابرا خراپ بوو!

٩. ئاستی ئاگاداری: ئەگەر ئاستی ئاگاداریمان بەرز بێت، ئەوا شتەکان باشتر دەرك پێدەکەین وپێچەوانەش ڕاستە. ئەگەر فێرخواز ئاگاداری قسە مامۆستا بێت، ئەوا چاکتر دەزانێت مامۆستا چی دەڵێت لەو فێرخوازە کە خەریکی قسە کردنە لەگەڵ برادەرەکەی یان دالغەی لێداوە ولە دەریای خەیاڵ نوقم بووە!

خۆت تاقی بکەوە!

١. چۆن دافیدۆف پرۆسەی زانین پێناسە دەکات؟
٢. بنەماکانی زانین چین؟
٣. ڕێکخستنی وریاکەرەوە دەرەکییەکان لەسەر چەند بنەمایەك دێتە دی. ئەو بنەمایانە چین؟
٤. ئەو فاکتەرانە چین کە کار لە پرۆسەی زانین دەکەن؟

بەبیرهاتنەوە ولەبیرچوون

دیارە ئەو شتانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا تووشیان دێین هەندێکیان لە بیرمان دەمێنن وهەندێکی تریان لەبیردەکەین. گرنگی بەبیرهاتنەوە لەوەدایە کە بناغەی پرۆسەی فێربوونە واتە ئەگەر ئێمە توانای بەبیرهاتنەوەمان نەبێت، ئەوا توانای فێربوونی هیچ شتێکمان نابێت. لەو بەشە یەکەمجار باسی پرۆسەی بەبیرهاتنەوە دەکەین وپاشانیش دێینە سەر باسی لەبیرچوونەوە.

بەبیرهاتنەوە

بەبیرهاتنەوە بریتییە لە زنجیرە کردارێکی عەقلی کە پەیوەندی بە هەڵگرتن ودووبارە هێنانەوەی زانیاری هەیە ، یاخود ئەو پرۆسە عەقلییەیە کە هەڵدەستێت بە تۆمارکردن وهەڵگرتن وهێنانەوەی بیرەوەری چ لە شێوەی زانیاری، یان بیرۆکە، یان ڕەفتار، یان ئارەزوو بێت. هەروەها دەتوانرێت "بەبیرهاتنەوە بە گشت پرۆسە مەعریفیەکان دابنرێت کە بە وەرگرتنی زانیاری دەست پێدەکات وبە هێمابۆدانان وهەڵگرتن تێدەپەڕێت وبە پرۆسەی گێڕانەوەی زانیاریەکە لە کاتی پێویستدا کۆتایی دێت"[1].

بیردۆزەکانی بەبیرهاتنەوە

دەکرێ ئەو بیردۆزانەی کە هەوڵ دەدەن چۆنیەتی بەبیرهاتنەوە لێکبدەنەوە بۆ دوو کۆمەڵە دابەش بکرێن: بیردۆزە فسیۆلۆجیەکان وبیردۆزە مەعریفیەکان.

یەکەم: بیردۆزە فسیۆلۆجیەکان

ئەو جۆرە بیردۆزانە جەخت لەسەر ڕۆلی مێشك ومادەی کیمیاوی ناو خانەکان دەکەن. دیارە ئەو جۆرە بیردۆزانە پاش پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی ئامێرەکانی پشکنینی مێشك هاتنەکایەوە. ئەو جۆرە بیردۆزانە، هەرچەندە لەژێر یەك چەتر دانراون، جیاوازیان لەگەڵ یەکتر هەیە. لە خوارەوە زۆر بەکورتی باسی چەند بیردۆزێکی گرنگی فسیۆلۆجی دەکەین.

---

[1] عدنان يوسف العتوم، علم النفس المعرفي: النظرية والتطبيق (عمان: دار المسيرة، ٢٠٠٤) ص: ١١٨.

١. بیردۆزی تەشریحی: بە پێی ئەو بیردۆزە، جێگیربوون ومانەوەی بیرەوەریەکان لە مێشك دەبێتە هۆی هێنانە کایەوەی چەند گۆڕانێکی تەشریحی وبونیادی، واتە گۆڕان لە خودی دروست بوون وپێکهاتەی کۆتایی نیۆرۆنەکان (دەمارە خانەکان)، یان لە تۆڕەکانی کۆئەندامی دەمار. ئەو کردارەش بە چەند ڕێگایەك ئەنجام دەدرێت:

- لە ڕێگای زیادبوونی گرێ تۆڕەکان لەلایەن ژمارەیان یان قەبارەیان.
- لە ڕێگای گۆڕانی پێکهاتەی کیمیاوی ئەو گرێ تۆڕانە.

ئەوەش لەوانەیە ببێتە هۆی زیاد بوونی توانای ئەو تۆڕانە بۆ وروژاندن وئاسان کردنی تێپەڕینی دەمارە ئیشارەتەکان، ئەوەش بەش بە حاڵی خۆی دەبێتە هۆی ئاسانی ئەکتیف کردنی ئەو ڕێگا دەمارە تایبەتیانەی کە هەڵدەستن بە گواستنەوەی ئیشارەتەکانی بەبیرهاتنەوەی ئەو بیرۆکانەی کە بەو ڕێگایەدا دەگوازرێنەوە.

٢. بیردۆزی بازنەی دەمارەخانە Neuronal Circuits Theory

بەپێی ئەو بیردۆزە ئەو کاریگەریانەی کە لە ئەنجامی وروژاندنی ئەندامانی هەست پەیدا دەبن، شێوەیەك لە لێدانی دەماری (واتە نبضات عصبیة) بەرهەم دێنن لە دەمارە بازنەکان، کە لە چەند دەمارە خانەیەك پێکهاتووە. دەمارە بازنەکان ئەو شێوە لێدانە دەماریە بۆ ماوەیەکی درێژ هەڵدەگرن وهەرکاتێك ئەو دەمارە بازنانە وروژێنران بەهۆی ورياکەرەوەيەك کە پەیوەندی هەبێت بەو بیرۆکەیەی کە هەڵگیراوە، ئەوا چالاکی ئەو دەمارە بازنانە زیاد دەبێت تا دەگاتە ناوچەکانی توێکڵی مێشك ودەگاتە ئاستی بەئاگابوون (وعی) وبەو جۆرە کەسەکە ئەو بیرۆکەیەی دێتەوە یاد.

٣. بیردۆزی کیمیاوی

بیرەوەریەکان، بەپێی ئەو بیردۆزە، لە کۆئەندامی دەمار هەڵدەگیرێن لەشێوەی گۆڕانی زیندەکیمیاوی ناو دەمارە خانەکان. ترشی ڕایبۆی ناوکی Ribonucleic Acid یان بەکورتی RNA هەڵدەستێت بە هەڵگرتنی بیرەوەریە تایبەتیەکان لەسەر شێوەی کۆدی کیمیاوی تیایدا یان لەو مادە پرۆتینیانەی کە بەرهەمیان دێنێت.

چەندەها ئەزموون لەسەر کرمی یان مشك ئەنجامدرا بۆ پاڵپشتی کردن لەو بیردۆزە[٢].

٤. **بیردۆزی بۆشایی نێوان دەمارەخانەکان** Synapses Theory

باوترین بیردۆز لە بواری بەبیرهاتنەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پرۆسەی هەڵگرتن، واتە هەڵگرتنی بیرەوەرییەکان، لەو بۆشاییە زۆر بچووکانە ئەنجام دەدرێت کە دەکەونە نێوان دەمارەخانەکان یان نیورۆنەکان کە پێیان دەگوترێت Synapses، چونکە دەمارە خانەکان بە یەکتر نەبەستراون بەڵکو بۆشاییەکی زۆر بچووك، کە بێگومان بە چاو نابینرێت، لە نێوانیاندا هەیە. ئەو گۆڕانە کیمیاوییانەی کە لەو بۆشاییانە ڕوو دەدەن ڕێگا دەدات کە تەزووی کارۆکیمیاوی لە دەمارەخانەیەکەوە بۆ دەمارە خانەیەکی تر بگوازرێتەوە. کەواتە ئەو بۆشاییانە ڕۆڵی سویچی کارەبا دەبینن وهەندێك لە زانایان وای بۆ دەچن کە بۆشایی نێوان دەمارەخانەکان ئەو جێگایە بێت کە زانیاری تێدا هەڵدەگیرێت بە هۆی ڕێگادان یان ڕێگا گرتن لە تەزووی کارۆکیمیاوی، ئەوەش وەك چۆنیەتی هەڵگرتنی زانیارییە لە ناو کۆمپیوتەردا.

دووەم: بیردۆزە مەعریفیەکان

ئەو بیردۆزانە تەماشای بەبیرهاتنەوە دەکەن وەك چەمك، یان دروستکراوێکی گریمانی، واتە ئێمە وادەدەنێین (گریمان) کە شتێك یان کردارێك هەیە هەرچەندە هەستی پێ ناکرێت، وەك چەمکی فێربوون وپاڵنەر وبیرکردنەوە وبەبیرهاتنەوە. چەند مۆدێلێك پێشنیارکراون بۆ لێکدانەوەی پرۆسەی بەبیرهاتنەوە لە ڕوانگەی مەعریفیەوە وەك مۆدێلی ئەتکنسن وشفرین، ومۆدێلی ۆف ونۆرمان، ومۆدێلی شەلیس و ورانگتن ومۆدێلی برۆدبێنت وهتد.. لێرەدا تەنها باسی مۆدێلی ئەتکنسن وشفرین دەکەین کە یەکێکە لە مۆدێلە بەناوبانگەکان لە بواری بەبیرهاتنەوە.

---

[١] Hetherington, *Introduction to Psychology for medical students*, Pp.٦٣-٦٤.

شێوە ٨: مۆدێلی ئەتکنسن وشفرین بۆ بەبیرهاتنەوە



مۆدێلی ئەتکنسن وشفرین

لە شەستەکانی سەدەی رابردوو، ئەتکنسن وشـفرین مۆدێلێکیـان پێشنیار کـرد بـۆ لێکدانـەوەی چـۆنیەتی روودانـی پرۆسـەی بەبیرهاتنـەوە. بـەپێی ئـەو مۆدێلـە، لـە

یەکەم هەنگاودا زانیاری دەگاتە (ذاكرة) هەستی ئینجا ئەگەر ئەو زانیاریە بایەخی پێ نەدرا، واتە گرنگ نەبوو لای کەسەکە، ئەوا لەماوەی کەمتر لە چرکەیەك لەبیردەکرێت. بەلام ئەگەر کەسەکە بایەخی بە زانیاریەکە دا ئەوا ئەو زانیاریە دەگوازرێتەوە بۆ (ذاكـرة) ی کورت خایەن. چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو زانیاریە چارەنووسی دیاری دەکات، ئینجا ئەگەر کەسەکە مامەڵەی لەگەڵ ئەو زانیاریە نەکرد ئەوا پاش ۱۵ چرکە لە (ذاكـرة) کورت خایەن نامێنێت. ئەگەر کەسەکە مامەڵەیەکی لاوازی لەگەڵ زانیاریەکە کرد ئەوا زانیاریەکە بۆ ماوەیەکی درێژتر دەمێنێتەوە وپاشان لەبیردەکرێت. بەلام ئەگەر ئەو زانیاریە مامەڵەیەکی قووڵی لەگەڵ کرا ئەوا دەگوێزرێتەوە بۆ (ذاكـرة) درێژ خایەن. ئەو پرۆسەیە لە شێوەی خوارەوە روون کراوەتەوە.

١. ذاكرة ی هەستی Sensory Memory

ئەگەر هەر شتێك بەر هەستی مرۆڤ بکەوێت، ئەو شتە بۆ ماوەیەکی زۆر کورت لە ذاكرة ی هەستیدا دەمێنێتەوە وئەو مادەیەی کە لەو جۆرە ذاكـرة دەمێنێتەوە وەك وێنەی شتێکە لە مێشك پاش بینینی ئەو شتە. ئینجا ئەگەر مرۆڤ بایەخی بەو شتە یان زانیاریە نەدا ئەوا پاش کەمتر لە چرکەیەك ئەو شتە یان زانیاریە لەبیر دەچێت. بەلام ئەگەر مرۆڤ بایەخی پێدا ئەوا ئەو زانیاریە دەگوێزرێتەوە بۆ ذاكرة ی کورت خایەن.

٢. ذاكرة کورت خایەن Short-term Memory

ئەو جۆرە ذاكرة یە بە چەقی هۆشیاری دادەنرێت وبەپێی بۆچوونی ئەتکنسن وشفرین، ئەو ذاكـرة یە هەڵدەستێت بە هەڵگرتنی گشت ئەو زانیاری وبیرۆکە وشارەزاییانەی کە مرۆڤ ئاگای لێیانە لەکاتێکی دیاریکراودا، بەلام تەنها برێکی دیاریکراو لە زانیاریەکان تیایدا دەمێنێتەوە بۆ ماوەیەکی کورت (نزیکەی ۱۵ چرکە) وهەندێك جار ئەو زانیاریە لەوانەشە بۆ ماوەی نیوکاتژمێریش بمێنێتەوە. ئەوەی راستی بێت مانەوەی ئەو زانیاریە بۆ ماوەی چەند خولەکێك لەرێگای دووبارەکردنەوەی زانیاریەکە دەبێت. بۆ نمونە کە ژمارەی تەلەفۆنی هاورێیەك وەردەگرین چەند جارێك دووبارەی دەکەینەوە هەتا نمرەکە لێدەدەین پاش تەواو

بـوونی تەلەفۆنەکـە، ئـەو ژمارەیـەمان لـەبیر دەچـێت ئەگـەر لـە جێگایەکدا نـەی نووسین.

ئەو جۆرە ذاکرة یە، وێڕای هەڵگرتنی زانیاری، ڕۆڵی ڕاپەڕێنەریشی هەیە کە ئەویش بریتییە لە گواستنەوەی زانیاری بۆ ذاکرة ی درێژ خایەن.

٢. ذاکرة ی درێژ خایەن Long-term Memory

ئەگەر زانیاری لە ذاکرة ی کورت خایەن نەگوێزرایەوە بۆ ذاکرة ی درێژ خایەن ئـەوا لەبیردەکرێت، بەڵام بـۆ ئـەوەی زانیـاری بگوێزرێتـەوە بـۆ ذاکـــرة ی درێـژ خایـەن پێویـستە مامەڵەیـەکی قـووڵی لەگەڵـدا بکرێـت ئـەوەش لـە ڕێگـای بـەکارهێنانی شێوازەکانی لەبـەرکردن وماناـدان بـەو زانیاریـە وبەسـتنەوەی بـەو زانیاریانـەی کـە پێـشتر لـە ذاکـــرة ی درێـژ خایـەن هـەڵگیراون. جێگـای ئامـاژە پـێ کردنـە کـە پەیوەندیەکی بەردەوام لە نێوان ذاکرة ی درێـژ خایـەن و ذاکرة ی کـورت خایەنـدا هەیە، واتە چۆن دەتوانرێت زانیاری لە ذاکرة ی کورت خایـەن بـۆ ذاکـــرة ی درێـژ خایەن بگوێزرێتەوە ئـەوەهاش دەتوانرێـت زانیـاری لـە ذاکـــرة ی درێـژ خایەنـەوە بگوێزرێتەوە بۆ ذاکرة ی کورت خایەن.

ذاکرة ی درێژ خایەن هەڵدەستێت بە هەڵگرتنی واتا وبیرۆکـەکان بـۆ چـەند ڕۆژێـك، چـەند مانگێـك، وچـەند سـاڵێك بـەڵکو زانیـاری بەدرێـژی تەمـەنی مرۆڤ تیایـدا دەمێنێتەوە. هەروەها گـەڕان بـەدوای وەڵام لـە ذاکـــرة ی درێـژ خایەنـدا کـارێکی ئاسانە وبەخێرایی ئەنجام دەدرێت، ئەگەر ئەو زانیاریـەی بـەدوای دەگـەڕێین چـەند جارێك پێشتر بەکارمان هێنـا بێـت، ئەگـەر نـا پرۆسـەی گـەڕان کـارێکی زەحمـەت وئەستەم دەبێت ولەوانەیە ئەو زانیاریەی بەدوای دەگەڕێین هەرگیز نەیدۆزینەوە.

شـتێرنبێرگ ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـات کـە چـەند مـۆدێلێکی تـر پێـشنیارکران وەك ئەلتەرنـەتیڤ بــۆ مۆدێلەکــەی ئەتکنــسن وشــیفرین وەك مــۆدێلی چوارچــێوەی ئاستەکانی پرۆسێسکردن، کە لەلایەن کرایك ولۆکهارت پێشنیار کـرا، کـە بـڕوای بـە بوونی سێ جۆر ذاکرة نییە بەڵکو هەڵگرتن لەسەر ئاستی جیاوازدا ئەنجام دەدرێت، ومۆدێلی ذاکرة ئیشکەر کە لەلایەن ئالان بادێلی پێشنیار کرا وتیایدا ذاکرة ی کورت خایەن وبەشێك لە ذاکرة ی درێژخایەنی لەژێر یەك بـەش کـۆکردەوە کـە نـاوی لێنـا

ذاكرة ی ئیشكەر، ومۆدێلی ذاكرة ی فرەسیستەم كە ئێندل تولڤینگ پێشكەشی كرد كە تیایدا ذاكرة بۆ سێ جۆر دابەش دەكات: ذاكرة ی سیمانتیكی و ذاكـرة ی رووداو و ذاكرة ی كرداری[٢]. هەرچەندە فێرخوازی سایكۆلۆجی پێویستە بەقووڵی بچێتە ناو ئەو مۆدێلانە، لەو كتێبە تەنیا ئاماژەیەكی خێرامـان بـۆ كـرد. كتێبەكـەی شتێرنبێرگ بە تێروتەسەلی باسی ئەو مۆدێلانە دەكات بۆ ئەوەی حەز بكـات زیـاتر دەربارەیان بزانێت.

ئەو فاكتەرانەی كار لە بەبیرهاتنەوە دەكەن

بەبیرهاتنەوە، وەك پرۆسەیەكی عەقلی، كۆمەڵێك فاكتەر كاری تێدەكەن. گرنگترین ئەو فاكتەرانە ئەمانەی خوارەوەن:

١. تەمەن: لێكۆڵینەوەكان ئاماژە بۆ ئـەوە دەكـەن كـە توانـای بەبیرهاتنـەوە بـە شێوەیەكی خێرا گەشە دەكات لە نێوان تەمەنی دە تا بیست ساڵیدا وئـەو توانایـە دەگاتـە بـەرزترین ئاسـتی لـە تەمـەنی بیـست سـاڵیدا. پاشـان بەرەبـەرە توانـای بەبیرهاتنەوە لاواز دەبێت بەتایبەتی لـە تەمـەنی پیریدا واتـە پـاش ٦٠ سـاڵیدا كـە توانای ذاكرة ی كورت خایەن لـە گواستنەوەی زانیـاری نـوێ بـۆ ذاكـرة ی درێـژ خایەن لاواز دەبێت هەرچەندە توانای ذاكرة ی درێژ خایەن تارادەیەك وەكـو خـۆی دەمێنێتەوە. بۆ نمونە لەوانەیە كەسێكی تەمەن ٦٠ یـان ٧٠ سـاڵی بـیرەوەری چـل پەنجا ساڵ پێش ئێستای بێتەوە یـاد بـەڵام لەوانەیـە بەزەحمـەت نـاوی نـەوەكانی بێنەوەیاد. هـەر بۆیەشـە توانـای فێربـوون لـەو تەمەنـە زۆر لاواز دەبێـت كـوردیش تێبینی ئەوەی كردووە وگوتویەتی بەو كەسەی كە بیەوێت بە پـیری فێـری شـتێكی نوێ ببێـت: بـە پـیری دێـتە بـەر هـەویری! بـەڵام مەسـەلەی لاواز بـوونی توانـای بەبیرهاتنەوە بەندە بە سروشتی زانیاری وپیشەی مرۆڤ.

٢. سروشتی زانیاری: ئەو زانیاریانەی كە مانادارن ئاسانتر لەبـەردەكرێن ودێنـەوە یاد لەو زانیاریانـەی كـە بـێ مانـان، بـۆ نمونـە هاتنـەوەیادی پەنـدێك ئاسـانترە لـە هاتنەوەیادی كۆمەڵە وشەیەكی بـێ مانـا، وهـەروەها بەبیرهاتنـەوەی زانیـاری رێـك وپێك ئاسانترە لە بەبیرهاتنەوەی زانیاری نارێك وپێك.

---

[٢] Sternberg, R. (٢٠٠٣). *Cognitive Psychology*, Pp. ١٥٨-١٦٥.

٣. شێوازی فێربوون: ئەو شێوازەی بەکاردەهێنرێت لە فێربوونی یان هەڵگرتنی زانیاریەکە کار دەکاتە سەر چۆنیەتی ئەو زانیاریە دێتەوە یادمان. ئەو شێوازەش بەندە بە سروشتی زانیاریەکە لەلایەك وئاستی خوێندن لەلایەکی ترەوە. بۆ نمونە هەندێك کەس ئەگەر زانیاری بە شێوازی گشتی (یان کلـــي) فێربن، ئەوا ئەو زانیاریەیان بە ئاسانتر دێتەوە یادیان وهەندێك کەسی تر بە پێچەوانە.

٤. جیاوازی تاکەکەسی: ئەو کەسانەی کە خاوەن ئاستێکی زیرەکی بەرز وپاڵنەرێکی بەهێزن بۆ فێربوون، چاکتر وئاسانتر فێری زانیاری دەبن لەو کەسانەی کە ئاستی زیرەکیان نزمە یان پاڵنەری فێربوونیان سستە. ئەو فێرخوازەی کە زوو فێر دەبێت، زووتر وزیاتر ئەو شتانەی کە فێری بووە دێتەوەیادی ئەگەر بەراوردی بکەین بەو کەسەی کە درەنگ فێر دەبێت.

٥. رەگەز (نێر ومێ): هەرچەند ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان لەو بوارەدا لەیەك جیاوازن، بەڵام وادیارە کە کچان لە پرۆسەی هەڵگرتن وهێنانەوەیادی زانیاریە زمانەوانیەکان لە کوڕان چالاکترن. کوڕانیش چالاکترن لە هەڵگرتن وهێنانەوەیادی ئەو زانیاریانەی کە پەیوەندیان بە بیرکاری ومیکانیك هەیە.

لەبیرچوون

ئەزریجاوی بەو شێوەی خوارەوە پێناسەی لەبیرچوون دەکات:

"نەتوانینێکی سروشتی بەبیرهاتنەوەی ئەو زانیاریانەی یان کارامە جوڵەییانەی کە فێرخواز پێشتر فێریان بووە، ئەو نەتوانینە لەوانەیە گشتی بێت یان تایبەتی، بەردەوام بێت یان کاتی"[٤].

هەرچەندە زۆربەی خەڵك جەخت لەسەر لایەنە زیان بەخشەکەی دەکەن، ئەوەی راستی بێت لەبیرچوون چەند لایەنێکی [illegible]

وەڵامی پرسیارێك لە کاتی [illegible]

لەبیرچوونەوە، غەم وپەژارەک[illegible]

لەبیر نەکەین ناتوانین فێری وەڵامی

---

[٤] فاضل الأرزنجاوي، أســـس علم النفس التربوي، ص: ١١٤.

بیردۆزەکانی لەبیرچوون

یەکەم دەروونـزان کـە بـە شـێوەیەکی زانستی دیراسـەتی لەبیرچـوونەوەی کـرد، هێرمان ئێبینکهاوس بوو لە ئەڵمانیا کە چەماوەی لەبیرچـوونەوەی داهێنـا. بـەڵام ئەوەی زیاتر دەروونزانەکان بایەخی پێدەدەن ئەوەیـە کـە ئێمـە لەبەرچـی شـتمان یان زانیاریمان لەبیردەچێتەوە. بـۆ ئـەو مەبەسـتە چـەند بیردۆزێك پێشنیار کـران ولێـرەدا بـە کـورتی باسـی دوو لـەم بیردۆزانـە دەکـەین کـە بـریتین لـە بـیردۆزی تێکەڵاوبوون (Interference) وبیردۆزی داخوران (Decay).

١. بـیردۆزی داخـوران یـان بـیردۆزی بەکارنـەهێنان (Disuse): کـۆنترین بۆچـوون هـۆی لەبیرچـوونەوە دەگەڕێنێتـەوە بـۆ پرۆسـەی سـست بـوون بـەهۆی کـات بەسەرچوون، بەمانایەکی تر: تێپەڕبوونی کات هـۆی لەبیرچـوونەوەیە. بـەپێی ئـەو بۆچوونە ئەو کاریگەریانەی کە لە ئەنجامی فێربوونـدا لـە تـوێکڵی مێشکدا دروست بوون بە تێپەڕبوونی کات سست ولاواز دەبن. ئـەوەی ڕاسـتی بێـت ئـەو بۆچـوونە رەخنەی لێگیرا چونکە چەند کارامەیەك هەن کە بە تێپەڕبوونی کات لەبیرناچنەوە وەك لێخوڕینی ماشین یـان مەلـەکردن. تـۆ ئەگـەر فێـری مەلـەکردن بوویـت وبـۆ ماوەیـەکی درێـژیش مەلـەت نـەکردبێت ئـەوە نابێتـە هـۆی ئـەوەی مەلـەکردنت لەبیربچێتەوە هەروەها لێخوڕینی ماشین بەهـەمان شـێوە. ئـەوەش مانـای وایـە کـە فاکتەرێکی تر هەیە بێجگە لە کات کە دەبێتە هۆی لەبیرچوونەوە.

٢. بیردۆزی تێکەڵبوون: ئەو بۆچوونە جـەخت لەسـەر ئـەو ڕووداوانـە دەکـات کـە دەکەنە نێوان فێربوون ولەبیرچوون، واتە ئەو ڕووداوانـەی کـە پـاش فێربـوون دێنـە کایـەوە ڕۆڵێکـی گرنگیـان هەیـە لـە دیـاردەی لەبیرچـوون. ئـەوەی ڕاسـتی بێـت تێکەڵبوونیش دەکرێتە دوو جۆر: تێکەڵبوونی پاشتر وتێکەڵاوبوونی پێشتر.

- تێکەڵبوونی پاشتر (Retroactive interference) ئەنجامی ڕوودانی چالاکیەکە پاش فێربوونی زانیاریەك وپێش ئەوەی داوامـان لێبکرێـت ئـەو زانیاریـە بهێنینـەوە یادمان. بۆ نمونە ئەگەر پارچە هۆنراوەیەکی نـالی لەبـەر بکـەیت ویەکسـەر لـەدوای ئەو پارچە هۆنراوەیـەکی حـاجی قـادر لەبـەر بکـەیت، وپاشـان داوات لێبکرێـت کـە پارچە هۆنراوەکەی نالی بڵێیتەوە، ئیحتیمالی زۆرە کە لەبیرت چووبێتەوە.

- هەرچی تێکەڵبوونی پێشترە (Proactive interference) کاتێك ڕوودەدات کە هەندێك زانیاری پێشکەش دەکرێن پێش پێشکەش کردنی ئەو زانیاریانەی کە دەمانەوێ فێریان ببین*. بۆ نمونە ئەگەر هەندێك ژمارەت پێ نیشان بدەن بەڵام داوات لێ نەکرێت ویەکسەر کۆمەڵە ژمارەیەکت پێ نیشان بدرێت وداوات لێ بکرێت کە لەبەریان بکەیت، ئەوا ئیحتمالی زۆرە کە ئەو ژمارانەت نایەتەوەیاد بە باشی چونکە ژمارەکانی پێشتر لەگەڵیان تێکەڵ بوون.

بەپێی ئەو بیردۆزە لەوانە هەندێك مادەی تر تێکەڵ ببن لەگەڵ ئەو مادەیەی کە دەمانەوێت فێری ببین، جا ئەو تێکەڵ بوونە چ پێش پرۆسەی فێربوون بێت چ دوای ئەو پرۆسەیە بێت. ئینجا ذاکرة ی درێژ خایەن سەرقاڵی ئەو زانیاریانە دەبێت کە مەبەستمان نییە فێریان ببین ولەو نێوانەدا ئەو زانیاریانەی کە دەمانوێت فێریان ببین ناتوانرێ بگوێزرێنەوە بۆ ذاکرة ی درێژخایەن بۆیە پاش ماوەیەکی کورت لەبیرمان دەچێتەوە.

ئەمنێسیا ونیمۆنیسیا

ئەمنێشیا (یان ئەمنێسیا) (Amnesia) کە بەزمانی عەرەبی پێی دەگوترێت: فقدان الذاكرة، بریتییە لە پەککەوتنی ذاكـرة بەشێوەیەکی نائاسایی. ئەمەش چەند جۆرێکی هەیە:

جۆری یەکەم: ئەمنێشیای پاشەکی (Retrograde Amnesia) کە بریتییە لە پەککەوتنی ذاكرة لە هێنانەوە یادی هەندێك زانیاری پاش ڕوودانی تراومایەك یان ڕووداوێکی ترسناك.

جۆری دووەم: ئەمنێشیای شیرخۆری (Infantile Amnesia) کە بریتییە لە بەبیرنەهاتنەوەی ئەو ڕووداوانەی کە لە قۆناغی ژیانی شیرخۆریماندا (واتە پێش تەمەنی سێ ساڵی) تووشیان هاتووین.

---

* Sternberg, R. (٢٠٠٣). *Cognitive Psychology*, p. ١٩٤.

جۆری سێیەم: ئەمنێشیای پێشەکی (Anterograde Amnesia) کە بریتییە لە بەبیرنەهاتنەوەی ئەو شتانەی کە پاش ڕووداوێکی ترسناك ڕوویانداوە وتەنیا ئەو شتانەی بەبیردێتەوە کە پێش ئەو ڕووداوە فێریان بووە وهەڵیگرتوون لە ذاكرة[٦].

نیمۆنیشیا (یان نیمۆنیسیا) (Mnemonisia) کە پێچەوانەی ئەمنێشیایە، ئەو کەسەی تووشی ئەو حالەتە بوویێت ئەوا دەبێتە خاوەن ذاكرة یەکی لەڕادەبەدەرە بەهێز کە دەتوانێت هەرشتێکی بووێت بەبیری بێتەوە. بەڵکو هەندێك جار خاوەن ئەو حالەتە نایەوێت هەندێك شتی بێتەوە یاد، بەڵام ئەو شتانە هەر دێنەوەیادی ئەوەش دەبێتە مایەی بێزاربوون ونارەحەتی. بەناوبانگترین حالەت هی ئەو پیاوە بوو کە دەروونزانی ڕوسی ئەلکساندەر لوریا دیراسەی کرد لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو.

خۆت تاقی بکەوە!

١. بەبیرهاتنەوە چۆن پێناسە دەکرێت؟ دەتوانیت بە کورتی باسی دوو لە بیردۆزە فسیۆلۆجیەکان بکەیت کە تەفسیر بەبیرهاتنەوە دەکەن؟
٢. دەتوانیت باسی مۆدێلەکەی ئەتکنسن وشیفرین بکەیت لە بواری بەبیرهاتنەوە؟
٣. ئەو فاکتەرانە چین کە کار لە پرۆسەی بەبیرهاتنەوە دەکەن؟
٤. لەبیرچوون چییە؟ بەناوبانگترین دوو بیردۆز کە تەفسیری ئەو دیاردە دەروونییە دەکەن چین؟
٥. جیاوازی نێوان ئەمنێسیا ونیمۆنێسیا چییە؟

---

[٦] سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە: ١٦٩–١٧٠.

پاڵدەر وھەڵچوون

یەکەم: پاڵدەر

تێبینی کردن ووەسف کردنی رەفتار بە تەنیا هیچ بەهایەکی زانستی ئەوتۆی نییە بەبێ گەڕان بەدوای هۆیەکان. بەڵام پرۆسەی گەڕان بەدوای هۆ لەبواری دەروونزانیدا کارێکی ئاسان نییە چونکە لەوانەیە هەمان هۆ ئەنجامی جیاواز بەرهەم بێنێت وەیان زیاتر لە هۆیەك بەشداری بکەن لە بەرهەم هێنانی رەفتارێك یان زنجیرە رەفتارێك. ئێمە لە ژیانی رۆژانەماندا، چ مەبستی پێ بکەین یان نا، بەدوای هۆی رەفتاری خەڵك دەگەڕێین وزۆرجار دەپرسین: ئەو منداڵە بۆچی لەدوای دایکی دەگرییت؟ ئەو گەنجە بۆچی جل وبەرگی سەیری لەبەرکردووە؟ وچەندەها پرسیاری تریش لەو شێوەیە کە لەوانەیە بتوانین وەڵامی هەندێکیان بدەینەوە، بەڵام وەڵامی هەندێکی تریان نازانین ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە رەفتاری مرۆڤ هەندێکجار سادە وساکارە ودۆزینەوەی هۆیەکەی ماندووبونێکی زۆری ناوێ. هەندێك جۆر لە رەفتاری مرۆڤ ئەوەندە ئاڵۆزن وهۆیەکانیان نادیارە وبەئاسانی ناتوانیت بیدۆزیتەوە. ئینجا لێرەدا دەروونزانی هەوڵ دەدات رەفتار لێك بداتەوە وەك ئەنجامی هۆیەکی دیاریکراو کە پێی دەگوترێت پاڵنەر یان پاڵدەر.

زاراوەی پاڵدەر تەرجومەی وشەی (دافــع) ی عەرەبییە کە ئەویش تەرجومەی وشەی Motive ی ئینگلیزیە. ئەوەی راستی بێت وشەی Motive مانای بزوێنەر دەدات کە هەندێك جار وشەی (محــرك) ی عەرەبی بەرامبەر بەکاردێت. لێرەدا زاراوەی پاڵدەر بەکاردێت بۆ ئاماژە کردن بۆ بارێکی ناوەکی کە پاڵ بە مرۆڤ دەنێت بۆ ئەوەی رەفتارێکی تایبەتی بکات بە مەبەستی نەهێشتنی ئەو بارە ناوەکییە. کەواتە پاڵدەر گۆڕاوێکی گریمانییە چونکە ناتوانین بە شێوەیەکی راستەوخۆ تێبینی بکەین بەڵکو دەتوانین تێبینی ئەنجامەکانی بکەین وهەر لەبەر ئەوەشە دان بە بوونی دادەنێین ولەبەر ئەوەی ئەو ئەنجامانەش لەلایەن چەندیەوە دەگۆڕێن، وادادەنێین کە پاڵنەرەکەش گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

ئەوەی راستی بێت هەندێك زاراوەی تر هەن كە لە مانای پاڵدەر نزیكن ولەوانەیە پێویست بێت كەمێك ڕۆشناییان بخرێتە سەر. گرنگترین ئەو زاراوانەش بریتین لە: ڕەمەك، پێویستی، ودنەدەر. لە خوارەوە بە كورتی باسیان دەكەین.

ڕەمەك: وشەی ڕەمەك تەرجەمەی وشەی (الغريزة) یە لە زمانی عەرەبی كە مانای سروشتیش دەگەیەنێت وتەرجەمەی وشەی Instinct بە زمانی ئینگلیزی. ئەو زاراوەیە كۆنترین زاراوەیە كە لە بواری دەروونزانی بەكارهاتبێت بۆ تەفسیر كردنی رەفتار. ڕەمەك بریتییە لە ئامادەبوونێكی زگماكی كە پاڵ بە زیندەوەر، چ ئاژەڵ چ مرۆڤ، دەنێت بۆ ئەوەی رەفتارێكی تایبەتی بكات لە بارودۆخێكی دیاریكراودا، بۆ نمونە جوجەڵە پاش چەند كاتژمێرێك لە دەرچوونی لە هێلكەكەیدا دەتوانێت دانەوێڵە بە دەنووكی هەڵبگرێت ئەوەش لەبەر بوونی ڕەمەكی گەڕان بە دوای خواردنە، یان گریانی منداڵی تازە لەدایك بوو كە گوێی لە دەنگێكی بەرز دەبێت (ڕەمەكی ترس). وە بۆ ئەوەی بزانن مرۆڤ چەند ڕەمەكی هەیە، دەروونزانەكان چەند وەڵامێكی جیاجیان پێشكەش كرد. بەڕای ولیەم جێیمس، مرۆڤ ٣٢ ڕەمەكی هەیە، تۆرەندایك ٤٢ ڕەمەكی دیاریكرد، وبەناوبانگترین دەروونزان لەو بوارە كە ولیەم مكدۆگاڵ بوو ئاماژەی بۆ ١٤ ڕەمەك كرد وبۆ هەر ڕەمەكێك هەڵچوونێكی دیاریكرد بۆ نمونە ڕەمەكی ڕاكردن هەڵچوونەكەی ترسە وڕەمەكی گەڕان بەدوای خواردن هەڵچوونەكەی برسییەتییە[١]... دەروونزانی تر هەن كە ژمارەی ڕەمەكەكانیان بۆ یەك یان دوو ڕەمەك كەم كردەوە، بۆ نمونە فرۆید لە سەرەتادا ئاماژەی بۆ دوو ڕەمەك كرد كە بریتی بوون لە ڕەمەكی ژیان وڕەمەكی مردن. ئادلەر، كە پێشتر شاگردی فرۆید بوو، بڕوای وابوو كە تەنها یەك ڕەمەك سەرچاوەی چالاكیەكانی مرۆڤە كە ئەویش ڕەمەكی كامڵ بوونە.

بۆ ماوەیەكی زۆر زاراوەی ڕەمەك بووە چەمكێكی سەرەكی لە دەروونزانی وژمارەشی گەیشتە شەش حەوت هەزار ڕەمەك!! هەندێك لە دەروونزانەكان بە هەستێكی ناوەكیان لە قەڵەم دا! ئەوەی راستی بێت لەم دواییەدا واز لەم زاراوە

---

[١] د. حكمت درو الحلو ود. زريفي خليفة العكروتي، **مدخل إلى علم النفس**، (القاهرة: المكتب المصري، ٢٠٠٤)، ص٧٥.

هێنرا بە پاساوی ئەوەی کە هیچ بەهایەکی ڕوونکەرەوەی نییە. بۆ نموونە کە دەپرسین: بۆچی چۆلەکە دەفڕێت؟ لە وەڵامدا بڵێین: چونکە ڕەمەکی فڕینی هەیە، ئەو وەڵامە هیچ بەهایەکی ڕوونکەرەوە نادات بە دەستەوە.

پێویستی: ئەو زاراوە بەرامبەر وشەی Need ی ئینگلیزی و (حاجــة) عەرەبی بەکارهاتووە. هەندێك جار ئەو زاراوە بە مانای پاڵدەر بەکاردەهێنرێت وبە شێوەیەکی گشتی پێویستیەکان بۆ دوو جۆر دابەش کراون: پێویستیە جەستەییەکان کە بریتین لە هەوا وئاو وخواردن وهتد.. وپێویستیە دەروونییەکان وەك هەست کردن بە ئاسایش وڕێز لێگرتن وخۆشەویستی وهتد.. دەروونزانی ئەمەریکی، ئەبراهام ماسلۆ، بیردۆزێکی لە بواری کەسایەتی پێشکەش کرد کە لەسەر بناغەی پێویستیەکان دامەزرابوو. لەبەر گرنگی ئەو بیردۆزە، لە خوارەوە بەکورتی ئاماژەی بۆ دەکەین.

بەپێی بۆچوونی ماسلۆ، پێویستیەکانی مرۆڤ لە پێنج ئاستدان وەتا پێویستیەکانی ئاستی خوارەوە تێرنەکرێت، مرۆڤ بیر لە تێرکردنی پێویستیەکانی ئاستی سەرەوەتر ناکاتەوە.

١. ئاستی یەکەم بریتییە لە پێویستیەکانی جەستەی مرۆڤ وەك پێویستی بە خواردن وئاو وهەوا وگەرمی شتی تر.

٢. ئاستی دووەم بریتییە لە پێویستی بە هەست کردن بە ئارامی وئاسایش وخۆدوورخستنەوە لە مەترسیە دەرەکییەکان.

٣. ئاستی سێیەم بریتییە لە پێویستی بە خۆشەویستی وئینتیما واتە بەدەست هێنانی خۆشەویستی وسۆز وبایەخ پێدان لەلایەن کەسانی ترەوە.

٤. ئاستی چوارەم بریتییە لە پێویستی بە ڕێزلەخۆگرتن، واتە هەم مرۆڤ ڕێز لەخۆی بگرێت وهەم خەڵکیش ڕێزی لێ بگرن.

٥. ئاستی پێنجەم کە دوا ئاستە بریتییە لە پێویستی هێنانەدی خود ئەوەش بەندە بە هێنانەدی ئامانجە دوورەکان وگوزارشت کردن لە خود وخستنەکاری گشت توانا وبەهرەکانی مرۆڤ.

شێوە ٩: هەرەمی پێویستیەکان لەلای ئەبراهام ماسلۆ

دنەدەر: ئەو زاراوەیە تەرجەمەی وشەی (حـــافز) ە لـە زمـانی عـەرەبی و وشـەی Incentive لەزمانی ئینگلیزی. ئەو زاراوەیە ئاماژە بـۆ شـتە مـادی یـان نامادیـەکان دەکات کە پێویستیەك لە پێویستیەکانی مرۆڤ تێردەکەن، بـۆ نمونـە خـواردن یـان پارە یان خەڵات هتد.. ئەوەی ڕاستی بێت هەندێك لە نووسـەران بـە مانـای پاڵدەر بەکاریان هێناوە وهەندێکی تر بە مانای وروژێنەر.

هەرچـەندە دەتوانرێـت پاڵدەرەکان بـە چـەند شـێوەیەك پـۆلێن بکـرێن، بـەڵام بـۆ ئـەوەی ئـەو بابەتـە لای خوێنـەر ئاسـان بکـەین، لێرەدا بـۆ دوو چەشـن پۆلێنیـان دەکەین: پاڵنەرە فسیۆلۆجیەکان وپاڵنەرە سایکۆلۆجیەکان.

١. پاڵەر فسیۆلۆجیەکان: ئەو جۆرە پاڵەرانە زگماکن واتە مرۆڤ فێریان نابێت بەڵکو بەندن بە سروشتی جەستە ولەشی مرۆڤ. ئەوەی ڕاستی بێت مرۆڤ وئاژەڵ لەو جۆرە پاڵەرانە هاوبەشن چونکە بەبێ تێر کردنیان ژیانی زیندەوەر دەکەوێتە مەترسیەوە. پێویستی بە هەوا وئاو وخواردن وگەرمی ونووستن چەند نمونەیەکن لەو جۆرە پاڵەرە فسیۆلۆجیانە. هەرچەندە ئەگەر پاڵەری جنسی تێرنەکرێت ژیانی مرۆڤ، وەك تاکە کەسێك، ناکەوێتە مەترسیەوە بەڵام ئەگەر هیچ مرۆڤێك تێری نەکات ئەوا ژیانی کۆمەڵگا دەکەوێتە مەترسی نەمان ولەناوچوون، بۆیە جنسیش بە پاڵەرێکی فسیۆلۆجی حسێب دەکرێت. لەخوارەوە بە کورتی باسی تەنیا چوار جۆر لە پاڵەر فسیۆلۆجیەکان دەکەین کە بریتین لە برسیەتی، تینویەتی، نووستن وجنس.

برسیەتی: بێگومان بۆ ئەوەی مرۆڤ بە کارەکانی ڕۆژانە هەڵبستێت، پێویستی بە وزە هەیە وخواردنیش سەرچاوەی سەرەکی وزەیە بۆ لەش وهەرکاتێك مرۆڤ یان ئاژەڵ هەستی کرد کە سەرچاوەی وزەی کەم بۆتەوە ئەوا هەوڵ دەدات لە ڕێگای خواردن ئەو سەرچاوەیە بەهێزکاتەوە. ئەوەش بەپێی یاسایەکی بایۆلۆجی کە پێی دەڵێن پاراستنی هاوسەنگی واتە لەشی مرۆڤ هەوڵ دەدات هاوسەنگی خۆی بپارێزی وهەرکاتێك ئەو هاوسەنگیە لەنگ بوو ئەوا لەشی مرۆڤ تووشی بارێکی گرژی دەبێت کە هانی دەدات بەدوای ئەو شتە بگەڕێت کە هاوسەنگی بۆ لەش بگەڕێنێتەوە. ئینجا کە هاوسەنگی گەڕاوە ئەوا حالەتی گرژی نامێنێت ومرۆڤ خاموش دەبێتەوە. بەڵام بابزانین ئێمە چۆن هەست بە برسیەتی دەکەین؟ لەوانەیە خوێنەر زوو وەڵام بداتەوە وبڵێت: هەرکە گەدەی مرۆڤ بەتاڵ بوو ئەوا هەست بە برسیەتی دەکات. بابزانین ئەو وەڵامە تا چ ڕادەیەك ڕاستە.

لەئەنجامی تاقیکردنەوەکان بەدیارکەوتووە کە کاتێك گەدە خواردنی تیادا نامێنێت، ماسولکە لووسەکانی گرژ دەبنەوە وهەرچەند ماوەی نان نەخواردن درێژتر بێت ئەو ماسولکانە زیاتر گرژ دەبنەوە. ئەو گرژ بوونەوەش لە ڕێگای دەمارەکان وەك چەند هێمایەك دەگاتە مێشك ولەئەنجامدا هەست بە برسیەتی دەکەین. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت گرژ بوونەوەی ماسولکەکانی گەدە تەنها

سەرچاوە نییە بۆ هەست کردن بە برسیەتی بەڵکو بە سەرچاوەیەکی لاوەکیش حسێب دەکرێت چونکە لە هەندێك تاقیکردنەوەدا لەسەر چەند مشکێك گەدەکانیان لێکرانەوە ولەهەندێك تاقیکردنەوەی تردا ئەو دەمارانەی کە گەدە بە مێشك دەبەستنەوە پچڕان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو مشکانە وەك مشکی ئاسایی هەڵسوکەوتیان دەکرد بەرامبەر بە خواردن کە ئەوەش مانای وایە کە گرژ بوونەوەی گەدە سەرچاوەی سەرەکی نییە بۆ هەست کردن بە برسیەتی. تاقیکردنەوەکان سەلماندویانە کە نزم بوونەوەی ئاستی شەکر (گلوکۆز) لە خوێندا هۆکاری سەرەکی هەست کردنە بە برسیەتی[٢]. ئەو ئەندامەی کە ڕۆلی سەرەکی دەبینێت لە کرداری هەست کردن بە برسیەتی وتێربوون لە ناو مێشکدا بریتییە لە هایپۆتالامۆس.

تینویەتی: هەموومان دەزانین کە ئاو پێکهاتەیەکی سەرەکی لەشی زیندەوەرە ومرۆڤ ناتوانێت زیاتر لە چەند ڕۆژێك بێ ئاو بژیێت، بەلام ئێمە چۆن هەست بە تینویەتی دەکەین؟

لەوانەیە خوێنەر بڵێت لە ئەنجامی ووشك بوونی قورگ هەست بە تینویەتی دەکەین. هەرچەندە ئەو وەلامە تاڕادەیەك ڕاستە بەلام لە ئەنجامی چەند تاقیکردنەوەیەك تێبینی کرا کە ووشك بوونی قورگ تەنها هۆ نییە بۆ هەست کردن بە تینویەتی، بۆ نمونە لە یەك لەو تاقیکردنەوانە، لە ڕێگای لولەیەکی لاستیکی ئاو درا بە سەگێك بێ ئەوەی قورگی سەگەکە تەڕ ببێت، لەگەڵ ئەوەشدا سەگەکە تینویەتیەکەی شکا. ئەو تاقیکردنەوانە ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە هەست کردن بە تینویەتی لەئەنجامی کەم بوونەوەی ئاوە لەناو خانەکانی لەش بەگشتی وگرنگترین هۆکار کەم بوونەوەی ئاوە لە چەند خانەیەکی دیاریکراو لە هایپۆتالامۆس کە لە ئەنجامدا فرمان بە ئاو خوادنەوە دەدات. کەواتە هایپۆتالامۆس لێرەشدا دەورێکی گرنگ دەبینێت لە هەست کردن بە تینویەتی وگەڕان بەدوای ئاو ودیاریکردنی ئاستی تێربوون.

---

[٢] Lahey, B. (٢٠٠٤). *Psychology: An introduction.* P.٣٧١.

نووستن: نووستنیش یەکێکە لە پاڵنەرە جەستەییە زیندەگرنگەکان چونکە ئەگەر ئاژەڵ یان مرۆڤ بۆ ماوەیەکی زۆر نەنوێت ئەوا مەترسی مردنی لێدەکرێت. ئەوەی راستی بێت پاش ئەوەی رێگا نەدرا بە چەند ئاژەڵێك کە بنوێت ئەو ئاژەڵانە لە ئاکامدا مردن. هەروەها ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوەکانی کە لەسەر مرۆڤ ئەنجامدرا تێبینی ئەوە کرا کە ئەگەر مرۆڤ بۆ ماوەی سێ رۆژ نەخەوێت ئەوا هەست بە ماندووبوون دەکات وشتی لە پێش چاو لێڵ دەبێت وچالاکی نزم دەبێتەوە وشتی لەیاد دەچێت. مێشك بە گشتی، وبە تایبەتی مێشکی ناوەڕاست وتالاموس هایپۆتالاموس وتوێکلی مێشك، دەورێکی گرنگ دەبینن لە رێکخستنی خەوتن وماوەکەی. سەبارەت بە ماوەی خەوتن لە مرۆڤێك بۆ مرۆڤێکی تر دەگۆرێت وباری دەروونی ومەسەلەی داب ونەریت وفێربوون کاری تێدەکەن.

جنس: ئەو پاڵنەرە بەلای کەمەوە لەدوو لایەندا جیاوازە لەو پاڵنەرانەی کە پێشتر باسمان کردن. لایەنی یەکەم ئەوەیە کە ئەو پاڵنەرە وەنەبێ لەگەڵ لەدایك بوونی مرۆڤدا سەر هەڵ بدات وەك برسیەتی وتێنویەتی، بەڵکو تا قۆناغی هەرزەکاری مرۆڤ هەستی پێ ناکات. هەرچەندە فرۆید بروای وانییە بەڵام بۆچوونی ئەو دەربارەی ئەو مەسەلەیە بەڵگەی بەهێزی نییە. لایەنی دووەم ئەوەیە کە تێرنەکردنی ئەو پاڵنەرە نابێتە مایەی هیچ مەترسیەك بۆ سەر ژیانی تاك، پێچەوانەی برسیەتی وتێنویەتی، بەڵام ئەگەر هیچ کەسێك ئەو پاڵنەرە تێر نەکات ئەوا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تووشی قڕان دەبێت. بۆیە گشت کۆمەڵگە مرۆییەکان گرنگیان بەو پاڵنەرە داوە وشێواز تێرکردنیان رێکخستووە لەرێگای هاوسەریەتی (ژن هێنان ومێرد کردن) کە ببێتە مایەی سوود بۆ تاك وکۆمەڵگا.

بناغەی فسیۆلۆجی ئەو پاڵنەرە لە ئەندامی زاوزێ کردنە لای پیاو وئافرەت. لای پیاو هۆرمۆنی ئەندرۆجین کە دەرژێتە ناو خوێن، بەهاوکاری چەند هۆرمۆنێکی تریش هەن کە سایرۆیدە گلاند دەیان رژێنێ، دەور دەبینن لە پەیدا بوون وبەهێزبوونی ئەو پاڵنەرە. دوو هۆرمۆن هەن لای ئافرەت، کە بریتین لە ئیسترۆجین وبرۆجستین، کە گلاندی زاوزێ کردنە دەیان رژێننە ناو خوێن وپەیوەندیەکی بەهێزی بە سوڕی مانگانە لای ئافرەت هەیە. دیارە سەبارەت بە پاڵنەری

جنسیش، هایپۆتالامۆس دەورێکی باڵا دەبینێت، بەڵام جنس زیاتر پاڵنەرە کە مرۆڤ خۆی دەوری سەرەکی دەبینێت لە وروژاندنی وچۆنیەتی تێرکردنی وە لایەنی فسیۆلۆجی، بەتایبەتی ئەو هۆرمۆنانەی کە پەیوەندیان بە جنسەوە هەیە، دەورێکی لاوەکی دەبینن ئەگەر بەراورد بکرێن بە دەوری هۆرمۆنەکان لەسەر لایەنی جنسی لای ئاژەڵ[۲].

۱. پاڵدەرە دەروونیە- کۆمەڵایەتیەکان

ئەو جۆرە پاڵنەرانە هەڵقوڵاوی دەروونی مرۆڤن وچونکە مرۆڤ لە بۆشاییدا ژیان بەسەر نابات، بەڵکو لە ناو کۆمەڵگایەك، بۆیە ئەو جۆرە پاڵنەرانە مۆرکی کۆمەڵایەتی وەردەگرن. کەواتە شتێکی ئاساییشە کە ئەو پاڵنەرانە لە کۆمەڵگای جیاواز شێوەی جیاواز جیاواز وەربگرن. لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێك لەو پاڵنەرانە دەکەین:

پاڵنەری کۆبوونەوە: لەراستیدا لە کۆنەوە بڕوا وابوو کە ئەو پاڵنەرە پاڵنەرێکی زگماکە وپەیوەندی بە کۆمەڵ نیە، بەڵام پاش ئەنجام دانی چەند تاقیکردنەوەیەك دەروونزانەکان گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە ئەو پاڵنەرە زگماك نییە وبەڵگەیان نەبوونی ئەو پاڵنەرەیە لەلای مرۆڤ لە دوو ساڵ ونیوی تەمەنی. پاش ئەو تەمەنە هەست بەو پاڵنەرە دەکرێت. ئەوەی راستی بێت گرنگی ئەو پاڵنەرە لەوەدایە کە منداڵ پاش لەدایك بوونیدا بێ هێز ودەسەڵاتە وئەگەر کەسانی دەوروبەری، وبەتایبەتی دایك، پێویستیە سەرەکیەکانی تێر نەکەن ئەوا ئەو منداڵە ناتوانێت بژێت. هەر بۆیەشە ئەو پاڵنەرە لە گشت کۆمەڵگاکانی مرۆڤ هەیە.

پاڵنەری لاساکردنەوە: مەبەست ئەوەیە کە هەموو مرۆڤێك، لە قۆناغێك یان چەند قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانیدا، حەز دەکات لاسای کەسانی تر بکاتەوە. ئەو پاڵنەرە بە شێوەیەکی ئاشکرا لە قۆناغی منداڵیدا تێبینی دەکرێت لەوانەیە هۆیەکەشی ئەوە بێت کە لاسا کردنەوە رێگایەکە لە رێگاکانی فێربوون لەو قۆناغەدا. هەندێك لە دەروونزانەکان بڕوایان وایە کە منداڵ لە رێگای لاساکردنەوەی

---

[۲] Lahey, *Psychology: An introduction*, P. ٤٣٧.

دایك وباوك وئەو كەسانەی لە دەوروبەری دان فێری زمان وگەلێك لە كارامەیی كۆمەڵایەتی دەبێت.

پاڵنەری دوژمنایەتی: مەبەست لە دوژمنایەتی ئازار گەیاندنە بە كەسانی تر بە شێوەیەكی مادی وەك لێدان وكوشتن ویان بە شێوەیەكی نامادی وەك جوێن دان وبریندار كردنی هەستی بەرامبەر. ولیەم مكدۆگال بڕوای وابوو كە ئەو پاڵنەرە ڕەمەكێكی سروشتییە لای مرۆڤ. بیردۆزێكی تر هۆی ئەو پاڵنەرە دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرنەكەوتن لە تێركردنی هەندێك لە پێویستیە گرنگەكانی مرۆڤ. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت لێكۆڵینەوەكانی مارگرێت مید، لەسەر كۆمەڵگا سەرەتاییەكان، ئاماژەیان بۆ ئەوە كرد كە ئەو پاڵنەرە لە هەموو كۆمەڵگایەك بەدی ناكرێت بۆ نمونە لە نێوان هۆزەكانی ئەرابیش لە غینیای نوێ هیچ شێوەیەك لە شێوەكانی دوژمنایەتی بەدی ناكرێت بەڵكو ژیانێكی ئاسوودە دەبەنەسەر، بێ شەڕ وشۆڕ. ئەوەش بە پێچەوانەی هۆزی مۆندۆگومەری دراوسێیان كە هەستی دوژمنایەتی وناحەزیان تیادا باوە. بەپێی بۆچوونی مید، جیاوازی نێوان ئەو هۆزانە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی شێوازی پەروەردە كردنی منداڵ تیایاندا.

پاڵنەری موڵكداریەتی: مەبەست لە موڵكداریەتی خاوەنداریەتی شت ومەكی مادیە ومكدۆگال ئەو پاڵنەرەی بە ڕەمەك لە قەڵەم دا، واتە لای هەموو كەسێك هەیە، بەڵام دووبارە لێكۆڵینەوەكانی مارگرێت مید گومانی خستە سەر ئەو بۆچوونە چونكە مید تێبینی كرد كە ئەو پاڵنەرە لای هەندێك لە هۆزەكانی ئەفریقیا تێبینی ناكرێت وەك هۆزی ئەرابیش كە پێشتر ئاماژەمان بۆ كردن. دكتۆر موستەفا محمود لە لێكۆڵینەوەیەكی لەسەر هۆزەكانی شیلۆك لە خوارووی سودان تێبینی كرد كە موڵكداریەتی لای ئەو هۆزە زۆر لاوازە ئەگەر بەراورد بكرێن بە كۆمەڵگا تازەكان.

ئەوەی ڕاستی بێت پاڵنەری دەروونی ـ كۆمەڵایەتی زۆرن ولاهێی ئا-
ـلنە ی گرنگ دەكات كە بریتین لە[٤]:

[illegible]

ـی نوێ و گۆڕان دەگەڕێت.

---

[٤] Lahey, *Psychology: An introduction*, Pp. ٣٧٥-٣٧٨.

٢. پاڵنەری بەدەستهێنان: مەبەستی پاڵنەری سەرکەوتن بە دەست هێنانە جا لە هەر بوارێك بێت، خوێندن، کارکردن، وهتد..

٣. پاڵنەری ئینتما: کە نزیکە لە پاڵنەری کۆبوونەوە کە پێشتر باسمان کرد.

دووەم: هەڵچوون

هەڵچوون تەرجومەی وشەی (انفعال) ی عەرەبییە کە ئەویش تەرجومەی وشەی Emotion ی ئینگلیزیە. دکتور عبد الستار تاهیر شەریف وشەی تاوگیری لەجیاتی هەڵچوون پێشنیار دەکات بەڵام وادیارە نە وشە کوردیەکان ونە وشە عەرەبیەکەش پڕ بە پێستی وشە ئینگلزیەکەیە بەڵام دیارە حاڵی حازر لەو وشانە چاکترمان لەبەردەست دا نین.

هەڵچوون چییە؟ ئەوەی ڕاستی بێت هەندێك لە نووسەران پێیان ڕاست نییە کە بابەتی هەڵچوون بە پێناسە هەڵچوون دەست پێ بکات[*]. بەڵام پێشکەش کردنی چەند پێناسەیەك بۆ ئەو زاراوەیە ڕۆشنای دەخاتە سەر خاڵە گرنگەکانی بابەتەکە یارمەتی خوێنەر دەدات کە بە شێوەیەکی باشتر بابەتەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە. بۆیە لێرەدا دوو پێناسە دەخەینە ڕوو. یەکەم پێناسە هەڵچوون بە گۆڕانێکی دەروونی جەستەیی لەناکاو دادەنێت کە مرۆڤ تووشی سەرلێشێوان دەکات ودەتوانرێت ئاسەواری ئەو گۆڕانە لەسەر ڕەفتاری دەرکی بابای هەڵچوو تێبینی بکرێت[٦]. لاهێی پێناسەی هەڵچوون دەکات بەو شێوەیە: بریتیە لە چەند هەستێکی پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ، کە بە شێوەیەکی گشتی بریتیە لە کاردانەوە بۆ ورپاکەرەوە، کە ورووژانی فسیۆلۆجی ورەفتاری تایبەتی لەگەڵدایە[٧].

ئەوەی ڕاستی بێت هەڵچوون پەیوەندیەکی بەهێزی ڕاستەوخۆی بە پاڵدەرەکان هەیە وهەندێك جار هەڵچوون خۆی لەخۆیدا دەبێتە پاڵنەرێك بۆ ئەنجامدانی ڕەفتارێکی دیاریکراو. وهەروەها هەڵچوون وەك فاکتەرێك کار لە زۆربەی

---

[*] بڕوانە: عبد الستار ابراهیم ورضوی ابراهیم، علم النفس: أسسه ومعالم دراساته (القاهرة: الدار العربیة للنشر والتوزیع، ط٣، ٢٠٠٣) ص ٤٢٥.

[٦] بڕوانە: د. حکمت درو الحلو، د. زریکو خلیفة العکروتي، مدخل إلی علم النفس، ص٨٧.

[٧] Lahey, *Psychology: An introduction*, P. ٣٦٩.

پاڵنەرەکان دەکات بۆ نمونە ئەگەر تۆ غەمبار بیت، کە جۆرێکە لە هەڵچوون بە مانای سایکۆلۆجیەکەی، لەوانەیە ئەگەر برسیشت بێت بەڵام ئارەزووی خواردن ناکەیت! بۆیە لێرەدا بەدوای بابەتی پاڵنەرەکانی باسی دەکەین. باسەکەشمان دەکەین بە دوو بەش: بەشی یەکەم باسی جۆرەکانی هەڵچوون دەکەین ولە بەشی دووەم باسی سیّ لە بیرتۆزە گرنگەکانی هەڵچوون دەکەین.

جۆرەکانی هەڵچوون:

مرۆڤ چەند جۆرە هەڵچوونی هەیە؟ لێرەدا هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە وبەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە کتێبە بەنرخەکەی لاهێی دەبەستین لە ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتە.



شێوە ٩: نەخشەی هەڵچوونەکانی واتسن وتێلێجین

دێڤید واتسۆن وئۆوك تێلێجێن بروایان وایە کە هەموو هەڵچوونەکانی مرۆڤ لە تێکەڵ بوونی دوو جۆری سەرەکی هەڵچوون پێك دێن کە بریتین لە هەڵچوونی نێگەتیڤ (ناخۆش) وهەڵچوونی پۆزەتیڤ (خۆش). بۆ ئەو مەبەستە نەخشەیەکیان پێشنیار کرد کە تیایدا جێگای هەڵچوونە گرنگەکانیان دیاریکرد (بڕوانە شێوە ٩)[٨].

ئەو نەخشەیە لە دوو رەهەند پێك دێت: پۆزەتیڤ/نێگەتیڤ وبەرز/نزم، بەشی لای چەپ هەڵچوونی پۆزەتیڤە وبەشی لای ڕاست نێگەتیڤ وبەشی سەرەوە ئاستی هەڵچوونی بەرزە وبەشی خوارەوە ئاستی هەڵچوونی نزمە. بەپێی ئەو نەخشەیە هیچ هەڵچوونێك لە نێوان هەڵچوونی پۆزەتیڤی نزم ونێگەتیڤی نزمدا نییە. ترسان، بە پێی ئەو نەخشەیە بریتیە لە هەڵچوونێکی نێگەتیڤی بەرز بە پێچەوانەی دڵخۆشی. بەڵام هەست کردن بە بەختیاری بریتییە لە هەڵچوونێکی پۆزەتیڤی مامناوەندی وغەمباریش لەلایەکی ترەوە بریتیە لە هەڵچوونێکی نێگەتیڤی کەمێك بەرز. هەروەها دەبینین هەڵچوونی سەرسوڕمان بریتییە لە تێکەڵەی هەڵچوونێکی نێگەتیڤ وپۆزەتیڤی کەمێك بەرز.
ئەوەی ڕاستی بێت ئەو نەخشەی سەرەوە هەندێك هەڵچوونی تێدا نییە بۆ نمونە خۆشەویستی ئەوەش چونکە خۆشەویستی بریتیە لە سۆز یان عاتیفە کە لە چەند هەڵچوونێکی جیاوازی سەر نەخشەکە پێك دێت.

بیردۆزەکانی هەڵچوون:
کۆمەڵە بیردۆزێك پێشنیار کران بۆ لێکدانەوەی چۆنیەتی ڕوودانی هەڵچوون. لێرەدا ئاماژە بۆ سێ لەو بیردۆزانە دەکەین کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. **بیردۆزی جێیمس ـ لانج:** ئەو بیردۆزە لەلایەن ولیەم جێیمس، دەروونزانی ئەمەریکی، وکارل لانج زانای فسیۆلۆجی دانیمارکی دانراوە. بە پێی ئەو بیردۆزە وریاکەرەوەی هەڵچوو بە رێگای تالامۆس دەچێت بۆ پەلئەندامەکان کە کاردانەوەی ترس بەرهەم دەهێنن. پاشان ئەو هەستەی کە لە پەلئەندامەکان دروست بووە

---
[٨] سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٨٧.

دەگوازرێتەوە بۆ تویکڵی مێشك وئینجا هەست کردن بە ترس پەیدا دەبێت. جێیمس دەڵێ: ئێمە هەست بە غەم دەکەین چونکە دەگرین، هەست بە تووڕەیی دەکەین پاش لێدان وهەست بە ترس دەکەین پاش لەرزین.

دیارە ئەو بیردۆزە گەلێك رەخنەی لێگیرا بەڵام كارۆل ئیزارد هەڵسا بە وەڵامدانەوەی ئەو رەخنانە و هەندێك گۆرانی بەسەر ئەو بیردۆزەدا هێنا. بە پێی بۆچوونی ئیزارد، کاردانەوەی روو ئیشارەت بۆ مێشك دەنێرێت بۆ ئەوەی هەڵچوونی دیاریکراو بەرهەم بهێنێت، نەك پەلئەندامەکان وەك پێشتر جێیمس و لانج بۆی چووبوون. ئەوەی راستی بێت ژمارەیەکی زۆر لە تاقیکردنەوەکان پاڵپشتی ئەو بۆچوونەی ئیزارد دەکەن.

٢. **بیردۆزی کانون ـ بارد:** والتەر کانون رەخنەی لە بیردۆزی جێیمس ـ لانج گرت وبیردۆزێکی تری پێشنیار کرد بۆ روونکردنەوەی چۆنیەتی هەڵچوون. پاشان فیلیپ بارد کەمێك گۆرانی بەسەر ئەو بیردۆزەدا هێنا وبیردۆزەکە بەو شێوەیە دیاردەی هەڵچوون لێکدەداتەوە: زانیاری لە وریاکەرەوە هەڵچووەکە یەکەمجار دەچێت بۆ تالامۆس پاشان زانیاریەکە لە هەمان کاتدا دەچێت بۆ تویکڵی مێشك، کە هەڵچوون بەرهەم دەهێنێت، ودەچێت بۆ هایپۆتالامۆس وکۆئەندامی دەماری سەربەخۆ بۆ بەرهەم هێنانی وروژاندی فسیۆلۆجی پێویست کە یارمەتی زیندەوەر دەدات کە بە شێوەیەك لە شێوەکان کاربداتەوە. بە پێی ئەو بۆچوونە هەستکردن بە هەڵچوون وکاردانەوەی لەش لەهەمان کاتدا روودەدەن.

٣. **بیردۆزی مەعریفی:** ئەو بیردۆزە هاوچەرخە زادەی بیربۆچوون وتاقیکردنەوەی کۆمەڵێك لە دەروونزانەکانە وەك مەگدا ئارنۆلد وئەلبێرت ئەلیس وکەسانی تر. ئەو بیردۆزە جەخت دەکات لەسەر تەفسیر کردنی هەڵچوون کە بە دوو هەنگاو تێدەپەرێت: هەنگاوی یەکەم بریتیە لە تەفسیر کردنی وریاکەرەوە وەك لە ژینگە ودەوروبەردا هەیە وهەنگاوی دووەم بریتیە لە تەفسیرکردنی ئەو وریاکەرەوەی کە لە لەش سەرچاوەدەگرێت لە ئەنجامی وروژاندنی کۆئەندامی دەماری سەربەخۆ[٩].

[٩] بروانەی سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە: ٢٨٨-٢٩٣.

ئەوەی ڕاستی بێت لە ناوەندی نۆهەتەکانی سەدەی ڕابردوو زاراوەیەکی نوێ داهێنرا کە پەیوەندیەکی توندی بە هەڵچووندا هەیە ئەویش زاراوەی زیرەکی هەڵچوونیە کە تەرجومەی زاراوەی Emotional Intelligence کە گۆلمان بەکاری هێنا ویەکەم کتێبی دەربارەی نووسی لە ساڵی ١٩٩٥. مەبەست لەو چەمکە بوونی کۆمەڵە خاسیەت وسیفەتێکی کەسایەتییە کە پەیوەندی هەیە بە مەهاراتی کۆمەڵایەتی وسۆزی کە یارمەتی خاوەنەکەی دەدات لە حاڵەتی دەروونی خۆی وهەست ونەستی خەڵکی تر بگات[10].

خۆت تاقی بکەوە!

١. دەتوانیت پێناسەی ئەو زاراوانە بکەیت: پاڵدەر، ڕەمەک، ننەدەر؟
٢. چیت لەبیر ماوە دەربارەی هەرەمی ماسلۆ بۆ پێویستیەکان؟
٣. دەتوانیت باسی ڕۆڵی هایپۆتالامۆس بکەیت لە پاڵدەرە فسیۆلۆجیەکان؟
٤. باسی دوو لە پاڵنەرە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکان بکە.
٥. چۆن پێناسەی هەڵچوون دەکەیت؟
٦. چیت دەربارەی نەخشەکەی واتسۆن وتێلێچین لەیاد ماوە؟
٧. گرنگترین ئەو سێ بیردۆزە چین کە دیاردەی هەڵچوون لێکدەدەنەوە؟ بە بۆچوونی خۆت کامەیان لە ڕاستی نزیکترە؟

---

[10] عبد الستار ابراهيم ورضوى ابراهيم، علم النفس: أسسه ومعالم دراساته، ص١٤٤.

فێربوون

بابەتی فێربوون گرنگترین بابەتە لە دەروونزانی وبە دەگمەن کتێبێکی دەروونزانی گشتی بەشێك بۆ ئەو بابەتە تەرخان نەکات. هۆی ئەوەش ئەوەیە کە فێربوون چەمکێکی فرەوانە وتەنیا مەسەلەی فێربوونی نووسین وخوێندنەوە ناگرێتەوە بەڵکو بوارێکی بەرفرەوان دەگرێتە خۆی لە ژیانی ئادەمیزاددا ودەتوانرێت ئەو بوارانە بکرێن بە چوار بەش:

١. فێربوونی نەریت وکارامەییەکان (العادات والمهارات)
٢. فێربوونی زانیاری وواتاکان (المعلومات والمعاني)
٣. فێربوونی رەفتاری کۆمەڵایەتی
٤. فێربوونی جیاکەرەوەکانی تایبەتی تاکەکەس (المميزات الفردية الخاصة)

لەبەر ئەوەی خاڵی چوارەم بە بەشێك لە خاڵی یەکەم دادەنرێت، ئەوا لێرەدا تەنها باسی سێ خاڵ دەکەین.

یەکەم: فێربوونی نەریت وکارامەییەکان

نەریت، یاخود العادة بە زمانی عەرەبی، بریتییە لە هەر چالاکیەك کە مرۆڤ پێی هەڵدەستێت بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی وبەئاسانی لە ئەنجامی دووبارەکردنەوەی. کارامەیی، واتە المهارة بە زمانی عەرەبی، بریتییە لە چەند نەریتێکی جوڵەیی کە ئامانجێکی کۆمەڵایەتی هەیە. ئەوەی راستی بێت پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان نەریت وکارامەیی هەیە بۆ نمونە نووسین بە دەستی راست هەم نەریتە وهەم کارامەشە بەڵام پێکەنین یان قسە کردن بە دەنگێکی بەرز نەریتە وکارامەیی نییە. کەواتە ئەو بوارە چەندەها لایەنی چالاکی مرۆڤ دەگرێتەوە وەك فێربوونی رۆیشتن وراکردن وبازدان وچالاکییە جەستەییەکانی تر هەروەها چەند چالاکیەکی تریش دەگرێتەوە وەك قسە کردن و نووسین ومۆسیقا لێدان وئەو چالاکیانەی تر کە ماسولکەی ووردی لەشی تیادا بەکاردێت.

دووەم: فێربوونی زانیاری وواتاکان

مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ دەوروبەری سروشتی وکۆمەڵایەتی بگونجێت پێویستە زانیاری هەبێت دەربارەی ئەو دەوروبەرە بۆ نمونە پێویستە ناوی خەڵك

وئاژەڵ وشت وشوێن بزانێت ومانای ووشەکانیش فێرببێت چونکە هەروەك دەزانین زمان بریتییە لە گرنگترین ڕێگا بۆ خۆگونجاندن وڕێك کەوتن لەگەڵ خەڵکدا. کەواتە ئەو بوارە هەموو ئەو زانیارانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ دەربارەی دەوروبەرەکەی وەریدەگرێت ویارمەتی دەدات بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵیدا بگونجێنێت بە شێوەیەکی چاك وبەسوود.

سێیەم: فێربوونی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی

دیارە مرۆڤ ناتوانێت بە تەنیا ژیان بەسەر ببات بەڵکو لە ناو کۆمەڵە کەسێك دەژێت وکاریان تێدەکات وکاری تێدەکەن ولە ئەنجامی ئەو کارلێککردنە مرۆڤ فێری چەندەها ڕێگا دەبێت بۆ چۆنیەتی دەربڕینی هەست وسۆز ومەیل وهەڵویست وهەڵسان بە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی خۆی.

ئەوەی ڕاستی بێت هەرچەندە ئێمە بە جیا باسی ئەو سێ جۆرە فێربوونەمان کرد، بەڵام پەیوەندیەکی بەهێز بەیەکتریان دەبەستێتەوە بۆ نمونە قسە کردن هەم کارامەییە وهەم فێربوونی واتای وشەیە وهەم بریتییە لە ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی لە هەمان کاتدا. لێرەدا گرنگی وفرەوانی بابەتی فێربوونمان بۆ دەردەکەوێت تا ڕادەیەك کە هەندێك لە دەروونزانان بڕوایان وایە کە هەموو ڕەفتاری مرۆڤ، کە بابەتی دەروونزانییە، ئەنجامی فێربوونە هەتاکو ئەو شتانەی لێیان دەترسین لە ئەنجامی فێربوونە وهەروەها ئەو حەز کردن یان ڕق لێبوونەوە لە شتێك یان کەسێك هەمووی لە ئەنجامی فێربوونە. کەواتە فێربوون چییە؟

دەروونزانەکان کۆمەڵێك پێناسەیان بۆ فێربوون پێشنیار کردووە وجیاوازیش لە نێوان ئەو پێناسانەدا هەیە. هۆی ئەو جیاوازیانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە فێربوون گۆڕاوێکی گریمانییە (متغير فرضـــي) واتە بەرجەستە نییە بەڵام هەموو دەروونزانەکان دان بە بوونی دێنن لەکاتی لێکدانەوەی ئەو گۆڕانانەی لە ڕەفتاری مرۆڤ تێبینی دەکرێن. کەواتە فێربوون کردارێکی ناوەکییە وە یان گۆڕانێکی تارادەیەك جێگیرە، لە ڕەفتار یان شارەزاییدا، لە ئەنجامی چالاکی تاکە کەس خۆی، نەك لە ئەنجامی گەشەی سروشتی یان باری کاتی. بینجامین لاهێی

پێناسەیەکی نزیك لەوە باس دەکات کە دەڵێت:[1] فێربوون هەر گۆڕانێکی تاڕادەیەك جێگیرە لە ڕەفتار ڕوودەدات لە ئەنجامی شارەزاییدا واتە کارلێککردن لەگەڵ ژینگەدا. لامێی زیاتر ڕۆشنایی دەخاتە سەر پێناسەکەی وئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەموو گۆڕانێك لە ڕەفتاردا لە ئەنجامی فێربوون نییە بەڵکو ئەو گۆڕانە دەبێت تا ڕادەیەك جێگیر بێت، واتە کاتیی نەبێت. وە هەروەها ئەو گۆڕانە پێویستە لە ئەنجامی خیبرە بێت نەك بە هۆی فاکتەری بایۆلۆجی وەك دەرمان، یان ماندووبوون، یان پێگەیشتن ویان بریندار بوون. هەروەها مەرج نییە ئەو گۆڕانەی کە لە ڕەفتار ڕوودەدات یەکسەر بتوانین تێبینی بکەین ومەرجیش نییە فێربوون بە ئەنقەست بێت ولامێی نمونەیەك دەهێنێتەوە ودەڵێت: ئەگەر تۆ ساندویشێکی ماسی بخۆیت ولە دوایدا بڕشێیتەوە، ئەوا بەبێ ئەنقەست تۆ فێر دەبیت هەر کە ساندەویشێکی ماسیت بینی هەست دەکەیت لەوانەیە بڕشێیتەوە.

هۆکارەکانی فێربوون

بۆ ئەوەی فێربوون ڕووبدات پێویستە کۆمەڵێك هۆکار یان مەرج یان بنەما هەبن، واتە ئەو پرۆسەیە لە خۆیەوە ڕوونادات. بەڵام نووسەران کۆك نین لەسەر ژمارەی ئەو هۆکار ومەرج وبنەمایانە، هەندێکیان ئاماژە بۆ سێ هۆکار دەکەن وەك مەرجی فێربوون[2] وهەندێکی تر باسی هەشت بنەما دەکەن بۆ فێربوون[3]. لێرەدا ئێمە باسی ئەو هۆکارانە دەکەین کە هەموو دەروونزانەکان لەسەری ڕێککەوتوون:

١. پێگەیشتن (النضج): پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان پێگەیشتن وفێربوون بەڵکو هەندێك لە دەروونزانەکان بە یەك چاو تەماشایان دەکەن ویە یەك شت لە قەڵەمیان دەدەن. دەتوانرێت پێناسەی پێگەیشتن بکرێت وەك گۆڕان لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر کە ببێتە هۆی گۆڕانی ڕەفتار. گرنگی پێگەیشتن بۆ هاتنەدی فێربوون زۆر ئاشکرایە بۆ نمونە منداڵ لە تەمەنی دوو مانگیدا ناتوانێت

---

[1] Lahey. B. (٢٠٠٤). *Psychology: An introduction*. ٥th ed. Boston: McGraw-Hill, p: ١٩٨.

[2] أصول علم النفس، د. أحمد عزت راجح.

[3] المرجع في علم النفس، د. سعد جلال، وعلم النفس، د. محمد أبو العلا أحمد ود. محمد خليفة بركات.

فێری ڕۆیشتن ببێت چونکە هێشتا ئەو ئەندامانەی لەشی کە بە کرداری ڕۆیشتن هەڵدەستێت پێنەگەیشتووە ونەگەیشتۆتە ئاستی پێویست بۆ هەڵسان بەو کردارە. بە کورتی فێربوون بەبێ پێگەیشتن ڕوونادات ئەو مەسەلەیەش لە ژیانی ڕۆژانەماندا زۆر ئاشکرایە وپێویست بە نمونەی تر ناکات.

٢. پاڵنەر (الدافع): بێ گومان خوێنەر لە ژیانی ڕۆژانەیدا تێبینی ئەوەی کردووە، چ لەسەر خۆی چ لەسەر خەڵکی دیکە، کە ئەگەر کەسێك ئارەزووی لە کارێك بێت ئەوا بە ئاسانی وبە خێرایی فێری دەبێت وبە پێچەوانەش ئەگەر کەسێك ئارەزووی کارێکی نەبێت بە زەحمەت ودرەنگ فێری دەبێت، ئەوە ئەگەر هەر فێری ببێت. ئەوەی ڕاستی بێت ئارەزوو پاڵنەر لای مرۆڤ دروست دەکات ولە ئەنجامدا پرۆسەی فێربوون ئاسان دەبێت وهەرچەندە پاڵنەرەکە بەهێزتر بێت فێربوون خێراتر ئەنجامدەدرێت. دەروونزانەکان بەبەردەوامی پاڵنەر بەکار دەهێنن لەکاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانیان لەسەر چۆنیەتی فێربوونی ئاژەڵ وبەهێزترین پاڵنەر لای ئاژەڵ، برسیەتییە. ئینجا ئەو دەروونزانانە تێبینیان کرد کە ئەگەر ئاژەڵ برسی نەبێت، واتە پاڵنەرێك نەبێت، ئەوا ئەو ئاژەڵانە هیچ چالاکیەکی وەها ئەنجام نادەن کە لە ئەنجامدا فێری شتێك ببن. بوونی حەز وهەڵوێستیش دەکەوێتە ژێر خانەی پاڵنەرەکان چونکە دەبنە هۆی ئاسان کردنی پرۆسەی فێربوون. سەبارەت بە ڕۆڵی پاڵنەر لە فێربووندا، گیتس بڕوای وایە کە پاڵنەر سێ فرمانی هەیە لە کرداری فێربووندا:

- بەهێزکردنی ڕەفتار
- هەڵبژاردنی وەڵامدانەوەیەك کە پێویستیەك تێر بکات، وەك گەڕان بە دوای خواردن.
- ئاڕاستەکردنی ڕەفتار بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو.

٣. بەهێزکردن[٤] (التعزيز): مەبەست لە بەهێزکردن هەر کردارێکە کە ببێتە هۆی دووبارەبوونەوەی ڕەفتارێك یان وەڵامدانەوەیەك. زۆر لە تاقیکردنەوەکان لە بواری فێربووندا کاریگەری بەهێزکردنیان سەلماند وبیردۆزەکانی هۆڵ وثۆرنـــدایك وسکینەر جەغت لەسەر گرنگی بەهێزکردن دەکەن لە کاتی فێربوون وبەڕای وان فێربوون بەبێ بەهێزکردن ئەستەمە. بۆ نمونە ئەگەر منداڵێك یارمەتی منداڵێکی تری دا وئێمە پاداشتمان کرد، واتە ئەو ڕەفتارەمان بەهێزکرد، ئەوا ئەو منداڵە فێری ڕەفتاری یارمەتی دان دەبێت. بەڵام ئەگەر لەسەر کارەکەی پاداشتمان نەدا، ئەوا ئەگەری زیاتر ئەوەیە کە منداڵەکە لە پاشەڕۆژدا ئەو کردارە دووبارە ناکاتەوە.

٤. ئامادەبوون (الاستعداد): ئامادەبوون بریتییە لە تێکەڵاوێك لە هۆکارەکانی گەشەکردنی ناوەکی وئەنجامی مەشق کردن وشارەزایی. دیارە شتێکی ئاشکرایە کە ئامادەبوون بۆ پیشەیەك فێربوونی ئەو پیشەیە ئاسان دەکات چونکە ئەو ئامادەبوونە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کەسە ئاگاداری خۆی بخاتە سەر ئەو بابەتەی کە دەیەوێت فێری ببێت وهەموو شتێکیش لە بیری خۆی دووردەخاتەوە ئەو کارەش یارمەتی ئەو کەسە دەدات کە گشت وزەی عەقلی خۆی بخاتە کار بۆ فێربوونی ئەو پیشەیە کە خۆی بۆ ئامادە کردووە.

دیارە چەند هۆکارێکی دیکەش هەن کە کار دەکەنە سەر پرۆسەی فێربوون وەك زانینی ئەنجامی کار، یاخود بە زمانی ئینگلیزی پێی دەگوترێت فیدباك Feedback، وئامانج ومەبەست لەو کارەی کە کەسەکە پێی هەڵدەستێت وشارەزایی پێشتر ومەسەلەی مەشق کردن لەسەر کارەکە وچەندەها هۆکاری تریش کە دەبنە هۆی ئەوەی پرۆسەی فێربوون یان ئاسانتر وخێراتر بێت ویان زەحمەتتر ودرەنگتربێت.

بیردۆزەکانی فێربوون

---

[٤] لە قاموسی دەروونناسی، دکتۆر عبد الستار وشەی پتەوکردنی بەکارهێناوە بەڵام وابزانم وشەی بەهێزکردن لە زاراوە ئینگلیزیەکە نزیکترە کە بریتییە لە Reinforcement کە لە ڕەگەوە لە وشەی force هاتووە کە زیاتر بە مانای هێز دێت نەك پتەوی.

لەبەر فرەوانی وجۆراوجۆری بابەتی فێربوون، ژمارەیەك لە بیردۆز پێشنیار کران بۆ وەلامدانـەوەی ئـەو پرسـیارە: چـۆن فێربـوون ڕوودەدات؟ بەشـێوەیەکی گـشتی دەتوانرێت بیردۆزەکانی فێربوون بۆ سێ کۆمەڵە دابەش بکرێن:

١. بیردۆزەکـانی بەیەکـەوەبوونی وریاکـەرەوە ووەلامدانـەوە کـە لـە گـاتری دەروونزان پێشنیاری کردن ولە تاقیگەکانی بەلگەی بۆ کۆکردنەوە.

٢. بیردۆزەکـانی بـەهێزکردنی وریاکـەرەوە ووەلامدانـە وکـە یەکـەم جـار لەلایـەن تۆرەندایك پێشنیار کـران وپاشـان هـۆڵ وسـپێنس ومیلـەر ودولارد گەشـەیان پێیاندا.

٣. بیردۆزەکانی زانیاری وتێبینین کە تۆلمان گەشەی پێدان ولیڤین وهارتمـان لـە بواری فێرکردن جێ بەجێیان کردن.

هەروەها دەتوانرێت بیردۆزەکانی فێربـوون بـە شـێوازێکی تـر پـۆلێن بکـرێن کـە لـە پۆلێن کردنەکەی سەرەوە بچێت بەلام لەوانەیە ئاسانتر وروونتر بێت.

کۆمەڵـەی یەکـەم: پێیـان دەگوترێـت بیردۆزەکـانی پەیوەسـتی کـە بیردۆزەکـانی پاڤلۆڤ وواتسۆن وگاتری وثێیتس دەگرێتەوە. ئەو بیردۆزانە سوورن لەسـەر گرنگـی دان بە پەیوەستی نێوان ڕەفتار ورووداوەکانی دەوروبەر وکرداری فێربوون بـە پێـی بۆچوونی ئەوان بریتییە لە کرداری پەیوەستی، بەلام خاوەن ئـەو بیردۆزانـە لەسـەر سروشتی ئەو پەیوەستییە جیاوازن وهەریەکە بە شێوەیەکی جودا وەسفی دەکات.

کۆمەڵـەی دووەم: پێیـان دەگوترێـت بـیردۆزە وەزیفیـەکان کـە تۆرنـدایك وهـۆڵ وسکینەر ڕابەریەتی دەکەن. ئـەو کۆمەڵـە بـیردۆزە بایـەخ بـە وەزیفـەکانی ڕەفتـار دەدەن وپەیوەستی لێرەدا دەورێکی گرنگی نییە.

کۆمەڵەی سێیەم: بریتین لەو بیردۆزانەی کـە زیـاتر جـەخت لەسـەر گرنگـی کـردارە ناوەکیەکان دەکەن، وەك بیرکردنەوە ونەخـشەدانان وبڕیـاردان وکـرداری تـر، نـەك دەوروبـەر ودەتـوانین بـیردۆزی گیـشتاڵت لای ڤێرتهێمـەر وکۆفکـا وکۆهلـەر وبیردۆزەکانی پیاجێ وتۆلمان وباندۆرا لەژێر ئەو خانەیە دابنێین.

چونکە ئەو کتێبە پێشەکییەکە لە دەروونزانی وتایبەت نییە بە بیردۆزەکانی فێربوون، لێرەدا لەهەر کۆمەڵە بیردۆزێك بە کورتی تەنیا باسی دوو بیردۆز دەکەین. بۆ زیاتر قووڵ بوونەوە لەو بابەتە، خوێنەر دەتوانێت ئەو سەرچاوانە بخوێنێتەوە کە لە کۆتایی ئەو کتێبە باس کراون.

کۆمەڵەی یەکەم: بیردۆزەکانی پەیوەستی

١. بیردۆزی فێربوونی مەرجدار (التعلم الشرطي)

ڕەگ وریشەی ئەو بیردۆزە دەگەڕێتەوە بۆ زانای فسیۆلۆجی ڕوسی ئیڤان پاڤلۆڤ (١٨٤٩–١٩٣٦) کە لە ڕاستییدا پسپۆڕی دەروونزانی نەبوو بەڵام ئەو ئەزموونانەی کە ئەنجامیدا بوونە بناغەی بیردۆزی فێربوونی مەرجدار. ئەزموونەکانی پاڤلۆڤ لەسەر پرۆسەی هەرس کردن بوو لای سەگ ولە ئەنجامیشدا خەڵاتی نۆبلی لەو بوارەدا بەدەست هێنا. پاڤلۆڤ تێبینی کرد کە کاتێك سەگ پارچە گۆشتێك لەبەردەم خۆی دەبینێت لیکی دەڕژێت، ئەو کردارەش، واتە لیك ڕژان، بریتییە لە وەڵامدانەوەیەکی نامەرجی واتە سروشتییە وئاژەڵەکە فێری نەبووە. گۆشتەکەی بەردەمی سەگەکە بریتییە لە ورپاکەرەوەیەکی نامەرجی، واتە ئەو ورپاکەرەوەیە بە سروشتی خۆی دەبێتە هۆی ڕژانی لیك لەلای سەگ. ئەو ئەزموونەی کە پاڤلۆڤ پێی هەڵسا بریتی بوو لە لێدانی زەنگ پێش ئەوەی گۆشتەکە پێشکەش بە سەگەکە بکرێت. دیارە زەنگ خۆی لە خۆیدا ورپاکەرەوەیەکی بێ لایەنە وهیچ پەیوەندی بە لیك ڕژان نییە. بەڵام پاش ئەوەی چەند جارێك زەنگ لێدرا پێش ئەوەی گۆشتەکە بدرێت بە سەگەکە، پاڤلۆڤ تێبینی کرد کە هەرکاتێك سەگەکە گوێی لە زەنگەکە دەبێت، پێش ئەوەی گۆشتەکەش ببینێت، لیکی دەڕژێت. لەو حالەتەدا زەنگەکە دەبێتە ورپاکەرەوەیەکی مەرجدار وڕژانی لیك لە ئەنجامی بیستنی زەنگ دەبێتە وەڵامدانەوەیەکی مەرجدار. دەتوانرێت ئەو ئەزموونە بە سێ هەنگاو کورت بکرێتەوە:

١. گۆشت (ورپاکەرەوەی نامەرجدار) ← لیك ڕژان (وەڵامدانەوەی نامەرجدار)

٢. گۆشت + زەنگ ← لیك ڕژان

٣. زەنگ (وریاکەرەوەی مەرجدار) ← لیك ڕژان (وەلأمدانەوەی مەرجدار)

کەواتە سەگەکە فێر بوو کە بە بیستنی زەنگ لیك بڕژێت، ئـەو وەلأمدانەوەیـە بـە وەلأمدانەوەیـەکی مەرجـداری کلاسـیکی دەژمێردرێـت کـە بریتییـە لـە سـاکارترین وسادەترین جۆری فێربوون. ئەوەی ڕاستی بێت پاڤلۆڤ یەکەم کەس نەبوو کە ئـەو دیاردەیەی دۆزیەوە بەلکو پێش ئەو بختریف ئاماژەی پێ کردبوو.

دەروونزانی ئەمەریکی جۆن واتسن (١٨٧٨–١٩٥٨) لە بیستەکانی سەدەی بیستەم هەولیدا کە بیرۆکەی پاڤلۆڤ لەسەر مرۆڤ جێ بـەجێ بکـات ئـەوەش نمونەیەکـە لـە ئەزموونەکانی واتسن لەو بـوارەدا. واتـسن ئەزموونەکـەی لەسـەر منـداڵێك کـرد کـە ناوی ئەلبێرت بوو. واتسن بۆ یەکەم جار جورجێکی سپی بە ئەلبێرت نیـشان دا بـۆ ئەوەی بزانێت ئایا لێی دەترسێت یان نا. ئەلبێرت لـە جورجەکـە نەترسـا ودەسـتی کرد بە یاریکردن لەگەڵیدا. لەو کاتەدا واتسن وای کرد کە دەنگێکـی بـەرز لـە پـشت ئەلبێرتەوە بێت. ئەو دەنگە بـەرزە بـووە هـۆی ئـەوەی کـە ئـەلبێرت بگریێـت، بـە حوکمی ئەوەی منـداڵ بـە شـێوەیەکی سروشـتی لـە دەنگـی بـەرز دەترسـن. پـاش دووبارە کردنەوەی ئەو ئەزموونـە چـەند جارێـك، واتـە یـاری کـردن لەگـەڵ بینـینی جورج وبیستنی دەنگە بەرزەکە، ئەلبێرت فێربوو کە لە جورج بترسێت ئەگـەر هـیچ دەنگێکی بەرزیش نەبیستێت*.

پاڤلۆڤ لە ئەنجامی ئەزموونەکانی ئەو پرینسیپانەی خوارەوەی دۆزیەوە:

١. بەهێزکردن: واتە وەلأمدانـەوەی مەرجـدار بـەهێز دەبێـت ئەگـەر لـە دوای وریاکەرەوەی مەرجدار وریاکەرەوەی نامەرجدار بێت، واتە پاش زەنگەکە خواردن بێت بۆ سەگەکە.

٢. کوژانــەوە: ئەگــەر بــۆ چــەند جارێــك پــاش وریاکــەرەوەی مەرجــدار وریاکــەرەوەی نامەرجــدار نــەهات، ئــەوا وەلأمدانــەوەی مەرجــدار دەکوژێتەوە ونامێنێت.

* Santrock, J. W. (٢٠٠٥). *Children*. ٨th ed. Boston: McGraw-Hill, p:٤٩.

٣. بەگشت کردن: واتە هەر وریاکەرەوەیەك ئەگەر لە وریاکەرەوەی مەرجدار بچێت ئەوا وەڵامدانەوەی مەرجدار دروست دەکات.
٤. جوداکردنەوە: واتە دەتوانین بگەینە وەڵامدانەوەی مەرجدار بە بەهێز کردنی وریاکەرەوەیەکی دیاریکراو وبەهێز نەکردنی ئەو وریاکەرەوانەی کە پێی دەچن، بۆ نمونە دەتوانین وا لە سەگ بکەین کە تەنها بۆ زەنگی بەرز وەڵام بداتەوە نەك بۆ زەنگی نزم.

١. بیردۆزی پەیکەوەبوون

ئەدوین گاتری (١٨٨٦-١٩٥٩) ئەو بیردۆزەی پێشنیار کردووە کە لە سەر بناغەی پەیوەستی کاتی (واتە زەمەنی) نێوان وریاکەرەوە ووەڵامدانەوە، واتە بەیەکەوەبوونی وریاکەرەوە ووەڵامدانەوە، دامەزراوە. کەواتە هەرکاتێك بەیەکەوەبوون ئەوا فێربوون ڕوودەدات وبە پێچەوانەش هیچ فێربوونێك ڕوونادات.. گاتری بایەخ بە بەهێزکردن نادات وهیچ گرنگیەك بۆ مەشق کردن دانانێت. ئەوەی ڕاستی بێت جیاوازی نێوان فێربوونی مەرجدار وفێربوونی بەیەکەوە لەوەدایە کە لە جۆری یەکەم پەیوەستی نێوان دوو وریاکەرەوە دروست دەبێت کە بریتین لە وریاکەرەوەی نامەرجدار ووریاکەرەوەی مەرجدار، بەڵام لە جۆری دووەم پەیوەستی لە نێوان وریاکەرەوە ووەڵامدانەوە دروست دەبێت.

دەتوانرێت بیردۆزی گاتری لەو خاڵانەی خوارەوە کورت بکرێتەوە:

١. فێربوون پەیوەستییەکی کاتییە لە نێوان وریاکەرەوە ووەڵامدانەوە.
٢. مرۆڤ یان فێردەبێت ویان فێر نابێت.
٣. کوژانەوەی وەڵامدانەوە کردارێکی پەیوەستی نوێیە.
٤. پاداشت، یان بەهێز کردن، پێویست نییە لە کرداری فێربووندا.
٥. پاڵنەر بریتییە لە وریاکەرەوەیەکی ناوەکی بەردەوام.

گاتری وهاوڕاکانی ئەزموون وتاقیکردنەوەیەکی زۆریان لەسەر مرۆڤ وئاژەڵ ئەنجامدا بە مەبەستی پاڵپشتی کردن لە بیردۆزەکەیان. بۆ ئەوەی نمونەیەك بهێنینەوە بۆ جێ بەجێ کردنی بیردۆزەکە با بگەڕێینەوە بۆ ئەزموونەکەی واتسن لەسەر ئەلبێرت. بە پێی بۆچوونی گاتری فێربوونی ترسان لە جورجەکە بە هۆی

ئەوە بوو کە ورياکەرەوەکە، واتە جورجەکە، وەڵامدانەوەيەکی ڕاکێشا کە ترسان بوو، چونکە جورجەکە بەديار کەوت لە کاتی ترسانی منداڵەکە، کەواتە پەيوەستی لە نێوانيان دروست بوو وبەو شێوەيە منداڵەکە فێری ترسان بوو لە جورج نەك لەبەر ئەوەی کە بينينی جورجەکە لەگەڵ دەنگە بەرزەکە هاوکات بوون.

کۆمەڵەی دووەم: بيرۆکە وەزيفيەکان

١. بيرۆکەی فێربوون بە هەوڵ دان وهەڵەکردن

تۆرەندايك (١٨٧٤–١٩٤٩) دامێنەری ئەو بيرۆکەيە لە بواری فێربووندا. کرۆکی ئەو بيرۆکە ئەوەيە کە مرۆڤ يان ئاژەڵ بە هۆی هەوڵ دان وهەڵە کردن فێر دەبێت، بۆ نمونە پشيلەيەکی برسی لەناو کارتۆنێك دادەنێين کە دەرگاکەی دەبێتەوە ئەگەر پشيلەکە پاڵ بنێت بە پارچە دارێك لە ناوەوەی کارتۆنەکە ولەدەرەوەی کارتۆنەکەش خواردن بۆ پشيلەکە دانراوە. پاش چەند هەوڵدانێك، پشيلەکە بە ڕێکەوت پاڵ دەنێت بە پارچە دارەکە ودەرگای کارتۆنەکە دەبێتەوە وپشيلەکە دێتە دەرەوە وخواردنەکەی دەخوات. ئەگەر بۆ جاری دووەم هەمان پشيلە لەناو هەمان کارتۆن دابنێين، دەبينين پاش چەند هەوڵێکی کەمتر لە ژمارەی هەوڵەکانی يەکەم جاردا، پاڵ بە پارچە دارەکە دەنێت ودێتە دەرەوە. ئەگەر ئەم تاقيکردنەوەيە بۆ چەند جارێکی تريش دووبارە بکەينەوە، دەبينين کە پشيلەکە هەرکە خستمانە ناو کارتۆنەکە بە هەوڵ وکاتێکی کەم دێتە دەرەوە. تۆرەندايك ئەو تاقيکردنەوەيە والێکدەداتەوە کە پشيلەکە کەم کەمە واز لە هەوڵە بێ سوود وسەرنەکەوتووەکانی دەهێنێت وتەنها هەوڵە سەرکەوتووەکان دووبارەدەکاتەوە، کە بە سوودن لە کردنەوەی دەرگای کارتۆنەکە. ئەوەش وا دەکات کە بە ماوەيەکی کەمتر پشيلەکە بتوانێت دەرگاکە بکاتەوە. ئەوەی ڕاستی بێت ئێمە لە ژيانی ڕۆژانەماندا بەو ڕێگايە فێری زۆر شت دەبين بۆ نمونە بۆ ئەوەی پەروانەی پانکەی سەر زەوی پاك بکەينەوە، لەوانەيە لە جاری يەکەمدا هەندێك بورغی پانکەکە دەکەينەوە کە هيچ يارمەتيمان نادەن لە کردنەوەی پەروانەکەی،

واتە هەوڵێکی بێ سوودە. بۆیە لە جاری دووەمدا ئەگەر پەروانەی پانکەکەمان پاك کردەوە، خۆمان بەو بورغیانە خەریك ناکەین، واتە هەوڵە سەرنەکەوتووەکان دووبارە ناکەینەوە، وبەو شێوەیە لە کاتێکی کورتر وبە هەوڵێکی کەمتر کارەکە ئەنجام دەدەین.

تۆرەندایك سێ یاسای سەرەکی هەیە دەربارەی فێربوون کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. یاسای پاشماوە (قانون الأثر): واتە مرۆڤ یان ئاژەڵ ئەو وەلامدانەوانە هەڵدەبژێرێت کە دەیگەێنە باری تێربوون، ئەوەش ئەوە دەگەێنێت کە ئەنجامی وەلامدانەوەکەیە کە مانەوە ونەمانی ئەو وەلامدانەوەیە دیاریدەکات. ئەنجامی وەلامدانەوەش یان خۆشە یان ناخۆشە، ئینجا ئەنجامی خۆش پەیوەندی نێوان وریاکەرەوە ووەلامدانەوە بەهێز دەکات ونەنجامی ناخۆشیش ئەو پەیوەندیە لاواز دەکات. بەلام ئەوەی راستی بێت تۆرەندایك بەشی دووەمی ئەو یاسایەی گۆڕی، وگەیشتە ئەوەی کە مەرج نییە ئەنجامی ناخۆش پەیوەندی نێوان وریاکەرەوە ووەلامدانەوە لاواز بکات.

٢. یاسای مەشق کردن (قانون التدريب): مانای ئەو یاسایە ئەوەیە کە پەیوەندی نێوان وریاکەرەوە ووەلامدانەوە بەهۆی مەشق کردن بەهێز دەبێت وئەگەر مەشقی لەسەر نەکرێت لاواز دەبێت بۆ نمونە ئەگەر زیاتر لە جارێك هۆنراوەیەك دووبارە نەکەینەوە، ئەوا پێمان لەبەر ناکرێت وئەگەر وازمان لێهێنا ومەشقمان لەسەری نەکرد ئەوا لە یادمان دەچێتەوە. بەلام جێی ئاماژە پێکردنە کە تۆرەندایك ئەو یاسایەی هەڵوەشاندەوە لە ئەنجامی چەند تاقیکردنەوەیەك کە چەوتی ئەو یاسایەی دەرخست.

٣. یاسای ئامادەبوون (قانون الاستعداد): مەبەست لەو یاسایە ئامادە بوونی مرۆڤ یان ئاژەڵە بۆ فێربوون، ئەگەر مرۆڤ ئامادەیی هەبێت بۆ فێربوون ئەوا بەرەو فێربوون دەچێت وە پێچەوانەی ئەوەش راستە، واتە ئێمە ناتوانین کەسێك فێری شتێك بکەین کە ئەو کەسە ئامادە نەبێت وحەز نەکات فێری ببێت.

٢. بیردۆزی فێربوونی کرداری

داهێنــەری ئــەو بــیردۆزە بــارۆس ســکینەرە کــە بــڕوای وابــوو فێربــوون دوو جــۆرە: فێربــوونی مەرجــدار وفێربــوونی کــرداری. بــەڕای ســکینەر جــۆری دووەمیــان زۆر فــرەوانترە لــە جــۆری یەکــەم. بــۆ ڕوون کردنــەوەی چــەمکی فێربــوونی کــرداری نمونەیەك لە ئەزموونەکانی سکینەر لە خوارەوە باس دەکەین.

سکینەر کارتۆنێکی دروست کرد کە دوگمەیــەکی تێدابوو وبەپاڵدانی ئــەو دوگمەیــە خواردن دەهاتە ناو کارتۆنەکە. سکینەر مشکێکی خستە نــاو کارتۆنەکــە کــە پــاش چەند جوڵانەوەیەك مشکەکە دوگمەکەی پاڵدا وئینجا خــواردن بــۆ مــشکەکە هــات. واتە مشکەکە فێربوو کــە کرداری پاڵدانی دوگمەکــە دەبێتــە هــۆی هــاتنی خــواردن بــــۆی. لێــــرەدا پەیوەســــتیەك لــــە نێــــوان وەڵامدانەوەیــــەکی ڕانەکێــــشراو ووەڵامدانەوەیەکی بەهێزکەر دروست دەبێت. وەڵامدانەوە لای ســکینەر دوو جــۆرە: وەڵامدانــەوەی ڕاکێشراو کــە وریاکەرەوەیــەکی تایبــەت ودیــاریکراو ڕایدەکێــشێت، ووەڵامدانــەوەی ڕانەکێــشراو کــە هــیچ وریاکەرەوەیــەکی دیــارکراو یــان تایبــەت ڕایناکێشێت.

سکینەر گرنگییەکی زۆری بە دیاردەی بەهێزکردن دا. بــەهێزکردن بریتییــە لــە هــەر کردارێك کە وەڵامدانەوەیەك بەهێز بکــات ونەگــەری دووبارەکردنــەوەی زیــاد بکــات. ئــەو بەهێزکەرانــەش یــان ئیجــابین یــان ســەلبین. بــەهێزکردنی ئیجــابی بریتییــە لــە ئەنجامی هەر ڕەفتارێك کە دەبێتە هۆی زیاد کردنی ئەگەری دووبــارە ڕوودانــی ئــەو ڕەفتارە بەڵام بەهێزکردنی سەلبی ئەو کاتە پەیدا دەبێت کاتێك ئەنجامی ڕەفتارێــك بریتی دەبێت لە لابردنی یان دوورکەوتنەوە لە ڕووداوێکی نێگەتیف یان ناخۆش[1].

سکینەر لەگــەڵ فرســتەری هــاوڕێی خــشتەیەکیان بــۆ بــەهێزکردن دانــا کــە گــرنگترین جۆریان ئەمانەی خوارەوەن:

خــشتەی ڕێــژەیی نــەگۆڕ: بــەپێی ئــەو خــشتەیە بەهێزکــەر (بــۆ نمونــە خــواردن) پێشکەش دەکرێت تەنها پاش ژمارەیەکی دیاریکراو لــە وەڵامدانــەوە. نمونــەی ئــەو خشتەیە ئەوەیە کە هەرجارێك بەرگدرووێك شەش کراس دەدورێت (واتە ژمارەیەکی دیاریکراو لە وەڵامدانەوە یان ڕەفتار) پارەی پێ دەدرێت (بەهێزکەر).

---

[1] Lahey. B. (٢٠٠٤). *Psychology: An introduction*. P:٢٠٦, ٢١٢.

خشتەی ڕێژەیی گۆڕاو: لێرەدا بەهێزکەر پێشکەش دەکرێت پاش چەندەها ژمارەی جیاواز لە وەڵامدانەوە. قومارکردن نمونەی بەکارهێنانی ئەو جۆرە خشتەیەیە چونکە لەکاتی قومار کردن بابای قومارکەر نازێت کەی دەباتەوە (بردنەوە بریتییە لە بەهێزکەر) بۆیە بەردەوام دەبێت لە هەوڵدان ویاریکردن. لە نمونەی مشککەی سکینەر، لەوانەیە جارێك پاش ئەوەی مشکەکە سێ جار پاڵ بە دوگمە دەنێت ئینجا خواردنی بۆ دێت بەڵام لە جاری دووەم پاش پێنج پاڵدان بۆی دێت وجاری سێیەم پاش دە پاڵدان وهەروەها.

خشتەی کاتی نەگۆڕ: ئەو خشتەیە لەسەر ژمارەی وەڵامدانەوە دانەمەزراوە بەڵکو لەسەر تێپەڕبوونی کات. لەو جۆرە خشتەیە بەهێزکەر پێشکەش دەکرێت پاش ڕوودانی یەکەمین وەڵامدانەوە لەدوای تێپەڕبوونی کاتێکی دیاریکراوی نەگۆڕ. موچەی مامۆستا بریتییە لە نمونەیەك بۆ ئەو جۆرە خشتەیە چونکە مامۆستا لە کۆتایی هەموو مانگێك (کاتێکی نەگۆڕ) موچەکەی وەردەگرێت (لێرەدا موچە بەهێزکەرە).

خشتەی کاتی گۆڕاو: لەو خشتەیەدا بەهێزکەر پێشکەش دەکرێت پاش یەکەمین وەڵامدانەوە کە لە چەند ماوە وکاتێکی گۆڕاودا ئەنجام دەدرێت. ماسی گرتن نمونەی ئەو جۆرە خشتەیەیە، چونکە بابای ماسیگر نازانێت چ کاتێك ماسیەك پێوەدەبێت لەوانەیە ماسی یەکەم لە ماوەی پێنج خولەك بێت بەڵام ماسی دووەم پاش سێ خولەك وەی سێیەم پاش پەنجا خولەك وهەروەها[٧].

کۆمەڵەی سێیەم: بیردۆزە مەعریفیەکان

١. بیردۆزی تێبینین (الاستبصار یان Insight): ئەو بیردۆزە دەگەڕێتەوە بۆ دەمەزرێنەرانی قوتابخانەی گشتاڵت: ڤێرتهێمەر وکۆفکا وکۆهلەر. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بیردۆزە با تەماشای یەکێك لە تاقیکردنەوەکانی کۆهلەر بکەین کە لەسەر مەیمون ئەنجامیدا.

---

[٧] بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٠٩–٢١٠.

کۆهلەر مەیمونێکی لەناو قەفەس دانا کە چەند سندوقێکی بەتاڵی پەرت وبڵاوی تێدابوو وهەندێك مۆزیشی بە بنمیچی قەفەسەکە هەڵواسیبوو بەڵام مەیمونەکە دەستی نەدەگەیشتێ. دیارە مەیمونی برسی چەند جارێك پازی دا بۆ ئەوەی مۆزەکانی لێبکاتەوە بەڵام دەستی نەدەگەیشتێ. مەیمونەکە کەمێك داما ودوایی یەکسەر یەکێك لە سندوقەکانی هێنا ولەژێر پێی دانا بەڵام هەر نەدەگەیشتە مۆزەکە. ئەو جارەش کەمێکی تر داما وپاشان سندوقێکی تری هێنا ولەسەر سندوقی یەکەمی دانا وبەسەریان کەوت ومۆزەکەی هێنا. ئەگەر جارێکی تر ئەو مەیمونە لە هەمان بار وبزروف خۆی ببینێتەوە، ئەوا بێ یەك ودوو سندوقەکانی لە سەر یەکتر دادەنێت ومۆزەکە لێدەکاتەوە، بەمانایەکی تر، ئەو مەیمونە فێری چۆنیەتی گەیشتنە مۆز بوو یان توانی کێشەیەك چارەسەر بکات (کە گەیشتنە بە مۆز کە لە شوێنێکی هەڵواسرابێت). با بزانین خاوەنی ئەو بیردۆزە چۆنە ئەو دیاردەیە لێکدەدەنەوە؟

بە پێی بۆچوونی گیشتاڵتیەکان، ئەو مەیمونەی کە تاقیکردنەوەکەی لەسەر کرا، یەکەم جار خۆی بەرامبەر گیروگرفتێك یان بوارێك (موقــف یان مجـــال بە زمانی عەرەبی) دۆزیەوە کە توخمەکانی یان بەشەکانی دیارن کە بریتین لە مۆز وسندوق وماوەی نێوان مۆزەکە وزەوی وهتد.. بەڵام ئەو توخمانە رێك نەخرا بوون ولێرەدا مەیمونەکە هەڵستا بە رێکخستنی توخمەکانی بوارەکەی یەکەم جار لە مێشکی خۆی وپاشانیش جێبەجێ کرد. دەتوانین کرداری فێربوون بە پێی بیردۆزی تێبینین لە چەند خاڵێك کورت بکەینەوە وبەو شێوەی خوارەوە:

- ناسینی توخمەکانی بواری زانین وبەکارهێنانی بە شێوەیەکی راستەوخۆ.
- دووبارە رێکخستنی ئەو توخمانە.
- تێبینینی لەناکاو یان بەهەنگاو، واتە پاش چەند هەوڵدانێکی سەرنەکەوتوو، کە لە ئەنجامیدا فێربوون روودەدات.

٢.بیردۆزی فێربوون بە هۆی تێبینی کردن (الملاحظـــة): ئەلبێرت بەندورای دەروونزانی ئەمەریکی یەکەم کەس بوو کە ئەو بیردۆزەی بەشێوەیەکی رێك وپێك پێشکەش کرد. پوختەی ئەو بیردۆزە ئەوەیە کە ئێمە زۆربەی نەریت وهەڵوێست

ڕەفتاری کۆمەڵایەتیمان لە ڕێگای تێبینی کردنی کەسانی تر فێر دەبین. ئەو جۆرە فێربوونە پێویستی بە بوونی کەسانی تر هەیە بۆ ئەوەی لاسایی بکرێنەوە یاخود بکرێنە مۆدیل Model بۆ ئەو کەسەی کە پێویستە زانیاری وەربگرێت دەربارەی ڕەفتاریان وئەو زانیاریە هەڵبگرێت بە شێوەیەکی هێمایی وبتوانێت لە دواڕۆژدا بیانهێنێتەوە یادی خۆی وپیادەیان بکە. هەروەها پێویستە پاڵنەرێك هەبێت بۆ ئەوەی مرۆڤ لاسای مۆدێلەکەی بکاتەوە.

بۆ سەلماندنی ئەو بیردۆزە، باندۆرا چەندەها تاقی کردنەوەی لەسەر ئادەمیزاد وئاژەڵ ئەنجامدا، بۆ نمونە مشکێکی لە ژووری تێبینی کردن دانا کە ئەو مشکە بتوانێت تێبینی مشکێکی تری دراوسێی بکات کە فێری کرداری جوداکردنەوە دەبێت. پاشان مشکی یەکەمیان هێنا وفێری کرداری جوداکردنەوەیان کرد وتێبینیان کرد کە ئەو مشکە بە ماوەیەك وهەوڵێکی کەمتر لە مشکەکەی دراوسێی فێری ئەو کردارە بوو. ئەوەش مانای وایە تێبینی کردن ڕۆڵی هەبووە لە فێربوونی مشکی یەکەم چونکە ئەو مشکە تێبینی مشکی دراوسێ کردبوو وکاتێك خۆی فێری هەمان کردار کرا، مشکی یەکەم هەوڵی دا لاسای مشکەکەی تر بکاتەوە بۆیە بە ئاسانتر فێری کردارەکە بوو. بە کوردیش پەندێك هەیە کە ئاماژە بۆ دیاردەی لاساکردنەوەی ئاژەڵان دەکات کە دەڵێت: ئەگەر کەر لەگەڵ کەر ببەسترێتەوە، ڕەنگیشی هەڵنەگرێت خەڵسەتی هەڵدەگرێت!

بەندۆرا تاقی کردنەوەیەکی بەناوبانگی لەسەر کۆمەڵێك منداڵێك کردکە بۆ دوو کۆمەڵە دابەشی کردن: کۆمەڵەی یەکەم چەند فلیمێکیان پێ نیشان درا کە تیادا منداڵێك بە شێوەیەکی توند وتیژ مامەڵە لەگەڵ بوکێکی پلاستیکی دەکات. کۆمەڵەی دووەم لە منداڵەکان هیچ فلیمێکیان پێ نیشان نەدرا. پاشان هەردوو کۆمەڵە خرانە ژوورێك وچەند بووکەشووشە ویاریەکیان پێدان بۆ ئەوەی یاریان پێ بکەن. منداڵەکانی کۆمەڵەی یەکەم ڕەفتاریان لە کاتی یاریکردن توندوتیژتر بوو لە منداڵەکانی کۆمەڵەی دووەم وبەندۆرا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە منداڵەکانی کۆمەڵەی یەکەم فێری ڕەفتاری توندوتیژ بوون لە ڕێگای تێبینی کردن یان بینینی ڕەفتاری توندوتیژ.

دەتوانین بیردۆزی بەندۆرا لە سێ خاڵێك کورت بکەینەوە:

- مرۆڤ وئاژەڵ زانیاری لە ژینگەی کۆمەڵایەتیان وەردەگرن.
- ئەو زانیارییە بەشێوەیکی هێمایی، واتە رەمزی، هەڵدەگیرێت.
- لە کاتی بوونی پاڵنەر، ئەو زانیاریانە تەرجومە دەکرێن بۆ ڕەفتار.

پاش تەواو بوونی باسی گرنگترین بیردۆزەکانی فێربوون بە پێویستی دەزانم کە دووبارە بە بیری خوێنەر بهێنمەوە کە ئەو بیردۆزانە لێرەدا زۆر بە کورتی باس کراون ولەوانەیە وەك پێویست حەقی خۆیان نەدرابێت، بەلام وابزانم توانراوە ئاماژە بۆ خاڵە سەرەکیەکانی بیردۆزەکان بکرێت وئەوەش وەك پێشەکیەك گونجاو وشیاوە.

خۆت تاقی بکەوە!

١. چۆن فێربوون پێناسە دەکەیت؟ چەند جۆرە فێربوون هەیە؟

٢. ئەو فاکتەرانە چین کە پێویستە هەبن بۆ ئەوەی پرۆسەی فێربوون روویدات؟

٣. چیت دەربارەی تاقیکردنەوەکانی پاڤلۆڤت دێتەوە یاد؟

٤. باسی خشتەی بەهێزکردن لای سکینەر بکە؟ دەتوانیت لە ژیانی رۆژانەت نمونە بۆ هەر جۆرە بەهێزکردنێك بهێنیەوە؟

٥. دەتوانیت باسی بیردۆزی گیشتالت بکەیت لە بواری فێربوون؟ بەراوردی بکە لەگەڵ بیردۆزەکەی بەندۆرا.

زیرەکی

ڕۆژانە گوێ بیستی ئەوە دەبین کە فلان کەس زیرکە یان فلان بنەماڵە منداڵەکانیان زیرەك وبلیمەتن. هەندێك جار پێشکەوتن وسەرکەوتنی کەسێك لە بوارێك لە بوارەکانی ژیان، بۆ نمونە سەرکەوتن لە قوتابخانە، وامان لێدەکات کە ئەو کەسە بە زیرەك حسێب بکەین. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت زیرەکی وەك زاراوەیەکی دەروونزانی تەنها بواری خوێندن ناگرێتەوە بەڵکو گشت بوارەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە وە لەهەمان کاتیشدا مەرج نییە ئەو کەسەی کە لە قوتابخانە دواکەوتوو بێت کەسێکی دەبەنگ بێت، لەوانەیە هەندێك فاکتەری دەرەکی بوونەتە هۆی ئەوەی ئەو کەسە سەرنەکەوێت. ئەو فیتەرەی کە بە ئاسانی هۆی تێکچوونی ماشینەکەت دەزانێت وزووبەزوو چاکی دەکاتەوە ولە بواری خۆی پێشکەوتووە، ئەوا ئەو فیتەرە فیتەرێکی زیرەکە ئەگەر نەخوێندەواریش بێت! کەواتە هەرکەسێك کە بڕوانامەی بەرزی نەبێت مانای ئەوە نییە کە کەسێکی دەبەنگە وزیرەك نییە. هەوڵ دەدەین لەو بەشەدا لە ڕوانگەی دەروونزانییەوە باسی زیرەکی بکەین وبزانین چییە وچۆنە وچۆن دەپیورێت؟ پەیوەندی نێوان زیرەکی وبۆماوە چییە؟ ئایا ڕاستە ڕەگەزێك لە ڕەگەزێکی تر زیرەکترە؟ ئەو پرسیارانە وچەندەها پرسیاری تریش کە لەوانەیە زۆربەمان لەخۆمان کرد بێت ولەگەڵ خەڵکی تر گفتوگۆمان دەربارەیان کردبێت.

وەنەبێ زیرەکی مەسەلەیەکی گرنگ بێت تەنها لە بواری دەروونزانی بەڵکو پسپۆڕانی بواری فەلسەفە وکۆمەڵناسی ورامیاری وئابوری وچەندەها بواری تریش گرنگی بەو مەسەلەیە دەدن وهەر لەمێژەوە ئەو مەسەلەیە سەرنجی فەیلەسوفەکانی ڕاکێشاوە بە تایبەتی چونکە بە ئاسانی دەتوانین تێبینی نێوان مرۆڤەکان بکەین لەسەر بناغە زیرەکیان. یەکێك لەو پرسیارانەی کە فەیلەسوفەکان خۆیان پێیەوە خەریك کرد ئەوە بوو: بۆچی هەندێك خەڵك لە هەندێکی تر زیرەکترن؟ ئینجا فەیلەسوفەکان هەوڵیان دا وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە بۆ نمونە ئەفلاتون، فەیلەسوفی گریك، هۆی جیاوازی زیرەکی خەڵکی گەڕاندەوە بۆ جیاوازی ئەو کانزایەی کە لێی دروست بوون. بەڕای ئەو خەڵك لە سێ جۆر کانزا

دروست بوون: هەندێك خەڵك لە زێڕ دروست بوون کە ئەوانیش فەیلەسوفەکان وپیاوی زیر وزیرەکەکانن، هەندیکی تر لە زیوو دروست بوون کە ئەوانیش بریتین لە سەرکردە سەربازیەکان، وهەندیکی تریش لە کانزای مس دروست بوون کە ئەوانیش خەلکی ئاسایین.

پێناسەی زیرەکی

لەوانەیە رۆشنایی خستنە سەر کورتە مێژوویەکی چەمکی زیرەکی یارمەتیمان بدات لە پێناسەکردنێکی شیاوی ئەو چەمکە.

فەلسەفە یەکەم ڕوانگە بوو کە دیراسەتی ئەو مەسەلەیەی کرد ولەو دیراسەتانەش پشتی بە تێڕامان بەست وگرنگییەکی زۆریان دا بە لایەنی زانین لە زیرەکییدا وباس دەکرێت کە شیشرۆن، فەیلەسوفی رۆمانی، یەکەم کەس بوو، کە ووشەی زیرەکی (Intellegentia) بەکارهێناوە. ئەوەی راستی بێت فرانسس گالتۆن، کە ئامۆزای چارلز داروین بوو، گەشەی بە چەمکی زیرەکی دا لە بواری دەروونزانی ولە کنتیەکانی بە کاری هێنا لە سەدەی نۆزدە[1].

دووەم ڕوانگە، لە ڕووی مێژووییەوە، ڕوانگەی بایۆلۆجی بوو کە تەماشای زیرەکی کرد وەك وەزیفەی خۆگونجاندنی گیانەوەر لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا. بیردۆزی گەشەکردنی داروین بناغەی ئەو ڕوانگەیەی دانا ویەناوبانگترین زانا لەو بوارەدا "هێربەرت سپێنسەر" بوو. هەروەها پاش ئەو تایبەتمەندیانە "تخـصص" ی لە بواری بایۆلۆجیا سەریان هەڵدا، فسیۆلۆجیا، کە بریتیە لە زانستی فرمانی ئەندامەکان، زیاتر بایەخی بە مەسەلەی زیرەکی دا وگرنگی بە ڕۆڵی کۆئەندامی دەمار وپەیوەندی لەگەڵ توانا عەقلییەکان دا. بەناوبانگترین زانا لەو بوارە "لاشلی" و "هیب"ن.

لە ڕوانگەی کۆمەلایەتیەوە وا تەماشای زیرەکی کرا کە خۆگونجاندنە لەگەڵ کۆمەڵ وبەرهەمی کارتێککردنە (تفاعل) لە نێوان تاك وئەو کۆمەڵەی تێیدا دەژی. ژمارەیەکی زۆر لە دەروونزانەکان ئەو هەڵوێستەیان گرت وەك تۆرەندایك وتۆل.

---

[1] Lahey, *Psychology: An introduction*, p: ٢٩١.

بەڵام لە ڕوانگەی دەروونزانییەوە، پێناسەی زیرەکی دەکرێت بە دوو کۆمەڵە[٢]:

کۆمەڵەی یەکەم بایەخ بە وەزیفەی زیرەکی دەدەن، بۆ نموونە تێرمان پێناسەی زیرەکی دەکات وەك توانای بیرکردنەوەی ڕووت (مجـرد) وکۆلڤین دەڵێت زیرەکی توانای فێربوونە چەند پێناسەیەکی تری لەو شێوەیە.

کۆمەڵەی دووەم بایەخ بە بونیادی (یان ستراکتۆری) زیرەکی دەدەن، واتە لە چی پێك هاتووە؟ بۆ نموونە ثێرستۆن دەڵێت: زیرەکی لە چەند توانایەکی عەقلی سەرەتایی پێك دێت. سپێرمان، لەلایەکی ترەوە دەڵێت: زیرەکی توانایەکی زگماکی گشتییە یان هۆکارێکە کار لە هەموو جۆرە چالاکیە عەقلییەکان دەکات.

بەڵام لەگەڵ ئەو جیاوازیەش، لەلای زۆریەی نووسەران لە بابەتی زیرەکیدا پێناسەی ستودارد بە باشترین پێناسە دەژمێردرێت چونکە لە هەموو پێناسەکانی تر گشتی ترە[٣]. ستودارد وا پێناسەی زیرەکی دەکات کە چالاکیەکی عەقلی گشتییە کە بە چەند سیفەتێك جودا دەکرێتەوە: گرانی وئاڵۆزی وڕووت کردنەوە (تجريـد) وکۆمەڵایەتی وخۆگونجاندنی بەستراو وبەهای کۆمەڵایەتی وداهێنان وکۆکردنەوەی وزە وبەربەرەکانی ئینفیعال. بەڵام بۆ ئەوەی پێناسەیەکی دیاریکراو هەبێت بۆ چەمکی زیرەکی وبەتایبەتی لە لێکۆڵینەوە سایکۆلۆجیەکان، دەروونزانەکان پێناسەی کرداری (اجرائي) یان بۆ زیرەکی داهێنا. لەم ڕوانگەیەوە زیرەکی بریتییە لەو شتەی کە تاقیکردنەوەکانی زیرەکی هەڵدەستێت بە پیوانی. ئەوەی ڕاستی بێت لە زۆریەی توێژینەوە سایکۆلۆجیەکان، پێناسەی کرداری چەمکەکان بە شتێکی گرنگ وپێویست دادەنرێت لەپاڵ پێناسە تیۆریەکان.

سیفەتەکانی مرۆڤی زیرەك

---

[٢] دابەشکردنی تریش هەن بەڵام ئەوەیان ئاسانتر وڕوونترە.

[٣] هەندێك لە نووسەران لەو بڕوایەدان کە ئەو هەوڵانەی بۆ پێناسەکردنی زیرەکی دراون سەرکەوتوو نەبوون.

پاش پێناسەكردنی زیرەكی دەتوانین سیفەتە سەرەكیەكانی مرۆڤی زیرەك دەست نیشان بكەین كە ئەمانەی خوارەوەن:

١. هۆشیاری وئاگاداری وزوو تێگەیشتن.
٢. بە ئاسانی وبە خێرایی شت فێر دەبێت ولەخەڵكی تر بە تواناترە لە بەكارهێنانی ئەو شتانەی كە فێری بووە لە ژیانی رۆژانەیدا.
٣. لە خەڵكی تر بە تواناترە لە زانینی پەیوەندیەكان لە نێوان شتەكان وژمارەكان هتد.
٤. توانای داهێنانی هەیە.
٥. دووربینە.
٦. سەركەوتووە لەو بوارەی كاری تێدا دەكات، چ خوێندن بێت چ پیشەی تر..

بیردۆزەكانی زیرەكی

بۆ تێگەیشتن لە سروشتی زیرەكی، كۆمەڵێك بیردۆز پێشنیار كران ولەگەڵ ئەوەی كە ئەو بیردۆزانە لەیەكتر جیاوازن بەڵام زیاتر بە تەواوكەری یەكتر دادەنرێن نەوەك دژ بەیەكتر. هەروەها پەیدا بوونی ئەو بیردۆزە جیاوازانە دەگەڕێتەوە بۆ كۆمەڵێك هۆكار وەك پێشكەوتنی زانستی ئامار لە بواری دەروونزانی. لەو بەشەدا بە كورتی ئاماژە بۆ گرنگترین بیردۆزەكانی زیرەكی دەكەین.

١. بیردۆزی دوو هۆكار:

دەروونزانی ئینگلیزی بەناوبانگ چارلز سپیرمان (١٨٦٣–١٩٤٥) یەكەم كەس بوو كە ئەو بیردۆزەی پێشنیار كرد پاش ئەوەی چەند تاقیكردنەوەیەكی ئەنجامدا وتیایدا ئاماری بەكارهێنا لە مامەڵە كردن لەگەڵ ئەنجامی تاقیكردنەوەكانی وهەروەها سپیرمان شیكردنەوەی هۆكارەكان (التحليل العاملي) بەكار هێنا لە ئامارەكانیدا. لە ئەنجامی تاقیكردنەوەكاندا، سپیرمان گەیشتە ئەوەی كە زیرەكی لە دوو هۆكار، یان فاكتەر، پێك دێت. یەكەمیان هۆكارێكی گشتییە وهێمای G بۆ بەكارهێنا كە بریتییە لەو توانایەی كە لەهەموو چالاكیە عەقلیەكان بەشدارە، یان بریتییە لە لایەنی هاوبەشە لە نێوان هەموو چالاكیە عەقلییەكان. سپیرمان بڕوای وابوو كە ئەو هۆكارە زگماكە واتە مرۆڤ فێری نەبووە ویەكەم جار ناوی لێنا توانای

جودا کردنەوە، پاشان ناوی نا نەرمی دەماری ولەدوایدا بە وزەی عەقلی ناوی برد کە بە وزەی کارەبایی دەچێت.

دووەم هۆکار بریتییە لە هۆکارە تایبەتییەکان وسپیرمان هێمای S بۆ بەکارهێنا[4]. ئەو هۆکارانە هەروەك لە ناویاندا دیارە، تایبەتن بە لایەنێکی چالاکی عەقلی کە جیاوازە لە لایەنەکانی دیکە. سپیرمان ئەو هۆکارانەی بەو ئامرازانە تەشبیە کرد کە بە وزەی کارەباییەوە دەبەسترێن، یان بە وزەی کارەبایی کاردەکەن وەك گلۆپ وپانکە وهتد. ئەو وشێوەی خوارەوە یارمەتیمان دەدات بە ئاسانتر لەو بیردۆزە بگەین:



[4] هێمای G کورتکردنەوەی هۆکاری گشتییە بە زمانی ئینگلیزی واتە: General factor وهێمای S کورتکردنەوەی هۆکارە تایبەتیە بە زمانی ئینگلیزی واتە: Special factor.

G - بریتییە لە هۆكاری گشتی و ...Ga, Gb, Gc بەشداری هۆكاری گشتییە لە هۆكارە تایبەتیەكان.

S - بریتییە لە هۆكاری تایبەتی و ...Sa, Sb, Sc توانای تایبەتین.

ئەوەی ڕاستی بێت بیردۆزی سپیرمان ڕەخنەیەكی زۆری لێگیرا وگرنگترین ڕەخنە هی تێرستۆن بوو كە گوتی بێجگە لە دوو هۆكار هۆكارێكی تریش هەیە كە ناوی نان هۆكارە كۆمەڵەییەكان ولەكۆتاییدا سپیرمان دانای بە بوونی ئەو جۆرە هۆكارەش نا.

٢. بیردۆزی هۆكارە هەمەجۆرەكان

خاوەنی ئەو بیردۆزە (تۆراندایك)ە كە لە هەمان كاتدا خاوەنی بیردۆزی فێربوون بە هۆی هەوڵ وهەڵەشە. بەڕای تۆرەندایك، زیرەكی بریتییە لە ژمارەیەكی زۆر لە تۆخم یان هۆكاری جیاجیا وهەر هۆكارێكیش بریتییە لە تواناییەك لە توانا عەقلییەكان. هەرچەندە ئەو بیردۆزە زیرەكی دابەش دەكات بۆ چەند تواناییەك، بەڵام بڕوای وایە كە هەندێك جۆر لە چالاكی عەقلی هەن كە چەند تۆخمێكی هاوبەشیان لە نێواندا هەیە.

ئەو بیردۆزە بە چەند قۆناغێكدا تێپەڕی هەتا گەیشتە ئەو شێوەی كە ئێستا باسمان كرد. بۆ نمونە لە یەكێك لە قۆناغەكانی زیرەكی بۆ سێ جۆر دابەش كرد: زیرەكی ڕووت (مجـــرد)، زیرەكی كۆمەلایەتی، زیرەكی میكانیكی. بەڵام لە دوا قۆناغدا زیرەكی بە هۆی سێ ڕەهەند وەسف كرد كە بریتین لە بەرزی ورووبەر وهەودا ودەتوانین بەو شێوەی خوارەوە ڕوونی بكەینەوە:



١. مەودا: ناوەندی ئەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێت پێی هەڵبستێت لە تەمەنێکی کاتی وعەقلی دیاریکراودا.
٢. رووبەر: سەرجەمی ئەو ئیشانەیە کە مرۆڤ دەیکات لە پلەیەکی قورسی دیاریکراو لە تاقیکردنەوەی زیرەکیدا.
٣. بەرزی: قورسی ئەو ئیشانەیە کە مرۆڤ دەتوانێت بیانکات لە تاقیکردنەوەی زیرەکیدا.

٣. بیردۆزی هۆکارە سەرەتاییەکان

لویس تێرستون ئەو بیردۆزەی پێشنیار کرد کە دەکەوێتە نێوان ئەو دوو بیردۆزە کە باسمان کردن، واتە بیردۆزی دوو هۆکار وبیردۆزی هۆکارە هەمەجۆرەکان، چونکە ئەو بیردۆزە وا تەماشای زیرەکی ناکات وەك بەرهەمی ژمارەیەکی زۆر لە هۆکارەکان یان بەرهەمی هۆکارێکی گشتی بەشدار لە هەموو چالاکیە عەقلیەکان، بەڵکو زیرەکی لە روانگەی ئەو بیردۆزە بریتییە لە هۆکارێکی سەرەتایی کە بەشدارە لە هەندێك لە کردارە عەقلیەکان ولە هەندێکی تری بەشداری ناکات. ئینجا

ئەو کردارە عەقلییانەی کە بەشداریان تێدا دەکات بە یەکیان دەبەستێت ویەیەکی دەروونی ووەزیفیان دەداتێ کە لەو کردارانە جودایان دەکاتەوە کە ئەو هۆکارە سەرەتاییە بەشداریان ناکات، بۆیە ئەو جۆرە کردارە عەقلیانە هۆکاری تایبەتیان هەیە. تێرستۆن حەوت هۆکاری سەرەتایی دیاریکرد کە بریتین لەوانەی خوارەوە:

- هۆکاری تێگەیشتن: واتە تێگەیشتنی ئەو بیروڕایانەی کە بە قسە گوزارشت دەکرێن.
- هۆکاری جێگازانین: بریتییە لە توانای بیرکردنەوە لە دوو یان سێ ڕەهەند، وهێنانەوەیادی شت لە کاتی پێویست وڕوون کردنەوەی ئەو پەیوەندیانەی کە کۆمەڵێك شت بەیەکەوە دەبەستن.
- هۆکاری استدلال[*]: توانای چارەسەرکردنی گیروگرفتە لۆجیکیەکان ودووربینی ونەخشە کێشان وخۆگونجاندن لەگەڵ بارو زروفە گۆڕاوەکان.
- هۆکاری کارەمەیی نمرەیی: توانای چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی کە پەیوەندیان بە نمرە وژمارە هەیە بە خێرایی ویە ووردی.
- هۆکاری زمان براوی: واتە توانای دەربڕینی بیروڕا بە ئاسانی چ لە شێوەی قسە کردن یان نووسین.
- هۆکاری یادکردنەوە: واتە توانای هێنانەوە یادی ڕووداوی ڕابردوو گوتنەوەی ئەو شتانەی کە پێشتر لەبەرکراون وەك هۆنراوە.
- هۆکاری زووزانین: واتە توانای پەی پێ بردن بە شتی وورد ودۆزینەوەی لایەنی لەیەك چوون وجیاوازی نێوان شتەکان بە خێرایی.

هەرچەندە ئەو هۆکارە لەیەکتر جودان بەڵام وادیارە کە پەیوەندیان لەگەڵ یەکتردا هەیە ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە وادابنێن کە لەوانەیە هۆکارێکی گشتی هەبێت بەڵام تێرستۆن هیچ گرنگیەکی بەو خاڵە نەدا. ئەوەی ڕاستی بێت هەندێك لە

---

[*] استدلال لە فەلسەفەدا مانای وایە کە لە پێشەکی ڕاست هەڵبەتە دەگەینە ئەنجامی ڕاست.

دەروونزەکان وەك گیلفۆرد پێشنیار دەکەن کە مرۆڤ نزیکەی ١٥٠ توانای عەقلی هەیە[٦]!

٤. بیردۆزی فرە زیرەکی:

هاوارد گاردنەر وای بۆ دەچێت کە زیرەکی چەند چەشنێکی هەیە کە هەر چەشنێکیش سەربەخۆیە وبە ئەوی تر نەبەستراوە. گاردنەر ئەو بیردۆزەی پێشنیار کرد پاش ئەوەی تێبینی کرد کە ئەو کەسانەی بەشێك لە مێشکیان تووشی نەخۆشی بووە، هەندێك توانای عەقلیان لە دەست داوە بەلام هەندێك توانای تر هەروەکو خۆی ماوە. بۆیە گاردنەر هەشت جۆرە زیرەکی دەست نیشان کرد کە بریتین لە:

١. زیرەکی زمانەوانی،

٢. زیرەکی لۆجیکی وماتماتیکی،

٣. زیرەکی مۆسیقی،

٤. زیرەکی زانینی جێگا،

٥. زیرەکی جولەیی (وەرزشی)،

٦. زیرەکی کۆمەلایەتی،

٧. زیرەکی خودی (بۆ نمونە لە خۆگەیشتن وخۆ گەیشتن).

٨. زیرەکی سروشتی (واتە تێگەیشتنی شێوە وجۆرەکان لە سروشتدا)[٧].

٥. بیردۆزی سێ لایەنی

ئەوە یەکێکە لە بیردۆزە نوێیەکان کە لەلایەن رۆبەرت شتێرنبێرگ پێشنیار کرا. شتێرنبێرگ زیاتر جەخت لەسەر ئەو لایەنانە دەکات کە چەشنەکانی زیرەکی بەیەکەوە دەبەستێت. بە پێی ئەو بیردۆزە، زیرەکی لە سێ لایەن پێك دێت: لایەنێك مامەڵە لەگەڵ جیهانی ناوەوەی مرۆڤ دەکات، لایەنی دووەم مامەڵە لەگەڵ رابردووی مرۆڤ دەکات، ولایەنی سێیەم مامەڵە لەگەڵ جیهانی دەرەوە دەکات[٨].

---

[٦] Lahey, (٢٠٠٤). *Psychology: An introduction*, p: ٢٩٢.

[٧] Sternberg, R.J. (٢٠٠٣). *Cognitive Psychology*. ٣rd. ed. Australia: Thomson/Wadsworth, p.٥٠٧.

[٨] سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە: ٥٠٨.

بەهەمان شێوە زیرەکی لە سێ توانا پێك دێت کە بریتین لە توانای شیکردنەوە، توانای داهێنان، وتوانای پراکتیکی. بە هۆی توانای شیکردنەوە دەتوانین ئەو کێشانە چارەسەر بکەین کە ئاشنان ئەوەش بە هۆی بەکارهێنانی جۆرە ڕێگایەك کە توخمەکانی کێشە ئاڵۆگۆر دەکات یان پەیوەندی نێوان ئەو توخمانە دەگۆڕێت. توانای داهێنان یارمەتیمان دەدات کە چارەسەری کێشەی نوێ بکەین کە پێویست دەکات بە شێوەیەکی نوێ بڕوانینە کێشەکە وتوخمەکانی. توانای پراکتیکی بریتی لە بەکارهێنانی ئەو شتانەی کە دەیزانین لە چارەسەرکردنی کێشەی ڕۆژانەمان.

ئەوەی ڕاستی بێت بیردۆزی تریش هەن دەربارەی زیرەکی، وەك بیردۆزی هەرمی کاتل وفێرنون وکارول، بەڵام لەبەر ئەوەی مەبەست لەو کتێبە ئەوەیە کە ببێتە پێشەکی، لێرەدا باسیان ناکەین وخوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی تایبەت بۆ زنیاری زیاتر دەربارەی بیردۆزەکانی زیرەکی.

زیرەکی لە نێوان ژینگە وبۆماوە

ئێمە دەزانین کە هەندێك کەس لە هەندێك زیرەکترن ودەروونزانەکان هەوڵیان دا بزانن هۆی ئەو جیاوازیە چییە لە نێوان خەڵك لە پلەی زیرەکیان. هەندێك لە دەروونزانەکان هۆیەکان گەڕاندەوە بۆ بۆماوە (وراثـــة)، واتە ئەگەر دایك وباوك زیرەك بن ئەوا منداڵەکانیشیان زیرەك دەبن وپێچەوانەش ڕاستە. بۆ سەلماندنی ئەو ڕایە، دەروونزانەکان چەندەها تاقیکردنەوەیان ئەنجامدا ویەکێك لەو تاقیکردنەوانە لەسەر ئەو منداڵانە بوو کە لە خانەی بێنەوایان دەژیان. چونکە ئەو منداڵانە لە یەك ژینگە پەروەردە کراون، بۆیە ئەگەر زیرەکی بەرهەمی ژینگە بێت دەبێت ئاستی زیرەکی ئەو منداڵانە وەك یەك بێت، بەڵام ئەو دەروونزانانە تێبینیان کرد کە ئاستی زیرەکی ئەو منداڵانە لەیەکتر جیاوازە، ئینجا گەیشتنە ئەو ڕایەی کە ئەو جیاوازیە ئەنجامی بۆماوەیە نەك ژینگە.

دەروونزانەکانی تاقیکردنەوەی تریان لەسەر خوشك وبرای جمك ئەنجامدا وبەراوردیان کردن لەگەڵ ئەو خوشك وبرایانەی کە جمك نین، وئەو منداڵانەی کە پەیوەندیەکی خزمایەتیان لەگەڵ یەکدا هەیە وئەوانەی کە هیچ پەیوەندیەکیان

لەگەڵ یەك نییە. ئەو جۆرە دیراسەتانە پشتی بە ڕێبازی پەیوەستی بەستووە وئەنجامی لیکۆڵینەوەی ئاماری بەو شێوەی خوارەوە بوو:

خشتە ٢: پلەی پەیوەستی نێوان ئاستی زیرەکی بە پێی پلەی بۆماوە

ژ	گروپەکان	پلەی پەیوەستی
١.	منداڵە جمکە لەیەك چووەکان	٪٩٠ – ٪٩٥
٢.	منداڵە جمکە لەیەك نەچووەکان	٪٦٥ – ٪٨٠
٣.	خوشك وبرا ئاساییەکان	٪٣٥ – ٪٥٠
٤.	ئەو کەسانەی کە پەیوەندی خزمایەتیان هەیە	٪٢٨ – ٪٣٥
٥.	ئەو کەسانەی کە هیچ پەیوەندی خزمایەتیان نییە	سفر

لە خشتە ٢ پەیوەندی زیرەکی نێوان منداڵە جمکە لەیەکچووەکان، واتە ئەوانەی کە لە ئەنجامی کەرت بوونی یەك هێلکەی پیتراو پەیدا بوون، واتە پەیوەندی بۆماوەییان گەلێك بەهێزە، بەهێزترە لە پەیوەستی نێوان منداڵە جمکە لەیەکنەچووەکان، واتە ئەوانەی کە لە ئەنجامی پیترانی دوو هێلکە بە یەك سپێرم پەیدا بوون. هەروەها پەیوەندی نێوان ئەو منداڵە جماکانە بە هێزترە لەو خوشك وبرایانەی کە جمك نین. کەواتە ئەو خشتە بۆمان دەسەلمێنێت کە بۆماوە دەورێکی گرنگی هەیە لە زیرەکی مرۆڤدا.

بەڵام هەندێکی تر لە دەروونزانەکان بروایان وایە کە بۆماوە هیچ دەورێکی نییە لە دیاریکردنی ئاستی زیرەکی مرۆڤ. بۆ نمونە دەروونزانە سلوکیەکان بروایان وایە کە زیرەکی ئەنجام وبەرهەمی کارتێکردنی دەوروبەرە ویەکێك لە بەڵگەکانییان ئەو خشتەیەی رابردووە. چونکە بە پێی بۆچوونی ئەوان ئەگەر زیرەکی بەرهەمی بۆماوە بوایە دەبوایە پەیوەستی نێوان منداڵە جمکەکان ٪١٠٠ بوایە، بەلام هەروەکو لە خشتەکە دیارە پەیوەستیەکە ٪١٠٠ نییە، کەواتە دەوروبەر وژینگە کاری خۆیان دەکەن. بەڵگەی دووەمیان بریتییە لەوەی کە ئەو منداڵە جمکانە لە

یەك ژینگە پەروەردە کراون، بۆیە هۆی بەهێزی پەیوەستی نێوان پلەی زیرەکیان دەگرێتەوە بۆ ژینگەی هاوبەشیان نەوەك بۆماوەیان.

لە نێوان ئەو دوو جەمسەرە، دۆنالد هیبپ بیردۆزێکی پێشنیار کرد کە ئەو دوو جەمسەرە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. بەکورتی، هیبپ زیرەکی کرد بە دوو بەش: زیرەکی أ کە زگماکە وپەیوەندی بە مێشکی منداڵەوە هەیە لە کاتی لە دایك بووندا وجیاوازی نێوان تاکەکەسەکان لەو جۆرە زیرەکییە دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری بۆماوە، زیرەکی ب لە دەوروبەر وەرگیراوە وبەگۆڕانی ژینگە ئەویش دەگۆڕێت، واتە زیاد وکەم دەبێت.

پێوەرەکانی زیرەکی

ئایا دەتوانین زیرەکی مرۆڤ بپیوین؟ چۆن؟

شتێکی بەڵگەنەویستە کە ئێمە ناتوانین زیرەکی بپیوین وەك چۆن کیلۆیەك تەماتە دەپیوین، چونکە زیرەکی شتێکی ماددی بەرجەستە نییە بەڵکو ئێمە لە ڕێگای رەفتارەوە دان بە بوونی دادەنێین. بۆیە دەروونزانەکان هەندێك تاقیکردنەوەیان داهێنا بۆ پیوانی زیرەکی وئەو تاقیکردنەوانە بریتین لە چەند پرسیارێك کە لەو کەسە دەکرێت کە دەمانەوێ پلەی زیرەکی بپیوین یاخود بریتیین لە چەند کردارێك کە ئەو کەسە پێویستە پێی هەڵبستێت وەیان هەردوو جۆری تێدایە، واتە هەم پرسیارە وهەم کردار، ودەشێت ئەو تاقیکردنەوانە بە شێوەیکی تاکی بێت یان بە کۆمەڵ.

یەکەم پێوەری زیرەکی لەلایەن دەروونزانی فەرەنسی ئەلفرید بینێ (١٨٥٧-١٩١١) دانرا پاشان چەندەها پێوەری تری زیرەکی داهێنران وەك پێوەری وێکسلەر وپێوەری نیگارکێشانی پیاو وهتد.. هەر پێوەرێك بریتییە لە چەند تاقیکردنەوەیەك کە بەپێی تەمەن دابەش کراوە، واتە بۆ هەر تەمەنێك چەند تاقیکردنەوەیەکی دیاریکراو هەیە هەرکەسێك لەو تەمەنە بێت ئەوا ئەگەر ئاستی زیرەکی ئاسایی بێت ئەوا دەتوانێت بە ڕاستی تاقیکردنەوەکە ئەنجام بدات. بۆ نمونە ئەگەر منداڵێك توانی ئەو تاقیکردنەوانە ببڕێت کە بۆ تەمەنی منداڵی دە ساڵی دانراوە، ئەوا دەڵێین ئەو منداڵە تەمەنی عەقلی ١٠ ساڵە. بەڵام ئەو ئەنجامە هیچ سوودێکی نییە

ئەگەر تەمەنی منداڵەکە نەزانین واتە تەمەنی زەمەنی، واتە ئەو کاتەی کە لە دایك بووە. ئینجا بە بەراورد کردنی تەمەنی عەقلی بە تەمەنی زەمەنی دەتوانین ئاستی زیرەکی منداڵەکە دیاری بکەین. ئەگەر ئەو منداڵەی نمونەی سەرەوە تەمەنی دە ساڵ بێت ئەوا دەزانین کە ئاستی زیرەکی مامناوەندیە بەڵام ئەگەر تەمەنی هەشت ساڵ یان نۆ ساڵ بوو، ئەوا دەتوانین بڵێین کە ئاستی زیرەکی ئەو منداڵە بەرزترە لە منداڵانی هاوتەمەنی خۆی، واتە منداڵێکی زیرەکە بەڵام ئەگەر منداڵەکە تەمەنی یازدە یان دوازدە ساڵ بوو ئەوا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئاستی زیرەکی ئەو منداڵە نزمە. ڕێژەی زیرەکی بریتییە لە دابەشکردنی تەمەنی عەقلی لەسەر تەمەنی زەمەنی ولەنجامەکەش لە ۱۰۰ دەدەین واتە:

ڕێژەی زیرەکی = تەمەنی عەقلی/تەمەنی زەمەنی X ۱۰۰

بۆ نمونە ئەگەر تەمەنی عەقلی منداڵێك ۱۰ ساڵ بێت وتەمەنی زەمەنیشی ۸ ساڵ بێت، ئەوا ڕێژەی زیرەکی ئەو منداڵە بەو شێوەی خوارەوە دەبێت:

ڕێژەی زیرەکی = ۸/۱۰ X ۱۰۰ = ۱۲۵

ئەوەی ڕاستی بێت دەروونزانەکان ڕێژەی زیرەکیان بۆ چەند پلەیەك دابەش کردووە وبەو شێوەی خوارەوە:

خشتە ۳: دابەش کردنی ڕێژەی زیرەکی

ڕێژەی زیرەکی	پلە
۱٤۰ وزیاتر	بلیمەت
۱۳۹–۱۳۰	زۆر زیرەك
۱۲۹–۱۲۰	زیرەك
۱۱۹–۱۱۰	سەرەوەی مامناوەندی
۱۰۹–۹۰	مامناوەندی
۸۹–۸۰	ژێر مامناوەندی
۷۹–۷۰	گێل
٦۹ وکەمتر	دواکەوتوو

بەپێی ئەو خشتەیەی سەرەوە دەتوانین ئەو منداڵەی کە لە نمونەکە باسمان کرد بە منداڵێکی زیرەك لە قەڵەم بدرێت. بەڵام ئایا ئاستی زیرەکی لە نێوان خەڵکدا چۆن دابەش کراوە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەروونزانەکان چەندەها تاقیکردنەوەیان ئەنجامدا وتا ڕادەیەك گەیشتنە هەمان ئەنجام ئەویش ئەویە کە دابەش بوونی ڕێژەی زیرەکی لەسەر خەڵك بە شێوەیەکی چەماوەیی زەنگوڵییە.

ئەو شێوەی خوارەوە بریتییە لە دابەش بوونی ڕێژەی زیرەکی لەسەر ٣١٨٤ منداڵ:

دابەش بوونی

ڕێژەی زیرەکی منداڵان



بە پێی ئەو شێوەی سەرەوە دەتوانین تێبینی بکەین کە نیوەی منداڵەکان ٥٠٪ مامناوەندین لە ئاستی زیرەکیان و١٤,٥٪ ئاستیان لە خوار مامناوەندیە و ١٤,٥٪ تریش ئاستیان لە سەرەوەی مامناوەندیە. ٧٪ منداڵەکان زیرەکن وهەمان ڕێژەش گێلن و ٣٪ ی منداڵەکان زۆر زیرەکن وهەمان ڕێژەش زۆر دواکەوتوون. کەواتە زۆربەی خەڵك کەوتونەتە ناوەڕاست وئاستی زیرەکیان مامناوەندیە وژمارەیەکی کەم کەوتونەتە ئەم بەرو ئەو بەری چەماوەکە کە بریتین لە کەسانێك یان ئەوتە زۆر زیرەکن ئەگەر بکەونە لای ڕاستی چەماوەکە ویان زۆر دواکەوتوون ئەگەر بکەنە لای چەپی.

ئەوەی ڕاستی بێت هەرچەندە پێوەرەکانی زیرەکی بە وردی دانراون بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بە تەواوی پشتیان پێ ببەستین. ناتوانین بە جێ بەجێ کردنی یەکێك لەو پێوەرانە بگەینە ئەنجامێکی ڕاست وتەواو چونکە ئەو پێوەرانە لە زۆر لایەن کەم وکورتیان هەیە کە ناتوانین لێرەدا بەدرێژی بکەین بەڵام تەنها نمونەیەك دەهێنینەوە ودەڵێین لەوانەیە ڕێژەی زیرەکی کەسێك پاش جێ بەجێ کردنی پێوەری ستانفۆرد بینێ جیاواز بێت لەگەڵ ڕێژەری زیرەکی هەمان کەس پاش جێ بەجێ کردنی پێوەری وێکسلەر. لەوانەیە هۆی جیاوازیەکەش ئەوە بێت کە پێوەری یەکەم هەندێك توانا دەپێوێت وپێوەری دووەمیش هەندێك توانای تر دەپێوێت. بەڵام لەگەڵ ئەو ڕەخنانەش کە لە پێوەرەکانی زیرەکی گیراون، ئەو پێوەرانە هەر پێویستن وگەیشتوونە ئاستێکی باش لە وردی وزانستی بەڵام وەك وردی ڕاستە نییە چونکە هەروەکو گوتمان زیرەکی شتێکی مادی بەرجەستە نییە کە بتوانین بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بیپێوین بەڵکو بە شێوەیەکی لاوەکی دەپیورێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانێت مرۆڤەکان بە پێی ئاستی زیرەکیان پۆلین بکات وسوودێکی زۆری هەیە لە بواری خوێندن وپیشەسازی چەندەها بواری تریش.

پەیوەندی زیرەکی بە چەند فاکتەرێك

دەروونزانەکان هەوڵیان داوە بزانن کە زیرەکی چ پەیوەندیەکی هەیە بە کۆمەڵێك فاکتەر وەك تەمەن ورەگەز وشێتنیك؟ ئینجا ئەگەر پەیوەندییش هەبێت، ئایا ئەو پەیوەندیە ئیجابییە یان سەلبییە؟

١. زیرەکی وتەمەن: دەروونزانەکان لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانیان گەیشتنە ئەوەی کە پەیوەندیەکی ئیجابی بەهێز لە نێوان زیرەکی وتەمەن هەیە لە سەرەتای ژیاندا، واتە هەرچەندە مرۆڤ زیاتر گەشە بکات زیرەکتر دەبێت. بەڵام بە ڕای هەندێك لە دەروونزانەکان ئاستی زیرەکی لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا دەوەستێت وهەندێکی تر دەڵێن لە تەمەنی شازدە ساڵی گەشەکردنی زیرەکی مرۆڤ تەواو دەبێت هەروەك چۆن جەستەی مرۆڤ لە بیست ساڵی لە گەشە کردن دەوەستێت. وێکسلەر لە لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی ئەو مەسەلەیە تێبینی ئەوەی کرد کە زیرەکی گەشە دەکات تا تەمەنی سی ساڵی پاشان دەوەستێت ولە تەمەنی پیریدا،

واتە پاش پەنجا ساڵی، ئاستی زیرەکی نزم دەبێتەوە ولەوانەیە یەکێك لە هۆیەکانی نزم بوونەوەی ئاستی زیرەکی مردنی هەندێك لە نیۆرۆنەکان بێت لە مێشکدا بە هۆی پیر بوون. بەڵام هەندێك دیراساتی تر وا پیشان دەدەن کە زیرەکی تاکو پەنجا ساڵیش گەشە دەکات بەتایبەتی لای مرۆڤی بلیمەت وزیرەکەکان. بە ڕەچاوکردنی ئەنجامە جیاوازەکانی ئەو دیراسەتانەی لەو بوارە ئەنجام دراون دەتوانین بڵێین کە هەندێك تواناکان، وەك کارامەیی دەستی وبەیادهاتنەوە، لەوانەیە لە تەمەنی پەنجا ساڵی وبەرەو سەرەوە کز ولاواز ببن، وهەندێك توانای عەقلی تر وەك بیرکردنەوە یان بەرهەمهێنانی شاکاری ئەدەبی وهونەری پاش تەمەنی پەنجا ساڵی دەست پێدەکات. لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازیەکی زۆر لە نێوان تاکەکەسەکاندا هەیە لەو بوارەدا.

٢. **زیرەکی ورەگەز:** ئایا جیاوازی هەیە لە نێوان کوڕان وکچان لە ئاستی زیرەکیان؟ واتە ئایا ڕەگەزێك لە ڕەگەزێکی تر زیرەکترە؟ ئەوەی ڕاستی بێت دەروونزانەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە هیچ جیاوازیەکی بنەڕەتی لە نێوان کوڕان وکچان نییە لە بواری زیرەکی. بەڵام لەم دواییەدا چەند دیراسەتێك ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە هەرچەندە جیاوازی لە نێوان کوڕان وکچان نییە لە زیرەکی گشتی، جیاوازی هەیە سەبارەت بە هەندێك لەو توانا تایبەتیانەی کە زیرەکی پێك دەهێنن. لە خوارەوە ئاماژە بۆ ئەو توانایانە کراوە کە جیاوازن لە نێوان کوڕان وکچان.

خشتە ٤: ئەو توانایانەی کە کوڕ وکچ تیایدا سەرکەوتوون.

	کوڕان	کچان
١.	تاقیکردنەوەی بیرکاری	تاقیکردنەوەی بەیادهاتنەوە
٢.	تاقیکردنەوەی جێگایی	تاقیکردنەوەی زمانەوانی
٣.	تاقیکردنەوەی لۆجیکی	تاقیکردنەوەی ڕیزکردنی ژمارەکان
٤.	ماوەی کاردانەوە	تاقیکردنەوەی زانینی جۆرەکان
٥.	جوڵەی ماسولکەیی خێرا	بەستنی وشەکان بە خێرایی
٦.	بەهێزی ماسولکە	نیگارکێشانی ئاوێنەیی
٧.	ڕێکخستنی ماسولکەیی	گونجاندن بە خێرایی

٨.	بەكارهێنانی ئامێر بە زیرەكی	زیرەكی لە بەكارهێنانی پەنجەكان
٩.	مێژوو	خوێندنەوە
١٠.	زانست	زمانی ئینگلیزی

كە سەرنجی خشتە ٤ دەدەین دەبینین هەندێك دژیەكی (تناقض) هەیە بۆ نمونە بە پێی خشتەكە، كوڕان زیرەكترن لە بواری مێژوو وئێمە دەزانین كە زیرەكی لە مێژوو پێویستی بە توانایەكی باشی بەیادهاتنەوە هەیە بەڵام خشتەكە واپیشان دەدات كە كچان لە كوڕان بە تواناترن لە بەیادهاتنەوە؟ بەڵام بە شێوەیەكی گشتی بۆ ئاشكرا دەبێت كە كوڕان سەركەوتووترن لە بواری ڕێكخستنی نێوان ماسولكە گەورەكان ولە تاقیكردنەوەی زانست وبیركاری ولۆجیك وكچان سەركەوتووترن لە بواری توانای زمانەوانی، واتە فێربوونی زمان، ورێكخستنی ماسولكە بچوكەكان و لە بواری خوێندنەوە.

٣. زیرەكی وئێتنیك: دیارە پەیوەندی نێوان زیرەكی وئێتنیك بابەتی گفتوگۆیەكی گەرم بوو لە نێوان دەروونزانەكان وفەیلەسوفەكان وكۆمەڵناسەكان وكێشەكە ئەوەبوو كە ئایا ڕاستە كۆمەڵێكی ئێتنیكی لە كۆمەڵێكی تر زیرەكترە؟ ئایا ڕاستی ئێتنی ئاری لە كۆمەڵە ئێتنیەكانی تر زیرەكترە، وەك هێتلەر بانگەشەی بۆ دەكرد؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، دەروونزانەكان چەندەها تاقیكردنەوەیان ئەنجامدا ولەو بوارەدا چەند دەروونزانێك ناویانگیان دەركرد وەك جێنسێن وئایزنك. ئەنجامی ئەو تاقیكردنەوانە ئاماژەی بۆ ئەوە كرد كە جیاوازی هەیە لە نێوان كۆمەڵە ئێتنیەكان لە بواری زیرەكی. بەپێی جێنسێن، جیاوازی هەیە لە نێوان سپی پێست ورەش پێست لە ئەمەریكا وگوتی كە سپی پێست زیرەكترن لەكاتی بەكارهێنانی تاقیكردنەوەكانی زیرەكی. وەهۆی ئەو جیاوازیەی گەڕاندەوە بۆ بۆماوە وتا ڕادەیەكیش ڕۆڵی ژینگەی فەرامۆش كرد. بەڵام تاقیكردنەوەكانی جێنسێن ڕەخنەیەكی زۆری لێگیرا، یەكێك لەو ڕەخنانە ئەوە بوو كە ئەو دەروونزانە گرنگی بە ژینگە نەداوە ورۆڵی زمانی فەرامۆش كردووە. هەروەها هەندێك لە دەروونزانەكان گومانیان لە ئەنجامی ئامارەكانی جێنسێن كرد وهەندێكی تریش ڕەخنەیان لەو تاقیكردنەوانە گرت كە بەكارهێنان، چونكە ئەو

پێوەرەی زیرەکی کە بەکاری هێنا بەرهەمی دیراسەت بوو لەسەر کۆمەڵێك کەسی سپی پێست، واتە ئەو نمونەیەی (عینة) کە بەکاری هێناوە بەڕاستی نوێنەرایەتی کۆمەلگای ئەمەریکی ناکات. گروپێکی تر لە دەروونزانەکان هەرچەندە دان بەو جیاوازیە دادەنێن بەڵام دەیگەڕێننەوە بۆ جیاوازی ژینگە ودەوروبەر نەوەك بۆ بۆماوە.

کاتێك ئاوڕ لە مێژوو دەدەینەوە دەبینین کە هەر کۆمەڵەیەکی ئێتنی شارستانی خۆی دروست کردووە، ولە هەموو کۆمەلگایەك مرۆڤی زانا وبلیمەت هەڵکەوتوون، ئەو جیاوازیەش کە لە نێوان کۆمەڵەکان تێبینی دەکرێت لە بواری زیرەکی لەوانەیە زۆربەی بگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ژینگە ودەوروبەر نەك بۆماوە وجین وکرۆموسۆمی تایبەت بە هەر کۆمەڵێك.

خۆت تاقی بکەوە!

١. پێناسەی زیرەکی بکە وسیفەتەکانی مرۆڤی زیرەك بژمێرە.

٢. باسی گرنگترین بیردۆزەکانی زیرەکی بکە.

٣. چۆن زیرەکی دەپێورێت؟

٤. بەڕای تۆ ئایا زیرەکی زادەی بۆماوەیە یان دەوروبەر یان هەردووکیان؟ بۆچی؟

٥. زیرەکی چ پەیوەندیەکی بەو فاکتەرانە هەیە: تەمەن، ڕەگەز، ئێتنیك؟

سەرچاوەکان

بە زمانی کوردی:

١. **جلال خلف ژالەیی، کەسایەتی سەرکەوتوو.**

٢. **عبد الستار تاهیر شریف، قاموسی دەروونناسی.**

٣. **مسعود محمد، زاراوەسازی پێوانە.**

بە زمانی عەرەبی:

١. أحمد عزت راجح، **أصول علم النفس.**

٢. أندروز، **مناهج البحث في علم النفس**، ترجمة: يوسف مراد (مصر: دار المعارف، ١٩٥٩).

٣. جابر الشكري، **تاريخ العلم اليوناني** (بغداد: مطبعة جامعة بغداد، ١٩٨٤).

٤. جون م. نيل و روبرت م. ليبرت، **التجريب في العلوم السلوكية**، ترجمة: موفق الحمداني وعبد العزيز الشيخ (بغداد: مطبعة جامعة بغداد، ١٩٨٢).

٥. حابس العوالمة وأيمن مزاهرة، **سايكولوجية الطفل: علم نفس النمو** (عمان: الأهلية للنشر والتوزيع، ٢٠٠٣).

٦. حامد عبد السلام زهران، **علم النفس النمو.**

٧. حكمت درو الحلو، زريقي خليفة العكروتي، **مدخل إلى علم النفس** (القاهرة: المكتب المصري، ٢٠٠٤).

٨. سارجنت، **علم النفس الحديث**، ترجمة: منير البعلبكي (بيروت: دار العلم للملايين، ١٩٧٩).

٩. سعد جلال، **المرجع في علم النفس** (مصر: دار المعارف، ط٧، ١٩٧٤).

١٠. صالح شيخ كمر، **الجريمة: الجوانب النفسية والعقلية للجريمة**، (بغداد: دار الشؤون الثقافية، ١٩٨٩).

١١. صالح محمد علي أبو جادو، **علم النفس التربوي** (عمان: دار المسيرة، ط٤، ٢٠٠٥).

١٢. طلعت منصور، أنور الشرقاوي، عادل عزالدين، فاروق أبو عوف، **أسس علم النفس العام**، (بدون تاريخ).

١٣. عبد الستار ابراهيم ورضوى ابراهيم، **علم النفس: أسسه ومعالم دراساته** (القاهرة: الدار العربية للنشر والتوزيع، ط٣، ٢٠٠٣).

١٤. عبد الكريم العثمان، **الدراسات النفسية عند المسلمين والغزالي بوجه خاص** (مكتبة وهبة، ط١، ١٩٦٣).

١٥. عبد المنعم الحفني، **موسوعة مدارس علم النفس**، (مكتبة مدبولي، بدون تاريخ).

١٦. عدنان يوسف العتوم، **علم النفس المعرفي: النظرية والتطبيق** (عمان: دار المسيرة، ٢٠٠٤).

١٧. عزت سيد اسماعيل، **علم النفس الفسيولوجي** (الكويت، ط٢، ١٩٨٢).

١٨. عمر محمد جبرين، **علم النفس الفسيولوجي** (الأردن: الجمعية العلمية الملكية، ط١، ١٩٧٥).

١٩. غازاد وكورسيني، **نظريات التعلم**، الجزء ٢.

٢٠. فاخر عاقل، **مدارس علم النفس** (بيروت: دار العلم للملايين).

٢١. فاخر عاقل، **التعلم ونظرياته**.

٢٢. فاضل الأزربجاوي، **أسس علم النفس التربوي**، جامعة الموصل، ١٩٩١.

٢٣. ليندا ل. دفيدوف، **مدخل علم النفس**، ترجمة: سيد الطواب، محمود عمر، نجيب خزام (نيويورك: دار ماكجروهيل للنشر، ط٤، ١٩٨٣).

٢٤. محمد أبو العلا أحمد و محمد خليفة بركات، **علم النفس** (القاهرة: مكتبة عين الشمس، ١٩٧٨).

٢٥. محمود قاسم، **في النفس والعقل لفلاسفة الإغريق والإسلام** (مكتبة الأنجلو المصرية، ط٢، ١٩٥٤).

٢٦. موريس افيلينج، **علم النفس قديما وحديثا**.

٢٧. نوربير سيلامي، **المعجم الموسوعي في علم النفس**، ترجمة وجيه اسعد، (دمشق: منشورات وزارة الثقافة،٢٠٠١).

٢٨. ول ديورانت، **قصة الفلسفة**، ترجمة: د. فتح الله محمد، (بيروت: مكتبة المعارف، ط ٤، ١٩٨٢).

٢٩. يوسف كرم، **تاريخ الفلسفة اليونانية** (بيروت: دار القلم).

دەربارەی دەروونزانی گشتی

د. ئازاد عەلی

هەندێك لە زانایان دەروونزانی بە زانستی سەدەی بیستەم دادەنێن. هەر چەندە ئەو رایە کەمێك زێدەرەوی تێدایە، بەڵا ئاماژە بۆ گرنگی دەروونزانی دەکات لە ژیانی مرۆڤی هاوچە ولە رۆشنبیری گشتی ونەو بوارانەی کە مرۆڤ، کاریان تێدا دەکات.

ئەو کتێبە لە چەند بابەتێکی سەرەتایی دەروونزانی گشتی پێك دێت و بە پێناسینی دەروونزانی ومێژووی ولقەکانی و قوتابخانەکانی دەست پێ دەکات وپاشان باس لە بابەتی رێگاکانی لێکۆلینەوە دەکات. لە پاشان بابەتی هەست کردن وئاگاداری و زانین یەك لە دوای یەك دێن ولە دوای ئەو بابە پالدەرەکان دێت، ئینجا بابەتی فێربوون وبە بابەتی زیرەك کتێبەکە کۆتایی دێت. ئەو بابەتانەی کە لەو بوارەدا ماون، یارمەتی خودا، لە دەرفەتێکی تردا بڵاودەکرێنەوە. لە پاش کوتایی هەر بابەتێك کۆمەڵە پرسیارێکم دارشتووە بۆ ئەوەی